


دکتۆر شێرزاد زەکەریا:

## کاریزمای مسعود بارزانی ڕیفراندۆمی سەرخست و وەرچەرخانێکی مێژوویی خوڵقاند

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٢٣)- (٤)ی تەمموزی ٢٠٢٢



د.عەبدولحسێن شەعبان:

**پرۆسەی سیاسیی عێراق لە منداڵێکی کەمئەندام دەچێت و لە بنەڕەتدا بە زەلیلی و لاوازی لەدایك بووە**



د. گوڵدەران عەبدولڕەحیم:

**دەبێت حکومەت بەدواداچوون بکات و بزانێت وەزارەتەکان تا چەند بەرنامەکەیان جێبەجێ کردووە**



عەبدوڵڵا شێرکاوەیی:

**سەرۆك بارزانی پێی گوتین: ئایین ئەخلاقە و ئایین و نیشتمان لێك جیا ناکرێنەوە**




# دادگای بەناو فیدراڵیی عێراق بە ئاشکرا بەشداریی گەمە سیاسییەکەی کردووە و سیستمە فیدراڵییەکەی لەناو بردووە




# پڕۆژەی هاوکاریی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)

٢٤

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨دا وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ مام جەلال و وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق بەسەرۆکایەتیی هەڤاڵ ئیدریس بارزانی کۆبوونەوە و لە پێویستیی دارشتنی شێوەی کار و ڕێوشوێنی قووڵکردنەوە و پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان کۆڵینەوە و ڕوو لە مەبدەئی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و داودەزگاکانی شۆڕش پێک هاتن لەسەر:

لایەنی سیاسی:

١– هیچ لایەک لەم دوو لایەنە دژی یەکتری لەگەڵ لایەنێکی سێهەم داخڵی هیچ جۆرە میحوەرێکی سیاسی، یان ئیتیفاقێکی سیاسی نەبێت.

٢– هەردوولا هەوڵ بدەن گەشە بە خەباتی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان بدەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقیی عێراق و مسۆگەرکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد.

٣– لەهەموو کاروبارێکی شۆڕشی گەلەکەماندا تەنسیقی هاوبەش بکەن، بەتایبەت لە هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە عێراقی و دۆستەکاندا.

٤– کۆبوونەوەی دەورەیی کۆمیتەی بەرزی هاوبەش بەلایەنی کەمەوە ساڵی دوو جار بۆ قووڵکردنەوە و پتەوکردنی پەیوەندیی دووقووڵی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە، یا ئەو مەسەلە گرنگانەی لە ڕەوتی خەباتدا دێنە پێشەوە بگیرێ.

٥– شۆڕکردنەوەی گیانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ هەموو ئاستەکان و حورمەتگرتن لە ڕێکخستن و ئەندام و لایەنگرانی یەکتر.

٦– هەوڵدان بۆ یەکخستنی ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات.

٧– هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزەکانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی فرەوانی عێراق.

لایەنی عەسکەری:

١– ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردوولا بۆ چالاکیی سیاسی، عەسکەری، ڕێکخراوەیی، ڕگەیاندنیان ئازادە، دەبێ هەردوولا یارمەتیی یەکتر بدەن تا ڕێکخراو و هێزەکانیان لەو ناوچانەدا بتوانن بەچاکی دەوری خۆیان بنوێنن، بێ ئەوەی کۆسپ بۆ یەکتر ساز بکەن.

٢– هێزو ڕێکخراوەکانی هەردوولا کە ئەچنە ناوچەی یەکتر، دەبێ ئاگاداری یەکتر بکەن و تەنسیق پێکەوە بکەن.

٣– هەوڵ بدەن چالاکیی هاوبەشی پێشمەرگانە بکەن، تا زەمینەی هاوکاریی هەمەلایەنە و برایەتی بۆ پێشەوە بچێ و کاری ئیجابی لە کۆمەڵانی خەڵک و هێزی پێشمەرگە بکا. بۆ زەمینەخۆشکردن یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە ئایندەدا.


٤– بۆ پێشمەرگەی هەردوولا هەیە خۆیان نەقڵ بکەن بۆ لای ئەوەی تر بەبێ چەک، مەگەر بە بەڵگە، چەکەکە هی خۆی بێ. بە مەرجێ ئەوە ڕەچاو بکرێت کە تاوانی دەرهەق لایەک و دوولایەنە نەکردبێت.

٥– لە مەسەلەی حوکمڕانیی ناوچەکان و گومرکدا تا هەلومەرجێکی لەبارتر، دەبێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتردا، واقیعی ئێستا حورمەت بگرن.

٦– پێکهێنانی دادگای هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵانی خەڵک.

ئیدریس بارزانی　　　　جەلال تاڵەبانی

# چاپكراوی نوێ



چاپی یەکەمی کتێبی (لە خزمەتی ئەدەب و لە پێناوی ڕاستیدا- لە بارەی ژیان و شیعر و خەباتی هێمنەوە)ی پرۆفیسۆر دکتۆر عوسمان دەشتی ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی بە بەرگێکی ناوازە و لە دووتوێی (٣٧٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە لە بارەی ژیان و شیعر و خەباتی هێمنی شاعیرە، کە پێنج نووسەری هەڵکەوتووی کوردستان قسەی خۆیان لەسەر ئەم بوارانە کردووە. کتێبەکە چەندین تەوەر لە خۆ دەگرێت، لەوانە نامە و بەڵگەنامە لە ئەرشیفی گۆڤاری (سروە)وە کە کاتی خۆی ئینتیشاراتی سەڵاحەدین لە شاری ورمێ دەری دەکرد و مامۆستا هێمن سەرنووسەری بوو.

شیعر و پەخشانی هێمن بابەتێکی دیکەیە کە دکتۆر دەشتی شەن و کەوی دەکات، بەوەی زۆربەی شارەزایانی وێژەی کوردی لایان وایە شیعر و پەخشانی هێمن لە یەك ئاستدان. لەم ڕووەوە نووسەر لێکۆڵینەوە و بەرخورد دەکات.

کێشەی دوو شیعری نەناسراوی هێمن بابەتێکی دیکەی کتێبەکەیە. ژوانی ئاغا یان شیعرێکی تووکلێکراوە بابەتێکە نووسەر پێی وایە یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی ئیرۆتیکی کوردی، لەم ڕووەوە نووسەر چەندین زانیاری لەگەڵ دەقی شیعرەکەدا دەخاتە ڕوو.

هێمنی شاعیر و هێمنی مرۆڤ بابەتێکە قسەو باسی زۆری لەسەر کراوە، لێرەدا نووسەر دەچێتە نێو وردەکاریی هەڵخلیسکانی شاعیران بەم لاو ئەو لادایە، بەتایبەتی لە بازاڕی سیاسەت کە پیرۆزی و هێڵی سوور ناگرنە خۆ.

(یادی هێمن) دوایین ناونیشانی کتێبەکەیە کە نووسەر لەم ڕووەوە چەند قسەیەك دەکات پاشان دێتە سەر نەقڵ و نەزیلە و یادگاریی خۆشی مامۆستا هێمن.

یەکێك لەو شتانەی کە کتێبەکەی ڕازاندۆتەوە کۆمەڵێك وێنە و دەستنووسی هێمنی شاعیرە. دەستخۆشی لە پرۆفیسۆر دکتۆر عوسمان دەشتی دەکەین کە بەم کتێبە دانسقەیە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووەو بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




# پاڵپشتیکردنی نرخی خ



ئیبراهیم میرانی :




## پارتی هۆکاری لێکنزیککردنەوەی لایەنەکانە

د. ڕێگر فەرهاد چەمرگەیی



## هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان

د.نەژدەت ئاکرەیی



## پارچەکانی کوردستان و ئاسایش نەتەوەیی

گلێن دیزێن :



## سزاکان ڕووسیا ناچار بە گۆڕینی سیاسەتەکانی ناکەن

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
ئارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

شاهیناز یاری:

## ئەرکێکی قورسمان لە پێش بوو، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتوو بووین




## ـــــۆراک و بەنزین بـــەردەوام دەبێـــت



## پەروەردکاران دەخوازن چاکسازی لە سێکتەری پەروەردەدا بکرێت



## چۆن خۆت لە کۆلێرا دەپارێزیت؟



## لاپتۆپێک دەبێتە تەبلێت



ئامانج غازی

## حەیران لە زەمەنی رەسووڵ گەردیدا



# ئەو ڕۆژەی بەیاننامەی حوزەیرانیان لەبار برد

هەر نووسینێك ئەگەر لایەنی هەستیاری بابەتەکەی بەرجەستە کرد، ئەوا شوێنەوارێك بەجێ دێڵێت، میتۆدی یادکردنەوەکە بەلاوە دەنێت، بێ ئەوەی گوزارشتی لێ بکات.

من لەسەر بەیاننامەی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ نانووسم، کە ٥٦ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت، کە لە ڕووی سیاسی و بە کورتییەکەی بە «بەیاننامەی بەزاز» ناسراوە، واتا بەیاننامەی عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆك وەزیرانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کرد، تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوە لە یادکردنەوەی بەیاننامەکە کە بریتی بوو لە پرۆژەیەکی ئاشتیی ناوخۆ، لایەنی دووەمی ئەو بەیاننامەیەش پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی.

بەڵکو کە دێم بنووسم، باس لەو لایەنانە دەکەم کە کاریگەرییان هەبووە لە بارودۆخی سیاسی و پێکهاتەی فیکریی چینی حوکمڕان و ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ خواستی ئەوەیان هەبوو حوکمڕانیی عێراق بکەن، ئەوە بوو کودەتایەك لەلایەن جومگەیەکی سەربازیی حکوومی دژی حکومەت لەناو خودی دەسەڵات بەرپا بوو، ئەو دەسەڵاتەی کە بەپێی ڕێڕەوێك جوولایەوە کە ناسریە دروشمێکی بەرز کردەوە، چونکە هەر یەك لە کۆچکردووان سەرۆك عەبدولڕەحمان عارف و عەبدولڕەحمان بەزاز و عارف عەبدولڕەزاق سەر بە ڕێبازی کاری سیاسیی عەرەبی بوون کە دوای جەنگی دووەمی جیهان سەری هەڵدا.

عارف عەبدولڕەزاق ڕۆژێك دوای بەیاننامەکەی بەزاز، دەستی بە جووڵە کرد و سەرکردایەتیی دووەم هەوڵی کودەتای کرد، هەر چەندە هەردوو هەوڵ شکستیان هێنا، بەڵام زیانی ئەو هەوڵەی ئەم دواییەی لە واقیعی خاوەن حکومەتەکەی بەیاننامەکەدا پەرییەوە و بە سەر واقیع و ئایندەی خودی بەزازدا شکایەوە، کە دواتر دەستی لەکار کێشایەوە، تەنانەت کێشەی بەلاوەنانی سوپا و دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی سوپرایزەکانی کودەتاکەی، لای دەسەڵات گرنگتر بوو لە بنیاتنانی شەرعییەتی نیشتمانی.

لەوانەیە عارف عەبدولڕەزاق پەلەی کردبێت، بێ ئەوەی دەرکی بەوە کردبێت کە لایەنێکی دیکەی حزبی هەیە کە ئەویش بەعس بوو بە بەرگی مەدەنی و سەربازییەوە لە تەمموزی ١٩٦٨، دەچێتە نێو کۆشکەوە و عەبدولڕەحمان عارف دوور دەخاتەوە، لۆژیکی دەسەڵات و ئەوانەی پەرۆشی بوون لە چوارچێوەی تفەنگ دەرناچێت کە ئێزگە داگیر دەکات، تاکو بەیاننامەی ژمارە یەك بخوێنێتەوە. هەڵسەنگاندنی ئەوێ ڕۆژێی لایەنی حکوومی بۆ ڕاستی و دروستیی مەرام و جددییەتی جووڵەی بەیاننامەکەی بەزاز هەر چۆن بووبێت، ئەوا ئێمە پارێزگاری لە هەڵسەنگاندنی خۆمان دەکەین بە گرنگیی بەیاننامەکە و مانای بوونی کەسێکی وەك عەبدولڕەحمان بەزاز- کە نموونەیەکە کەم لە مێژووی فیکری سیاسیی حوکمڕانی عێراق دووبارە دەبێتەوە- چونکە مەدەنییەتی سیاسەتی بەزاز تەنانەت لەگەڵ ئەو تێبینییانەش کە پشتگیری لە هەردوو جووڵانەوەی مایس و شەوواف دەکرد، بەڵام تێبینیگەلێکن بە ئەرێنی و نەرێنی کەوتنە بەر چاو، بە هۆی هاودژیی فیکریی سەرانی کودەتاکانی عێراق، دیارە مەدەنییەتی بیرکردنەوە، ڕەنگدانەوەی دەستنیشانکردنی زیرەکانەی



## فازڵ میرانی

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

چارەسەری دادپەروەرانەی کێشەی گەلی کورد و دیموکراسییە لە عێراق، چارەسەری تێگەیشتنە لە هەلومەرجی پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی عێراق دوای شۆڕشی بیست، کاتێك زلهێزان مێژوویان ناچارکرد، مل بۆ جوگرافیا کەچ بکات، دوابەدوای دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش شتێکە پێم وایە کە بەزاز لەگەڵیدا ژیاوە و تێیگەیشتووە و، دەرکی بەوە کردووە کە گەلی کوردستان شۆڕش و ڕاپەڕینی نەدەکرد و مێژووە نوێیەکەی لەنێو ئەو دەوڵەتە دامەزراوە، ئەو کارە سەربازی و سەرکوتکارییە ئەمنییەی بەخۆیەوە نەدەدی، ئەگەر ئەو هەڵەی عەقڵییەتی دەسەڵات نەبوایە، کە تەنیا ئەو چارەسەرانە دەزانێت کە دەبنە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی کێشەکان، دوور لە چارەسەری دروست.

بەیاننامەی بەزاز شێوەی کۆترێکی ئاشتی بوو کە لەنێو پۆلێك باڵندەی گۆشتخۆر بەرەڵلا بکرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەر سووربوونی خۆی مایەوە، بە تەواوی خۆی بۆ دیالۆگ ئامادە کردبوو، تاکو ڕۆڵی مێژوویی ببینێت لە چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کێشەی نەتەوەکەی، سووربوونی خۆی سەپاند و تێگەیشتنی بەشێك لە عەقڵیاتی دەسەڵات لە مانای بەردەوامبوونی ململانێ کە ئەمە لەناوچوونیان خێراتر دەکات، بۆیە جووڵەیان کرد، وەك ئەوانەی پێش خۆیان بۆ ئەوەی هەنگاوێك بە ڕێی ڕاستدا هەڵبێنن لە جیاتی دەیان هەنگاو لە ڕێگای چەوت، ئەمەش ڕێککەوتنە ڕەسەنەکەی ئاداری بەدوادا هات.

ڕاستە مێژووی ئێمە تەژییە لە سەدان هەزار قوربانی، مێژووی دەسەڵاتخوازانیش تەژییە لە خوێنی ئێمە و خوێنی دەستی ئەوان، چ بە ناچاری، یان خۆبەخشانە، بەڵام هەردوو مێژوو ئەوە تۆماردەکەن کە ئێمە سازش ناکەین و ناچینە ژێر باری ئەو پڕوپاگەندەیەی کە دژی ئێمە کرا، تەنانەت لە لایەن ئەوانەی لە ئێمەش هەڵگەڕانەوە، ئێمە لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکان مێژوویەکی پێشوەختەی شەرەفمەندانەمان تۆمار کرد بۆ عێراقێکی باشتر، نەك بۆ ئایندە، بەڵکو هەتا پێش ئەوەش بە دەیان ساڵ، ئا لێرەدا جیاوازییەکە دەردەکەوێت لە نێوان سەرکردەی شەرعیی نەتەوەیەك کە بارزانی-یە و لە نێوان سەرکردەی شەرعییەتەکانی دیکە.

ناتوانین بڵێین کە ئەگەر هەر یەك لە سەرکردەکانی قۆناغی دەسەڵات وای بکردایە ئەو شتە ڕووی دەدا، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئەگەر شتێکی وایان بکردایە کە شەرعییەت بەهێز بکات و بیریان بکردایەتەوە لە ماددەی سێیەمی بەشی یەکەمی دەستووری عێراقی ١٩٥٨ و بەیاننامەی حوزەیران و ڕێککەوتننامەی ئادار و دەستووری ٢٠٠٥، ئەوا دەیانتوانی نەوەکانی ئێستا و ئایندە لە دانی باجی دووبارەبوونەوەی مەینەتییەکانی مێژوو دوور بخەنەوە.

عارف وەك سەرۆك نەمایەوە و عەبدولڕەزاق دەسەڵاتی وەرنەگرت و بەزازیش ژیانی خۆی کردە قوربانیی شەپۆلێك کودەتا، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مێژوو تەنیا ئازایەتی نییە، بەڵکو لە ناخی دانایی و لێهاتوویی و مرۆڤایەتییەوەیە.

*** لەڕۆژنامەی (زەمان)ی ژمارەی ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ بڵاو کراوتەوە.**



ئەگەر ڕێککەوتنی ئینتیدابی ٢٥ ساڵەی بەریتانیا بۆ عێراق جێبەجێ بکرایە گۆڕانکاریی گەورە لە نەخشەی ویلایەتی مووسڵ ڕووی دەدا

ڕیفراندۆم گەڕانەوەی مافی زەوتکراو و ئەو ستەمەیە کە لە مێژوودا و تا ئێستاش دەرهەق بە کورد دەکرێت

دکتۆر شیرزاد زەکەریا

شارەزا لە بواری مێژوو و پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە زانکۆی زاخۆ بۆ گوڵان:

# ڕیفراندۆم تاکە ڕێگەیە بۆ کۆتاییهاتن بەو ستەمە مێژووییەی دەرهەق بە کورد دەکرێت

**لە ڕوانگەی مێژووییەوە ڕیفراندۆم مافێکی دەستووری و یاسایی هەموو گەلانی جیهانە بە گەلی کوردستانیشەوە، کێشەی سەرەکیی گەلی کوردستان لەگەڵ کۆی ڕژێم و دەسەڵاتەکانی ناوەند ئەوە بووە، تا ئێستاش هیچ گۆڕانکارییەك لە عەقڵییەتی حوکمڕانیی دەوڵەتی عێراقدا بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلی کوردستان ڕووی نەداوە و، تا ئێستاش نایانەوێت ددان بەوەدا بنێنن کە گەلێکی دیکە لە عێراقدا هەیە، کە ناوی گەلی کوردستانە و، تەنانەت عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پاشان نووسینەوەی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥ کە دەبوو بە حیساب عێراقێکی تازەی « فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی» بێت، بەڵام وەك ئێستا دەبینین بە هەمان عەقڵییەتی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق درێژە بە هەمان سیاسەتی ڕەتکردنەوەی مافەکانی گەلی کوردستان دەدات. بۆ قسەکردن لەسەر لایەنی مێژوویی و یاسایی ڕیفراندۆم و ڕێزگرتن لە دەنگی ٩٢,٣ی «بەڵێ»ی خەڵکی کوردستان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر شێرزاد زەکەریا محەمەد پسپۆر و شارەزا لە مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی زاخۆ سازدا، لێرەدا پوختەی قسەکانی دەخەینەڕوو.**

*** دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر بڕیارە مێژووییەکەی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئایا وەکو کەسێکی ئەکادیمی و پسپۆڕ لە بواری مێژوو، تاچەند ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گرنگ بوو؟**

- بۆ قسەکردن لەسەر ڕیفراندۆم لە ڕوانگەی مێژووییەوە، ئەوا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین،کە بایەخی ڕیفراندۆم لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان ساڵانی١٩١٤-١٩١٨ گرنگیی خۆی هەیە، هاوکات مافێکی مێژوویی میللەتی کورد و کوردستانییەکانە کە لێیان زەوت کراوە و ستەمیان بەرامبەر کراوە. وەکو ئاشکرایە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ساڵانی ١٩١٤- ١٩١٨ کە لە ئەوروپا سەریهەڵدا و دواتر جیهانی گرتەوە، گۆڕانکاریی گەورە لە نەخشەی جیهانی ڕووی دا، گرنگترینی ئەو گۆڕانکارییانەش نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەربەخۆبوونی زۆربەی ئەو میللەتانە بوو کە لە ژێر دەستی ئەو دەوڵەتانەدا بوون، بەداخیشەوە هەندێك میللەت ئەو شانسەیان دەست نەکەوت و ستەمیان لێ کرا. پێشێلی مافێکی گەورەیان کرا و، هەر بە ژێردەستەیی بە سەر دەوڵەتەکانی عەرەب و تورك و فارسدا دابەش کران و مانەوە، ئەمەش سەرەتای ناهەقی و پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کورد بوو، بێ ئەوەی پرس بە خۆیان بکرێت، تەنیا دوو بژاردەیان هەبوو، مانەوە لەگەڵ تورکیا، یان مانەوە لەگەڵ دەوڵەتە هاوسنوورەکانی کە کوردیان تێدایە، ئەوە بوو کوردەکان بە زەبری هێز و کوشتن و بڕین کەوتنە ژێردەستی فارس و تورك و عەرەبەوە، هەرچی ئەم بەشەیە کە هەرێمی کوردستانی پێ دەڵێن، تاوەکو ١٩٢٥/١٢/١٦باشووری کوردستان پارچەیەك نەبوو لە عێراق، بەڵکو جێگای ململانێ بوو لە نێوان تورکیا و بەریتانیا و (عێراق)دا، لەو کاتەدا بڕیار درا (ویلایەتی مووسڵ) باشووری کوردستان ببێتە پارچەیەك لە عێراق، ئەو عێراقەی دواتر لە ئاکامی یەکگرتنی سێ ویلایەتی (بەغدا و مووسڵ و بەسرا) دروست بوو، بەو مەرجەی: ئینتیدابی بەریتانی بۆ ٢٥ ساڵ بمێنێت، هەرچەندە ئەم ماوەیەی نەخایاند و، تەنیا حەوت ساڵ بەردەوام بوو، خۆ ئەگەر ئینتیدابی بەریتانی بۆ ٢٥ ساڵ بەردەوام بوایە، زۆر نەخشە و گۆڕانکاریی نوێ لە ناوچەکە و بە سەر هەرێمی کوردستاندا دروست دەبوو، لە ١٩٣٢ /١٠/٣٠ عێراق سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، بەمەش نەتوانرا ڕێککەوتنەکە هەمووی جێبەجێ بکرێت و، کورد هەموو مافە نەتەوەیی و یاسایی و مێژووییەکانی خۆی وەربگرتایە، بەمشێوەیە لە ساڵی ١٩٢٥ تاکو ئێستا کورد لە ژێر زوڵم و ئەو ستەمە دەربازیان نەبووە و بەردەوام کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی کۆمەڵکوژی و ئازار و مەینەتی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی و داگیرکردنی خاك، کەواتە ئەمە دەیسەلمێنێت ئەو ڕێککەوتنەی بەریتانیا کە بۆ درێژکردنەوەی

**لە ساڵی ١٩٢٥ تاکو ئێستا کوردەکان لە ژێر زوڵم و ئەو ستەمە دەربازیان نەبووە و بەردەوام کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی کۆمەڵکوژی و ئازار و مەینەتی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی و داگیرکردنی خاك**

**کاتێک ڕیفراندۆمی گەلی کورد بە ڕابەرایەتیی سیمبول و سەرکردەی کاریزما مسعود بارزانی جێبەجێ کرا، وەرچەرخانێکی مێژوویی دروست کرد و، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕیفراندۆم شەرعییەتی مێژوویی و یاسایی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە**

**شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و هەموو ڕاپەڕین و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان بۆ ئەو زوڵمە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە دەرهەق بە گەلی کوردستان کرا**

**کورد بۆ نان و ئاو شەڕی نەکردووە، بەڵکو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و سڕینەوەی ئەو زوڵم و ستەمە بووە کە لە مێژوودا بەرامبەری ئەنجام دراوە و، خەباتی بۆ مافی نەتەوایەتی کردووە**

**هەرچەندە ئەم ڕیفراندۆمە زۆر کاریگەری ئاستەم و قورس بوو، تێکەڵ بە بەرژەوەندیی وڵاتانی ئیقلیمی و زلهێزەکانی جیهان بوو، بەڵام سەرکردەی کاریزما لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو نەکەوتە ژێر فشار و هەڕەشەی ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم**

**لەم قۆناغەدا سەرۆک بارزانی ویستی گەلی لە ڕیفراندۆمدا سەرخست و بۆ قۆناغێکی دیکە دەکرێت ڕوو لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بکەین لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا**

ئینتیداب کردبووی، نەهاتبووە جێبەجێکردن، کاتێکیش ڕیفراندۆمی گەلی کورد بە ڕابەرایەتیی سیمبول و سەرکردەی کاریزما مسعود بارزانی جێبەجێ کرا، وەرچەرخانێکی مێژوویی دروست کرد و، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕیفراندۆم شەرعییەتی مێژوویی و یاسایی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە و، شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و هەموو ڕاپەڕین و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان بۆ ئەو زوڵمە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە دەرهەق بە گەلی کوردستان کرا.

*** کەواتە جەخت لەسەر ئەوە دەکەیتەوە کە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بووە؟**

- هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان هەر لە سەردەمی شێخ مەحموود و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و تا گوڵان و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، کورد بۆ نان و ئاو شەڕی نەکردووە، بەڵکو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و سڕینەوەی ئەو زوڵم و ستەمە بووە کە لە مێژوودا بەرامبەری ئەنجام دراوە و، خەباتی بۆ مافی نەتەوایەتی کردووە، چونکە هەرچی مافی نەتەوایەتی و یاسایی و دەستووری و شەرعی هەیە، بە درێژایی حوکمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، هەر یەکەو بە شێوەیەك و بە ڕێژەیەکی جیا پێشێلیان کردووە، دوالووتکە و ئامانجی هەموو ئەو شۆڕشانە گەیشتنە بە دەوڵەتی سەربەخۆ و گەڕانەوەی ئەو مافە زەوتکراوەی گەلی کورد و تێکڕای خەڵکی کوردستان. هەموو ئەو شۆڕشانە کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا ئەنجام دراون، هەرچەندە بە ئاشکرا ڕانەگەیەندراون، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بووە و هەندێك جاریش ناوی حوکمی زاتی و فیدراڵی لێ نراوە، بە ڕێگە و شێوازی جیاجیا و دروشم و خەباتی جیاواز، ئامانجەکە پاراستنی کەرامەت و مافی گەلی کورد بووە لە ئازادی و سەربەخۆیی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، بەڵام لە هەقیقەتدا میللەتێك سەربەخۆ نەبێت، کەرامەت و مافی پارێزراو نابێت، میللەتانی بێدەوڵەت کۆمەڵکوژ دەکرێن و مافە شەرعی و یاساییەکانیان پێشێل دەکرێت، عەبدولموحسین سەعدون سیاسەتمەدار و کەسایەتیی ناسراوی عێراق داوای کردبوو مافی گەلی کورد بدرێت، هەر لەو بارەیەوە وتوویەتی: «لە داواڕۆژدا چۆن ئێمە لە دژی عوسمانی و ئینگلیز ڕاوەستاین، ئەوانیش دژی ئێمە ڕادەوەستنەوە.»

*** سەرۆك مسعود بارزانی پێشتریش لە چەند بۆنەیەکدا بە جیهانی ڕاگەیاندبوو کە دەوڵەتی عێراق لە هەموو پرەنسیپە دەستوورییەکان لای داوە و، بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵدەگرێت و، گەلی کوردستانیش نابێتە پاشکۆ، یان بەشێك لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری، بەمەش ئەگەر میکانیزمێك نەدۆزرێتەوە، ئەوا پرسەکە ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەکاتەوە، هەر واشی کرد و، گەل بڕیاری سەربەخۆیی دا، ئەم هەنگاوەی سەرۆك بارزانی تا چەند بۆ سەرکەوتنی ئیرادەی گەل گرنگ بوو؟**

- کاریزما و سەرکردایەتیی سەرۆك بارزانی لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لەکاتی هێرشکردنە سەر کوردستان و لە ڕیفراندۆمدا، گەلێك کاریگەر بوو، هەرچەندە ئەم ڕیفراندۆمە زۆر کارێکی ئاستەم و قورس بوو، تێکەڵ بە بەرژەوەندیی وڵاتانی ئیقلیمی و زلهێزەکانی جیهان بوو، بەڵام سەرکردەی کاریزما لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو نەکەوتە ژێر فشار و هەڕەشەی ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم، ئەگەر خوانەخواستە ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرایە، ئیرادەی گەلێك تێکدەشکا و بوێریی ئەوەی نەدەبوو تەنانەت داوای مافەکانی خۆیشی بکات، ناوی سەرۆك بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد لە مێژوودا دەنووسرێتەوە و، وەکو چۆن کۆشکی سەرۆکایەتیی لە شەڕی داعش بردە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە، بە هەمان شێوە دەستبەرداری دەسەڵات و نفووز و بەدەستهێنانی دەستکەوتی شەخسی بوو، گەلەکەی بەرەو دەنگدان بۆ سەربەخۆیی نەك ژێردەستەیی برد و ئیرادەی گەلێکی سەرخست، لەم قۆناغەدا سەرۆك بارزانی ویستی گەلی لە ڕیفراندۆمدا سەرخست و بۆ قۆناغێکی دیکە دەکرێت ڕوو لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بکەین لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا.

*** زۆرجار لە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە لێرەولەوێ دەنگۆی ئەوە هەبوو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پرۆسەی ڕیفراندۆم نەیانگرێتەوە، سەرۆك بارزانی بڕیارە مێژووییەکەی خۆی دا و لە سەرانسەری خاکی هەرێمی کوردستان دەنگی (بەڵێ)ی لە ڕیفراندۆم سەرخست، ئەمە تاچەند بۆ کوردستانییەتی ئەم ناوچانە گرنگ بوو؟**

- سازدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بووە بەڵگەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتێکی یاسایی، بەوەی ئەم ناوچانە

کوردستانین و دەبێت بە ڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، لە نێوان هەرێم و ناوەند چارەسەر بکرێت، خۆ ئەگەر لەم ناوچانەشدا ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرایە، هەر سوپای عێراق و میلیشیاتە چەکدارەکانی بە پاڵپشتیی دەرەکی بڕیاری داگیرکردنەوەی ئەم ناوچانەیان دابوو، گرنگ نییە کەی و چۆن ئیرادەی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی جێبەجێ دەکرێت، گرنگ ئەوەیە ڕۆژێك دێت و ئەم خەونە کە لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی بووە واقیع، دێتەدی و کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی، بەڵێنی بلفۆرد کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٧بەڵێنی بە جووەکان دا، لە ساڵی ١٩٤٨ بەڵێنەکە جێبەجێ کرا، ئەمەش واتا لە دوای ٣١ ساڵ جووەکان بوونە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، ئێمەش وەکو کورد لەسەر نەخشەی جیهان ئەگەر خۆڕاگر و خەباتگێڕ و یەکگرتوو بین، ئەوا بە تەئکید هەر دەبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان.

*** ئایا تا چەند یەکگرتوویی و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان گرنگە؟**

- سەرۆك بارزانی وێڕای ناکۆکییە سیاسییەکان و ململانێ و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لەناو کاروباری نێوخۆی عێراق و کوردستاندا، بەڵام لەسەر پرسی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم توانیویەتی یەکدەنگی و یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان دروست بکات، ڕیفراندۆم ئیرادەی گەلێك بوو، کەس نەیدەتوانی بەشداری نەکات، بەڵام لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا کەسانێکی کەم هەن کە لێرەولەوێ بە هۆی ڕق و قین و نەزانین و بە فریودان و هاندانەوە دەکرێن بۆ دژایەتیکردنی پرەنسیپە نیشتمانییەکان، خۆشبەختانە لە بەشداریکردنی ڕیفراندۆمدا سەرۆك بارزانی توانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەلی کورد هەمووان یەك بخات و یەکگرتوو بن.

*** ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گەلانی عێراق بیریان لەوە کردووەتەوە بۆچی گەلی کوردستان پەنای بۆ ڕیفراندۆم برد؟ بە واتایەکی دیکە چی بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاگای لەم ویست و خواستەی گەلی کورد بێت بۆ سەربەخۆیی؟**

- پرسی کورد بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی و چیتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ ئاگا نییە لەم پرسە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام پێویستە کوردیش یەکگرتوو و بەهێز بێت، سەرۆك بارزانی وەکو کاریزما و سەرۆکی کوردان دەبێت هێزێکی گەورەی لەپشت بێت، ئەویش یەکگرتوویی و یەکدەنگییە، ڕاستە ئیرادەی گەلی کورد وای کرد، ئەو هێزانەی شەرمنانە دەیانڕوانییە ڕیفراندۆم، یان لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆی دەرەکیدا بوون، ئەوانیش بەشداری لە ڕیفراندۆم بکەن، بەڵام یەکگرتوویی و یەکدەنگی هێز و دامەزراوەی نیشتمانیی بەهێزی دەوێت، داگیرکەر کار بۆ لەناوبردنی پیرۆزییەکانی نیشتمانی دەکات و دەیەوێت بە دەستی لایەنی سیاسی و کەسانێکی خۆفرۆش پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان سووك بکات، میللەتی کورد سەلماندوویەتی هەزارەها قوربانیی داوە تاوەکو ژێردەست نەبێت، ڕەشکردنی ڕیفراندۆم هەوڵێکە بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد، ڕیفراندۆم مەزنترین کارتە بە دەست گەلی کورد و کوردستانییەکانەوە بۆ پاراستنی کەرامەت و گەیشتن بە سەربەخۆیی. ڕۆژێ دێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتەکان دان بەم ڕیفراندۆمەدا دەنێن و ئەو ڕاستییە مێژووییەیان بۆ دەردەکەوێت کە عێراقی بە زۆر پێکەوە لکێندراو تێك دەچێت و، چیتر کوردێکی مۆدێرنی پێشکەوتووخواز ناتوانێت لەگەڵ دەسەڵاتێکی ناوەندا بژی، کە مافە دەستووری و یاساییەکانی بە ناوی زۆرینەوە پێشێل بکات، گرنگ ئەوەیە کورد ستراتیژیەتی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئاوارە و پەناهەندە بپارێزێت و ڕێز لە ئایین و ئایینزا و نەتەوەکان بگرێت، گەلی کوردیش بۆ گۆڕانکارییە گەورەکان خۆی ئامادە بکات، کە هەموو پێشبینیەکان بۆ ئەوە دەچن، گۆڕانکاریی گەورە لە نەخشە و سیستمی جیهاندا ڕوودەدات و دەوڵەتانی مەزن کار دەکەن بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی جیهان، ئێمەش دەتوانین ڕیفراندۆم وەکو کارتێکی بەهێز بەکار بهێنین. ئەوەی من زۆر نیگەران دەکات ئەو بێسەروبەرییەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کە بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە و ناپرۆفیشناڵانە باسی ڕیفراندۆم دەکەن و مێژوو بەلاڕێدا دەبەن، لەکاتێکدا هەر کەسێك و دەزگایەك دژی ئیرادەی گەلێك بوەستێتەوە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، ئەوا تەنیا ڕووڕەشی بۆ دەمێنێتەوە، چونکە دواجار هەر ئیرادەی گەل سەردەکەوێت و میللەتی کورد کە بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٢٪ بە بەڵێ دەنگ بدات، دەبێت بزانین ئەمە ئیرادەیەکی پۆڵایینە و ویستی گەلە بۆ سەربەخۆیی.

**سازدانی ڕیفراندۆم لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بووە بەڵگەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتێکی یاسایی، بەوەی ئەم ناوچانە کوردستانین**

**ڕیفراندۆم ئیرادەی گەلێك بوو، کەس نەیدەتوانی بەشداری نەکات، بەڵام لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا کەسانێکی کەم هەن کە لێرەولەوێ بە هۆی ڕق و قین و نەزانین و بە فریودان و هاندانەوە دەکرێن بۆ دژایەتیکردنی پرەنسیپە نیشتمانییەکان**

**پرسی کورد بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی و چیتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێئاگا نییە لەم پرسە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام پێویستە کوردیش یەکگرتوو و بەهێز بێت**

**ئەوەی من زۆر نیگەران دەکات ئەو بێسەروبەرییەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کە بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە و ناپرۆفیشناڵانە باسی ڕیفراندۆم دەکەن و مێژوو بەلاڕێدا دەبەن**

# «نەتەوەی دیموکراسی»ی ئاپۆچییەکان دژی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین

دەستەواژەی «نەتەوەی دیموکراسی» شتێکی تازەیە و خەریکە تەنیا لە نووسینەکانی سەرۆکی پەکەکە و میدیا حزبییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە ڕەواجی ئەم دەستەواژەیە زیاتر لە قۆناغەکانی دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان و ئامادەبوونی بۆ تەنازولکردن و لێکگەیشتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا و هاوکاریکردن لەسەر چەسپاندنی ئاشتی بەپێی لێدوانەکانی ئەوکات هاتەکایەوە، هەروەها دوای ئەوەی حزبەکەی دەستبەرداری بیرۆکەی ڕزگاری و یەکبوونی کوردستان بوو، کاتێك کە بەرنامەی حزبەکە گۆڕا و هەموو بڕگەکانی لێ لابرا، هەروەها ئەو دەستەواژانەش لابران کە ئاماژەن بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، هەروەها دوای بەتینکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو ڕژێمانەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە، کە ئەوان بە تەواوی ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە.

جێی تێبینییە دوای ئەوەی پەکەکە دەستبەرداری ئەو بەرنامە کۆنە بوو، کە لەسەری دامەزرابوو، هەروەها تەرجەمەکردنی سیاسەت و پڕۆگرامە تازەکەی بەوەی کە هەنگاو دەنێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پێشکەوتوو، هاوکات هاریکاریی پتەوتر لەگەڵ ڕژێمەکانی ناوچەکە، لە تارانی خومەینی و بەغدای سەدام و دوای سەدامیش لە ڕێی شیعەی سیاسی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و ڕژێمی ئەسەدی بچووك وەك قۆناغێکی تازەی پێشکەوتوو لە پەیوەندییەکان هەر لەو کاتەوەی کە شۆڕشی سووریا بەرپا بوو.

ئەو ڕژێمانەی کورد دەچەوسێننەوە و دژایەتیی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی و بزاڤی دیموکراسی دەکەن بە گشتی، بە هیچ شێوەیەك کۆپیی تازە دروستبووی پەکەکە و نەتەوە دیموکراسییەکەیان بە هیچ مەترسییەکی ئایندەیان نەزانیوە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەڵکو ئەمەیان قۆستووەتەوە بۆ هەڵگیرسانی دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوان کورددا، هەروەها بەکارهێنانی ئەمە دژی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانی عێراق، لەپێناو هەلوەشاندنەوە و درزخستنە نێو بزاڤی کوردی سووریا و لەبەینبردنی کێشەی کورد لەم وڵاتە، تاکو بیگۆڕێت بۆ مەسەلەی ململانێ لەگەڵ تورکیادا، بەڵکو لەمەش زیاتر سەرانی پەکەکە لە قەندیل و لقەکانی لە سووریا و عێراق بە ئاشکرا بێبەریبوونی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی

**ئەو ڕژێمانەی کورد دەچەوسێننەوە و دژایەتیی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی و بزاڤی دیموکراسی دەکەن بە گشتی، بە هیچ شێوەیەک کۆپیی تازە دروستبووی پەکەکە و نەتەوە دیموکراسییەکەیان بە هیچ مەترسییەکی ئایندەیان نەزانیوە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەڵکو ئەمەیان قۆستووەتەوە بۆ هەڵگیرسانی دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوان کورددا**



سەڵاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کورد ڕادەگەیەنن، پابەندیش دەبن بە زاراوەی «نەتەوەی دیموکراسی» و بێ هیچ پێوەرێکی زانستی و تیۆری بە ئارەزووی خۆیان پێناسەی دەکەن.

ئەم گوتەیە تیۆرێکی سیاسیی تەواو نییە، کە لای گەلانی جیهان پەیڕەو کرابێت، هەروەها لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا نەهاتووە، هاوکات فەلسەفەیەکی فیکریش نییە وەك هەندێ کەس وای بۆ دەچن، دیسان لە بەڵگەنامەی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی گەلانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵات بە گشتی و لە سەرجەم کیشوەرەکانی جیهان لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین باس نەکراوە، ئەوەی جێی سەرنجە پەیڕەوکردن و پشتبەستن بە گوتەی «نەتەوەی دیموکراسی» لەلایەن پەکەکەوە هاوکاتە لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی بارەگای سەرکردایەتیی قەندیل لەلایەن چەند کەسێکی چەپی نەتەوەیی توندڕەوی تورکی و ئاراستەکردنی سیاسەتی وێرانکاری لە ناوچەکە، ئەو کەسانە دژی خواستەکانی کوردی تورکیان کە ئامانجیان ڕزگاربوون و ئازادی و بەتایبەتیش پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە، هاوکات دژی هەموو ئامانجەکانی هەموو بزووتنەوە کوردییەکانن لە ناوچەکە، بە پاساوی ئەوەی کە ئەلتەرناتیڤەکە بریتییە لە «نەتەوەی دیموکراسی»، تێبینییش کرا لەبەر ئەم هۆیە هەندێك لەو دیموکراسیخوازانەی تورك دەستبەرداری پشتگیریی پەکەکە بوون، لە نێویاندا بیرمەند و نووسەری ناوداری تورك ئیسماعیل بێشکچی».

لەبەر هەمان هۆ و هۆی دیکەش، پەکەکە دووچاری کۆمەڵێك دابەشبوون و پاکتاوی جەستەیی بوو، لە ڕێگای تیمەکانی تیرۆر کە بە دوای ئەو کەسانەوە بوون لە ئەوروپا کە لێی جیاببوونەوە، هەروەها دیارترین و گرنگترین دابەشبوونی فیکری و سیاسی لەم ڕووەوە ئەوە بوو کە بە هەزاران کادیری پێشکەوتوو و چەکداران بەر لە چەند ساڵێك قەندیلیان بە جێ هێشت، بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی دیار و ناسراو (بۆتان) کە ئێستا سەرکردایەتیی باڵێکی سیاسی و سەربازی دەکات بە پەیڕەو و پرۆگرامێکی تازە و هەڵوێستگەلێکی پێشکەوتووی مۆدێرن.

ڕاستییەکەی گونجاوترە کە وەسفی ئەم دەستەواژەیە بەوە بکەین کە بریتییە لە «دیاریی ڕازیکردن» لە پەکەکەوە بۆ ڕژێمەکانی

**سەرانی پەکەکە لە قەندیل و لقەکانی لە سووریا و عێراق بە ئاشکرا بێبەریبوونی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی کورد ڕادەگەیەنن، پابەندیش دەبن بە زاراوەی «نەتەوەی دیموکراسی» و بێ هیچ پێوەرێکی زانستی و تیۆری بە ئارەزووی خۆیان پێناسەی دەکەن**

ناوچەکە، لە هەمان کاتدا ترانزێتە بۆ ئەم ڕژێمانە و سەرچاوەی ڕزق و پێشەکی نیازپاکییە بۆیان، هاوکات نیازخراپی و بەدبەختییە بۆ کورد و کێشەکەیان لەم ناوچەیە، لە سەرەتای پەیوەندییەکانیان لە قۆناغی دووەمی (دوای ٢٠١١) لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد و لەمیانی هاوکاری و وتووێژیان، هەروەك زانراوە ئەو (نەتەوەی دیموکراسی)یە هۆیەك نەبوو بۆ ناکۆکی، بەڵکو ئەم بابەتە هەر باس نەکراوە، هەروەها لەلایەن نوێنەرانی ڕژێم لە دەزگا ئەمنییەکان بە هەند وەرنەگیرا، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەم خستنەڕووە دژی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بوو کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە مافە نەتەوەییەکان، ڕژێم و حکومەتەکانی سووریا لەوەتەی سەربەخۆییەوە و تا ئێستاش گوێی پێ نادەن. بە بۆچوونی من ئەم بابەتە هۆکارێکی هاندەرە تاکو هەندێ نەیاری ناسیۆنالیستی سووریا و بەعسییەکانی پاشماوەی ڕژێم و هەندێ لە شکستخواردووان دەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکەن، هەروەکوو وێنەکانیان لە دیارەکانی (ستۆکهۆڵم) دەرکەوت، کە هاندەرێك بوو تا لەلایەن حکومەتی سویدەوە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، کە (تورکیا، سوید، فنلەندا) بەیاننامەیەکی سێ قۆڵییان لە ٢٩-٦ دەرکرد، بە چاودێریی ئەمینداری پەیمانی ناتۆ بە پرۆتستۆکردنی (پەکەکە-پەیەدە-یەپەدە) و هەموویانیان بە تیرۆر ناوبرد.

## پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین وەك دەستپێکی نەگۆڕی بزووتنەوەی کورد

بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی کورد لەوەتەی سەدەی ڕابردووەوە سەری هەڵداوە، وەك هەموو بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی گەلان لەسەر بنەمای خەبات لە پێناو ڕزگاری دامەزراوە، هەروەها بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی و چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێی دیالۆگی ئاشتی لە چوارچێوەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، کە مرۆڤایەتی پەسندی دەکات، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەزامەندیی لەسەر داوە، لەوەتەی دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان دواتر دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە بەڵگەنامەکانیدا بەرجەستەی کردووە، هاوکات ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە پتر لە ١٩٠ ئەندامن پەسندیان کردووە، لە سایەی ئەم پرەنسیپەدا هەزاران میللەت ڕزگاریان بوو، دەیان دەوڵەتیش سەربەخۆ بوون، ئەگەر جیاوازییش هەبێت سەبارەت بە هەندێ کێشەی نێوان دەوڵەتانی سەرمایەدار و دەوڵەمەند و هەژار، ئەوا ئەم پرەنسیپە جێگەی ناکۆکیی نێوان هەمووان نییە (بە چاوپۆشی لە کەموکورتی لە جێبەجێکردنی پراکتیکییانە و جیاوازیی میکانیزمەکان)، یەکەم جار نیشانەکانی لە کاری فەیلەسووفەکانی ڕۆژئاوا و شۆڕشی فەرەنسا بەدەرکەوتن، ئەوەندەی پێ نەچوو، سۆسیالیستەکان دوای شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ١٩١٧ پەیڕەویان کرد، هەروەها سەرمایەدارەکان لە میانی پرەنسیپی سەرۆکی ئەمریکا- وودر ویلسون – ساڵی ١٩١٩، ئینجا لە بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و یاسای مافی مرۆڤ و دەستووری دەوڵەتان و بەرنامەکانی هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەوانەش حزبە ناسیۆنالیستە دیموکراسییەکان، لە سەروویانەوە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد.

پارتی یەکێتیی گەلی کورد لە سووریا کە چەند دەیەیەك شەرەفی سەرکردایەتیکردنیم پێ بڕا لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٣)دا، یەکەم حزبی کوردیی سووریا بوو کە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی پەیڕەو کرد و، یەکێك بوو لە بژاردەکانی کورد لە ڕاپرسیی ئازادانە، وەك دەستپێکێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی سووریای دیموکراسیی هاوبەشدا، ئەمەش هۆیەك بوو لە دژایەتیکردنی ئەم حزبە لە میانی ناردنی ئەفسەری ئەمن (محەمەد مەنسوورە) لەلایەن کۆشکی کۆمارییەوە بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەروەها ترازانی لە ڕێی کەسانی دەروون لاوازەوە، هاوکات ڕاونانی سەرکردە و کادیر و چالاکان، چارەسەری کێشەی هەر گەل و نەتەوەیەك لەم پرەنسیپە باڵایە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە دەبینین کە براکانمان لە کوردستانی عێراق چارەسەری فیدراڵییان بە بژاردەیەکی مافی چارەی خۆنووسین داناوە، کە دەکرێت بژاردەکان بەپێی هەلومەرجی بارەتی و ئیرادەی میللی بگۆڕدرێن.

**پشتبەستن بە گوتەی «نەتەوەی دیموکراسی» لەلایەن پەکەکەوە هاوکاتە لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی بارەگای سەرکردایەتیی قەندیل لەلایەن چەند کەسێکی چەپی نەتەوەیی توندڕەوی تورکی و ئاراستەکردنی سیاسەتی وێرانکاری لە ناوچەکە**

**براکانمان لە کوردستانی عێراق چارەسەری فیدراڵییان بە بژاردەیەکی مافی چارەی خۆنووسین داناوە، کە دەکرێت بژاردەکان بەپێی هەلومەرجی بارەتی و ئیرادەی میللی بگۆڕدرێن**

# ئایین و نیشتمان لێک جیا ناکرێنەوە





**مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

**شێخەکانی بارزان هەمیشە بە هەستی دینداری و بە سەروەرگرتنی ئایینی ئیسلام خەباتی نەتەوەییان کردووە و هەردوو شاباڵی ئایین و نیشتمانیان پێکەوە گرێ داوە**

**وتەکەی سەرۆک بارزانی دیسان و وەک هەمیشە ئەو ڕۆحییەتەی بە گوێی نەوەکاندا چرپاندەوە، بەوەی هەوڵ بدەن خۆشەویستیی ئایین و نیشتمان کە لێک جیا ناکرێنەوە، بکەنە بنەمای کارکردن و خۆشەویستی بۆ نیشتمان**

**گەلی کورد بە حوکمی موسڵمانێتی و دۆخە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی، هەمیشە دوو شت بەلایەوە گرنگ بووە و لێکی جیا نەکردۆتەوە، یەکەمیان: ئینتیما بۆ دین (ئایینی ئیسلام)، دووەمیان: ئینتیما بۆ نەتەوە**

ڕۆژی ١٨ی حوزەیران سەرۆك مسعود بارزانی لە مەراسیمی ناساندنی زنجیرە کتێبی شۆڕشەکانی بارزان، کۆمەڵێك پرس و بابەتی گرنگی مێژوویی و هەنووکەیی باس کرد، کە دەکرێ هەر یەك لەو بڕگانەی نێو وتارەکەی جەنابیان هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی دۆخی نەتەوەییمان ئەزموونی لێ وەربگیرێت.

ئەوەی من مەبەستمە لەم نووسینەدا، زیاتر قسەکردنە لەسەر هەڵوێستی بەڕێزیان لەبارەی پرسی ئایین و نەتەوە و نیشتمان، کە سەرکردەی شۆڕشەکانی کورد هەمیشە جەختیان لەوە کردووەتەوە ئەمانە لێك جیا ناکرێنەوە، بەڵکو شێخەکانی بارزان هەمیشە بە هەستی دینداری و بە سەروەرگرتنی ئایینی ئیسلام خەباتی نەتەوەییان کردووە و هەردوو شاباڵی ئایین و نیشتمانیان پێکەوە گرێ داوە.

لە پێناسەیەکی کورت و تایبەتی تەریقەت و شۆڕشەکانی شێخانی بارزاندا، سەرۆك بارزانی ڕاشکاوانە ئەوەی ڕاگەیاند: «ئەم ڕێبازە دامەزراوە، لەسەر بنەمای خوداپەرستی و مرۆڤدۆستی، ڕێبازێکیان بۆ دەستنیشان کردین، کە هەتا ماوین شانازی پێوە دەکەین، ئەم ڕێبازە بریتییە لەوەی دین ئەخلاقە، دین و نیشتمان لەیەك جیا ناکرێنەوە، لە مرۆڤایەتیدا هەموومان برای یەکترین، تێکۆشان فەرزە لە دژی زۆرداران، پاراستنی ژینگە، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیانی ئایینی، فراوانکردنی خەبات لە سنووری عەشیرەتەوە بۆ سنووری نەتەوەیی».

ئەم وتەیە زۆر هەڵدەگرێت و پیشاندانی ڕووی واقع و ستراتیژیی ڕێبازی کوردایەتییە، ڕامان و لێ وردبوونەوەی زۆری دەوێت، کە بە زمانی حاڵ و بە هەستێکی بەرزی کوردانە و ماهییەتی تێگەیشتنێکی دروستی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی پێمان دەڵێت: «ئایین و نیشتمان لێك جیا ناکرێنەوە».

ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردووی گەلەکەمان بدەینەوە، دەبینین کورد هەمیشە بەو پەڕی دڵسۆزی و بەها و چاوی ڕێزەوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕاماوە، ئەمەش زادەی ئەو قەناعەت و هەڵوێستەیە کە بڕوای پێیەتی، گەلی کورد بە حوکمی موسڵمانێتی و دۆخە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی، هەمیشە دوو شت بەلایەوە گرنگ بووە و لێکی جیا نەکردۆتەوە، یەکەمیان: ئینتیما بۆ دین (ئایینی ئیسلام)، دووەمیان: ئینتیما بۆ نەتەوە.

لەسەر ئەو دوو بنەما گرنگە کە تەواوکاری یەکترن، پرسی سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی پەرەی سەندووە، لەو نێوەدا ئیسلام وەك ئایین ڕۆڵی پێشەنگی و ڕابەری گێڕاوە، لە دابینکردنی ئەمن و ئارامیی وڵات و چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکان و بەرەوپێشبردنی قەزیەی کوردی لە جیهانی ئیسلامیدا و، قەتیش ئایینی وەك کارت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار نەهێناوە، بەڵکو وەك خۆی پیشانی داوە و پەیڕەوی کردووە.

بە دیوێکی دیکەدا ئەگەر سەیری ئەم پرسە بکەین، دەبینین کە خۆشەویستیی نەتەوە و بوونی هەستی نەتەوەیی و گیانی نەتەوەپەروەری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا شتێکی فەرمان پێ کراو و شەرعییە و، مرۆڤ هان دەدات بۆ ئەو تێکۆشانە و لە پێناو ئەو ئامانجە، هەروەها خۆشەویستیی نیشتمان بەشێکی هەرە دیاری نێو سوننەت و ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بووە، هانی مرۆڤیش دەدات نیشتمان و وڵات و خاکی خۆی خۆش بوێت، کەواتە پارێزگاریکرن و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەرکێکی ئایینییە.

یەکێك لە بنەما گرنگ و گشتگیرەکانی ئیسلام بریتییە لە بوونی هەست و هەڵوێستی پارێزگاری و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ژیان و مرۆڤ، لەبەر ئەوە لێهاتوویی و جورئەت و تەنانەت سەرنانەوەش لەپێناو کیان و ژیان و سەلامەتیی ماڵ و حاڵدا بەرز نرخاندووە، بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) زۆر جوان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە مەسەلەی پارێزگاریکردن لە نەتەوە و ئایین و ژیان و سامان و خانەوادە، ئەرکێکی ئیمانییە و تیاچوونیش لەو پێناوەدا پلەی شەهادەت و سەربەرزی دەبەخشێتە مرۆڤ و پاداشتی بە خێریشی دەدرێتەوە، هەروەکو دەفەرموێت: (مَن قُتلَ دُونَ مَالـه فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتلَ دُونَ دينه فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتلَ دُونَ دَمه فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتلَ دُونَ أَهْله فَهُوَ شَهِيدٌ) رِواه الترمذي رواه الترمژی، واتە: هەر کەس لە پێناو ماڵ و سامان و دین و خوێن و

خاو و خێزانی بکوژرێ، ئەوە شەهیدە.
یان دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ الْمُدَافِعُ عن عَشِيرَتِهِ ما لم يَأْثَمْ) رواه أبو داود، واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە بەرگری و پارێزگاری لە نەتەوەکەی بکات، مادام لەسەر گوناه نییە.

بەپێی دەرهاوێشتە بنچینەییەکانی ئەو فەرموودانەی سەرەوە، وەك چۆن پاراستن و پارێزگاری لە سامان و شەرەف و دین و ژینی مرۆڤ ئەرکێکی پێویستە، بە هەمان شێوە کاتێ کۆمەڵگە و کیان و نیشتمانیش دەکەوێتە مەترسییەوە پارێزگاریکردنی پێویستە و ئۆباڵی پاراستنی دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکانەوە، چونکە ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی تێك چوو، ئەوە سەرجەم بەژەوەندییە تایبەتی و گشتییەکانیش دەکەونە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، هەر کات دەستێکی دەرەکی هێرشی هێنایە سەر نیشتمان و، ئەمنی قەومیی خستە ئاڵۆزییەوە، واجبە مرۆڤ دیفاع بکات و دەبێ ئەو دیفاعکردنەش وەك بەشێك لە دینداری سەیر بکات، بە پێچەوانەوە ئەگەر مرۆڤ بەم ئەرکە هەڵنەستێ و هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر خاك و خەڵکی تێدا زیندوو نەبێت، ئەوە لە لایەنی دینداریيەوە گوناهبار دەبێت و بە ئەندازەی کەمتەرخەمی لە هەمبەر ئەو پرسە، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، لە ڕووی دونیایی و هەڵوێستی نیشتمانییشەوە ڕووبەڕووی جۆرێك لە شەرمەزاری و ڕیسوایی دەبێتەوە.

شێخ محەمەدی خاڵ لە (ناڵەی دەروون) دا زۆر جوان ئەو پرسەی تاوتوێ کردووە و هەست و نەستی نەتەوەیی و نیشتمانییانەی خۆی دەربڕیوە، لەگەڵ ئەوەش تامەزرۆیە خەڵك لەسەر ئەو بنەمایە خۆی ڕابهێنێت و هەستی پارێزگاریی نیشتمان لە خۆیدا بەرجەستە بکات و دەڵێت: «هەر کەسێك کوڕی باوکی خۆی بێت، بە دڵ و بە گیان نیشتمانی خۆی خۆش دەوێ و، هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ زیندووبوونەوە و سەرکەوتن و بەرز بوونەوە، وە ناهێڵێت دوژمن دەستی بۆ درێژ بکات و زیانی پێ بگەیەنێت. کەوابوو بۆ هێشتنەوەی ژیان و گیان و بۆ پاسی ناو و نیشان، خۆشەویستیی نیشتمان و بەسەر و ماڵ درێغ و کۆتایینەکردن لە ڕێی نیشتمان پێویستە، چونکە هەر وابووە، هەر گەلێك لە ڕێی نیشتمانیا درێغ و کۆتایی کردبێت، ڕیسوا و ڕەزیل و زەبوون و دیل بووە».

لەوەش زیاتر شێخی خاڵ چەند وێنایەك دەخاتە بەر هزری مرۆڤ، سەبارەت بە پێویستیی هەستی نیشتمانپەروەری و پارێزگاریکردنی و دەڵێت: «مەل بە مەلیی خۆیەوە بە دەنووك جەنگ ئەکا لەسەر هێلانەکەی، تا بتوانێ نایەڵێت کەس دەستی بۆ درێژ بکات و زیانی پێ بگەیەنێت، هەنگ بە چزووەکەی پاسی نیشتمانی خۆی دەکات، هەر کەسێکیش دەست ببات بۆ کەلووی شانەیەکی پێوەی دەدات، لەگەڵ ئەمیشە کە بەو پێوەدانە هەنگەکە خۆی دەمرێ، کەوابوو هەنگەکان بۆ پاسی نیشتمانی خۆیانن، لانکە بێشە و نیشتمانی شێرە ئەگەر کەسێك نزیکی بکەوێتەوە شێرەکە ئەیشکێنێتەوە، هەر بەم ڕەنگە هەموو گیانلەبەرێك وایە! کەوا بوو ئادەمی ئەبێ زۆرتر خۆشەویستیی بۆ نیشتمان ببێ، چونکە لە هەموو گیانلەبەرێك ژیرتر و بەبیرتر و زاناتر و داناترە».

بە کورتییەکەی لە ئیسلامدا پارێزگاریکردن ئەرکێکی هەمیشەیی و دانەبڕاوە لەسەرشانی تاك و کارێکی فەرمان پێ کراوە و، پێویستە مرۆڤی موسڵمان درێغی نەکا و لەو پێناوەدا جوهد و ڕەنجی زۆر بکێشێت، چونکە سەربەرزیی نیشتمان و پارێزراویی نەتەوە و نەکەوتنە مەترسیی دۆخی ئەمنیی هەر وڵاتێك، گەورەترین نیعمەتی خودایە و، بگرە شکۆمەندترین شەرەفیشە بۆ مرۆڤ و جوانترین تاجیشە کە مرۆڤ شانازیی پێوە بکات.

کەواتە وتەکەی سەرۆك بارزانی دیسان و وەك هەمیشە ئەو ڕۆحییەتەی بە گوێی نەوەکاندا چرپاندەوە، بەوەی هەوڵ بدەن خۆشەویستیی ئایین و نیشتمان کە لێك جیا ناکرێنەوە، بکەنە بنەمای کارکردن و خۆشەویستی بۆ نیشتمان، کە لانە و شوێنی ژیانی هەمووانە و دەریایەك خوێنی بۆ دراوە و، ئەرکی پاراستی کەوتووەتە سەر شانی هەموو تاکێك، نەخاسمە ئەوانەی لە هێنانەدی ئەم قۆناغەی خەبات و گەشەی نەتەوەیی قوربانییان داوە، ئەوان زیاتر و مکوڕتر پارێزگاری لەو نیشتمانە دەکەن، هەروەك ئاماژەی بەوە کردووە و، فەرمووی: «ئەم هەرێمە بە خوێنی شەهیدان دروست بووە، بە خوێنی ڕۆڵەی شەهیدانیش دەپارێزرێت».

**یەکێک لە بنەما گرنگ و گشتگیرەکانی ئیسلام بریتییە لە بوونی هەست و هەڵوێستی پارێزگاری و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ژیان و مرۆڤ، لەبەر ئەوە لێهاتوویی و جورئەت و تەنانەت سەرنانەوەش لەپێناو کیان و ژیان و سەلامەتیی ماڵ و حاڵدا بەرز نرخاندووە**

**وەک چۆن پاراستن و پارێزگاری لە سامان و شەرەف و دین و ژینی مرۆڤ ئەرکێکی پێویستە، بە هەمان شێوە کاتێ کۆمەڵگە و کیان و نیشتمانیش دەکەوێتە مەترسییەوە پارێزگاریکردنی پێویستە و ئۆباڵی پاراستنی دەکەوێتە ئەستۆی تاکەکانەوە**

**سەربەرزیی نیشتمان و پارێزراویی نەتەوە و نەکەوتنە مەترسیی دۆخی ئەمنیی هەر وڵاتێک، گەورەترین نیعمەتی خودایە و، بگرە شکۆمەندترین شەرەفیشە بۆ مرۆڤ و جوانترین تاجیشە کە مرۆڤ شانازیی پێوە بکات**

# پێکەوەژیان: فاکتەری بەردەوامبوونی ژیان لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان

**کولتووری بەیەکەوەژیان بووەتە فاکتەری بەهێز لەسەر ئاستی دەرەوە بۆ پیشاندانی سیمای مرۆڤدۆستانەی خەڵکی کوردستان**

فرەئایینی و فرەنەتەوەیی و یەکترقبووڵکردن و مرۆڤدۆستی کولتووری ڕەسەنی خەڵکی کوردستانە و، بووەتە بەشێك لە مێژووی دێرینی گەلەکەمان، ڕەگ و ڕیشەی لە ناخ و باوەڕ و قەناعەتی باب و باپیرانماندا هەبووە و، شتێکی تازە نییە، نە بە فشاری دەرەکییە، نە بۆ ڕازیکردنی ئەم و ئەوە، بەڵکو بەرهەمی تێگەیشتنی کوردانەیە لە حەقیقەتی ئیسلام و ئیرادەی خوای گەورە، بەمەش زیاتر کوردستان جوانتر بووە.

سەرەڕای جوانیی شاخ و چیا و دۆڵەکان، بوونی پێکهاتە جیاوازەکانی ئایینی و نەتەوەیی جوانییەکی دیکەی بەخشیوەتە کوردستان، کولتووری بەیەکەوەژیان بووەتە فاکتەری بەهێز لەسەر ئاستی دەرەوە بۆ پیشاندانی سیمای مرۆڤدۆستانەی خەڵکی کوردستان، هۆکاری بەردەوامیی ژیانە لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی کوردستان بە چەندین قۆناغی سەخت و دژواردا گوزەری کرد، بەڵام هەمیشە شوێنی پێکەوەژیانی هەموو ئایین و نەتەوە و مەزهەبێك بووە، بە جیاوازیی ئایین و زمان و بیروبۆچوونەوە لە ژێر چەترە گەورەکەی کوردستاندا کۆبوونەوە و، بە یەکەوە بەرپەچی زوڵم و ستەمەکانیان داوەتەوە، کە ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان و سەروەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی گەلی کوردستان لە حەقیقەتی ئیسلام، وەك ئایینێکی لێبوردە و میهرەبان، هەروەها ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان، فاکتەرێکی دیکەی گرنگ بووە بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیان و داکۆکیکردن لە مافی پێکهاتەکان .

مێژوو پێمان دەڵێت (١٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا شێخ (عەبدولسەلام بارزانی) بۆ ئاوەدانکردنی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆستانە، کە تێیدا کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بێت، گیانی لێبوردەیی، یەکترقبووڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ناو خەڵکی دەڤەری بارزاندا جێگیر کرد، بۆیەش ئەگەر تەنیا گوندی (بارزان) بە نموونە وەربگرین، ئەم ڕاستییەمان بۆ بە دیار دەکەوێت کە جگە لە وەی (بارزان) لانکەی شۆڕش و کوردایەتی بووە، لە هەمان کاتیشدا باوەڕدارانی چەندین ئایین بە بێ جیاوازی لە ئەرك و مافدا یەکسان بوون و هەستیان بە هیچ جیاوازییەك نەکردووە و شوێنی خوداپەرستیی باوەڕدارانی هەر سێ ئایین (موسڵمان -مەسیحی -جوو) لەتەك یەك بوون، بۆیەش کاتێك قەشەی بەناوبانگ (وێککگرام) دێتە دەڤەری بارزان، دەبینێ شێخ عەبدولسەلام بارزانی زیاتر لەوان لە خەمی باوەڕدارانی هەموو ئایینەکاندایە بێ جیاوازی، خۆشحاڵ و سەرسام دەبێت، بە شێخ دەڵێت: ئەوەی تۆ دەکەیت بۆ پێکەوەبوون، بە ئێمە ناکرێت، بۆیە دەگەڕێتەوە.

**دوای ئەوەی (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) لە لایەن عوسمانییەکانەوە بە بیانووی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە سێدارە درا، (شێخ ئەحمەد) بارزانی ئەم بنەما هزرییانەی بە شێوەیەک کردە کردەوە، تا بووە بەشێکی گرنگ لە فەرهەنگ و کولتووری خەڵکی بارزان**

دوای ئەوەی (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) لە لایەن عوسمانییەکانەوە بە بیانووی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە سێدارە درا، (شێخ ئەحمەد) بارزانی ئەم بنەما هزرییانەی بە شێوەیەك کردە کردەوە، تا بووە بەشێکی گرنگ لە فەرهەنگ و کولتووری خەڵکی بارزان، وە نەبێت پاراستنی ئەم فەرهەنگە جوانە تەنیا لە قۆناغێکی دیاریکراودا بووبێت، بەڵکو بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵی پاراستن و قووڵکردنەوەی ئەم کولتوورە دراوە.

لە سەردەمی زێڕینی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بارزانی-ی نەمر بە بێ جیاوازی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی لە ژێر سەرکردایەتیی شۆڕش، بۆ یەك ئامانج و مەبەست کۆکردنەوە و بەرپەچی زوڵم و ستەمیان دایەوە، تەنانەت بە پێداگریی بارزانی-ی نەمر حکومەتی ئەو کاتی عێراق ددانی بە مافی هەموو نەتەوە و ئایینەکاندا نا، دوای ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئادار، لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسای ئەو کاتی عێراق ڕێگەپێنەدراو بوو جگە لە موسڵمان هیچ باوەردارێکی دیکە ببێتە قایمقام، بەڵام پێداگری و سووربوونی بارزانی-ی نەمر



وەیسی سەعید وەیسی

بۆ گوڵان نووسیوە

وای کرد ڕەحمەتی (فرەنسۆ هەریری )کە بە ئایین ئاشووری بوو، بکرێتە قایمقامی قەزای چۆمان.

سەرۆك مسعود بارزانی ڕۆڵێكی گەورەی بینیوە لە دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان، بە جۆرێك هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردووە، کە پێویستە سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان ئازادانە مومارەسەی ئەرکی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان بکەن و مافەکانیان جێگیر بکرێت، چونکە هەر هەموویان بەشێکی گرنگی گەلی کوردستانن و مافی هەموانیش پارێزراوە و نابێت هیچ جیاوازییەك هەبێت، تەنانەت هەر بە هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی مافی پێکهاتەکان لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا دەستەبەر کران، وێڕای ئەوەی بەردەوام باوەشی کوردستان کراوە بووە بۆ سەرجەم ئەو هاووڵاتییانەی بە هۆی هێرشی تیرۆریستانی داعشەوە ماڵ و حاڵی خۆیان جێ هێشتوە و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و، تەواوی مافەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابین کراوە و، سەروماڵیان پارێزراو بووە، پەرلەمانی کوردستانیش وەك باڵاترین دامەزراوەی یاسادانان، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەرجەستەکردنی بیرۆکەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە، لەو یاسا و بڕیارانەی کە پەسەندی کردوون و پەیوەست بوون بە فەراهەمکردن و پارێزگاریکردن لە مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، کە گرنگترینیان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، کە لە ڕێی سیستمی کۆتاوە مافی پێکهاتەکانی لە نێو پەرلەمانی کوردستاندا مسۆگەر کردووە، هەروەها یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ کە مافی پێکهاتەکانی لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و سەرجەم دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان مسۆگەر کردووە.


کابینەی نۆیەم گرنگیی زۆری بە مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان داوە، تەنانەت یەکێك لە بنەماکانی کارکردنی ئەم کابینەیە پاراستن و بەهێزکردنی پێکەوەژیان بووە لە هەرێمی کوردستان، کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، دۆسێی پێکهاتەکان جیا کرایەوە، کە یەکێك بوو لە خواستە سەرەکییەکانی پێکهاتەکان، بە جۆرێك لەم کابینەیەدا وەزیرێکی هەرێم تایبەت بە پێکهاتەکان هەیە، بێگومان هەموو ئەمانە فاکتەری سەرەکی بوون، تا دیارترین کەسایەتی ئایینی (پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکان) لە مانگی ئاداری ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و، جیاواز لە شوێنەکانی دیکەی عێراق گەورەترین ڕێوڕەسمی ئایینی لەگەڵ دە هەزار کەس لە هەولێری پایتەخت ساز بکات، ئەمەش ڕووداوێکی مێژوویی و دەستکەوتێکی گەورە بوو و کاریگەرییەکی گرنگی دەبێت لەسەر ناو و پێگەی هەرێمی کوردستان و، پاڵپشتیی نێودەوڵەتی، چونکە ڤاتیکان ئەگەرچی وەك دەوڵەت بچووکە، بەڵام مەڵبەندێکی گەورەی ئایینییە کە سەرپەرشتیی یەك ملیار و سێسەد ملیۆن مەسیحی دەکات و خاوەن ئاڵا و نوێنەرە لە نەتەوەیەکگرتووەکان.

لە ئێستاشدا کە لە هەرێمی کوردستان ئامادەکاری دەکرێت بۆ نووسینەوەی دەستوور، دڵنیایی دراوە کە دەستووری هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی دەبێت و، ویست و خواستی زۆرینەی کوردستانییان لەخۆ دەگرێت، گەلی کوردستان شانازی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینەکان لە کوردستان دەکات و، بە سەدان ساڵە بە یەکەوە دەژین، تا دێت توندوتۆڵتریش دەبێت، بۆیەش پێویستە دەستووری کوردستان ڕەنگدانەوەی ئەو تایبەتمەندییە بێت، گرنگە هەموو لایەکمان پارێزگاری لە کولتووری بەیەکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن بکەین، تا هەمیشە کوردستان هەر بە شوێنی فرەئایینی و فرەنەتەوەیی بمێنێتەوە.

**لە سەردەمی زێڕینی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بارزانی-ی نەمر بە بێ جیاوازی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی لە ژێر سەرکردایەتیی شۆڕش، بۆ یەک ئامانج و مەبەست کۆکردنەوە و بەرپەچی زوڵم و ستەمیان دایەوە**

**لەگەڵ ئەوەی بە پێی یاسای ئەو کاتی عێراق ڕێگەپێنەدراو بوو جگە لە موسڵمان هیچ باوەردارێکی دیکە ببێتە قایئمقام، بەڵام پێداگری و سووربوونی بارزانی-ی نەمر وای کرد ڕەحمەتی (فرەنسۆ هەریری) کە بە ئایین ئاشووری بوو، بکرێتە قایمقامی قەزای چۆمان**

# پارچەکانی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

کێشەی کورد بە گشتی لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بە دیدێکی تایبەتی وەك کێشەیەکی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی سەیر دەکرێت، تەنانەت چارەسەری نادیموکراسییانە لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە زاڵە، لە ڕووی ئیستیسنائی و حوکمی عورفی و عەسکەرییەوە بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییان، هەتا لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە ددان بە مافەکانیاندا نانرێت، هاوکات مامەڵەیەکی جیاکارییان لەگەڵدا دەکرێت، پارچەکانی کوردستان وەك سنووری زوڵم هاتە کایەوە و بەرژەوەندییەکانی جوگرافیای سیاسی ئەمەی پێویست بوو کە کێشەکە بەم شێوەیە بکەوێتەوە.

ئەم دەوڵەتانە کێشەی کورد بە بەشێك لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بە مەترسی دەزانن، هەر چۆن بێت، کورد وەك نەتەوەیەکی ڕەسەنی ناوچەکەیە و ئێستا بۆ بەرژەوەندیی ئەم دەوڵەتانە پارچە پارچە بووە، لە بەرانبەردا کوردیش دەست لە




مافەکانی خۆی هەڵناگرێت، کێشەی کورد وەك گرووپێکی ئیتنیی گەورە لە جیهاندا بە بێ دەوڵەت، کێشەیەکە ئەوان وا هەست دەکەن کە کێشەیەکی نەتەوەیی خۆیان هەیە و سنووری جوگرافی و هەرێمیی هەیە، یەکێکە لەو گرووپانەی کە لە ڕووی زمان و دانیشتوان و پێگە و سامانە سرووشتییەکان و جیۆپۆلیتیکەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، دەوڵەمەندیشە بە زۆر سامان و تەنانەت لە ڕووی کەشوهەوای گونجاویشەوە.

باکگراوندی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوردستان دوای جەنگی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی فارسی و عوسمانیدا پارچە پارچە کرا، دوای ئەوە چەند میرنشینێك دامەزران، کە دواتر لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە سەرکوت کران، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی کورد، دوای جەنگی یەکەمی جیهان وەك کێشەی عەرەب و یۆنان و ئەرمەن و بەڵکان و هی دیکە.. کە داوای بەدیهێنانی مافەکانیان دەکرد، ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهان و پرەنسیپەکانی ولسن، ئاسەوارەکانی ئەوە نەبوون کە شتێك لە بەرژەوەندیی کوردی لێ بکەوێتەوە، هەرچەندە لە پەیماننامەی سیڤەر بەتایبەتی لە ماددەکانی ٦٢ هەتا ٦٦ ددان نرا بە کێشەی کورددا، بەڵام لە پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ پاشگەزبوونەوە هاتە ئاراوە، کە کوردان بە سەر عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەتدا دابەش کران، بەتایبەتی دوای چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ لەلایەن ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) لە ساڵی ١٩٢٦ کە بە عێراقەوە لکێندرا.

لەسەر ئەم بنەمایە پارچەپارچەبوونی کورد لە ڕووی جوگرافیاوە بەم شێوەیە بوو، بەڵام لە ڕووی نەتەوەییەوە کوردان هەستیان بەوە کرد کە وڵاتەکەیان پارچە پارچە نەبووە و وڵاتەکەیان یەك وڵاتە، بەڵگەش بۆ ئەمە هەوڵەکانیان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیانە، بە دیدی ئەو وڵاتانەی کە کێشەی کوردیان تێدایە، لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە وا سەیری کێشەکە دەکەن، کە مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەییان، ئەگەر چارەسەری بکەن، بەڵام ئەوە لە واقیعی تێگەیشتن بۆ مافی ڕەوای ئەم نەتەوەیە زۆر دوورە.

**بە دیدی ئەو وڵاتانەی کە کێشەی کوردیان تێدایە، لە ڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە وا سەیری کێشەکە دەکەن، کە مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەییان، ئەگەر چارەسەری بکەن، بەڵام ئەوە لە واقیعی تێگەیشتن بۆ مافی ڕەوای ئەم نەتەوەیە زۆر دوورە**

**کێشەی کورد یەکێکە لە تەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تورکیا لە چارەسەرنەکردن و لە ئەندامێتیی ئەو وڵاتە لە یەکێتیی ئەورووپا، چونکە ئەوان داوا دەکەن ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت**

**هەر لە دەستووری ساڵی ١٩٠٦ ـەوە (مەشرووتییەت) کە لە ئێران دەرچوو، هیچ باسی مافی نەتەوەیی نەکردووە، هەرچەندە کورد سێیەمین نەتەوەیە لە ڕووی دانیشتووانەوە، بەڵام ئەم دەستووره ددانی پێدا نەناوە و پەرلەمانی ئێرانیش ڕەگەزپەرستانە و سەربازییانە مامەڵەی لەگەڵ کێشەی کورد کرد**

**دستووری ١٩٥٨ باسی لەوە کرد کە شەراکەتی کورد و عەرەب هەیە، بەڵام پاشگەز بوونەوە، تا شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو**

ئەگەر سەرەتا باسی تورکیا بکەین، دەبێ ئەوە بڵێین کە ژمارەی کورد لەو وڵاتە لە ڕووی دانیشتووانەوە بە پلەی یەکەم دێت کە نزیکەی بیست ملیۆن کەس دەبن، لە دەرچوونی سێ دەستوور لە تورکیا (ساڵانی ١٩٢٤، ١٩٦١، ١٩٨٢)، هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پرەنسیپەکانی کەمالیزم زاڵە بە سەر ئەم دەستوورانەدا، تەنانەت دوای ئەم دەستوورانەش زۆر یاسای ناهەموارا نەهاتنە کایەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد، وەك یاسای ئاسایشی گشتیی تورکیا ساڵی ١٩٢٥، بەپێی ئەم یاسایە شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانی داگایی کران، هەروەها بەپێی یاسای سزادانی تورکیای ماددەی (٢٥) هەر کەسێك هەوڵی پارچەپارچەکردنی وڵات بدات، دەبێ لە سێدارە بدرێت، هاوکات بە پێی یاسای سزای ساڵی ١٩٣٤، تورکیا بۆ سێ ناوچەی ئەمنی دابەش کرا، کە هەندێکیان دەبێ چۆڵ بکرێن، هەندێکیشیان ئەوانەی دەمێننەوە کە کولتووری تورکیان هەیە، ئەوانەی کولتووری غەیری تورکییان هەیە، دەبێ لە ناو کولتووری تورکدا بتوێنەوە، یاسای ساڵی ١٩٤٦ی حزبەکانی تورکیا قەدەغەی کرد، حزب لەسەر بنەمای نەتەوەیی دابمەزرێت، تەنانەت یاسای نیشتەجێبوون لە ساڵی ١٩٦٠ ئاماژە بە ڕاگواستنی کورد دەکات بۆ دەرەوەی ناوچە کوردییەکان، هەروەها یاسای ساڵی ١٩٦٣ قەدەغەیە کە قوتابخانە بە کوردی هەبێت، جگە لە چەندین یاسای توندی دیکەی ڕۆشنبیری، هەروەها یاسای سەربازیی تورکیش دەرچوو، کە باری نائاسایی لە زۆر ناوچەکانی کوردستانی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند، بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و مافی ڕاگواستنیشی دا بە هەندێ لە دەسەڵاتەکان، جگە لەمانە یاسای ساڵی ١٩٩١ی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریش هەیە، کە دەسەڵاتی تەواوی دا بە دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت) بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی کورد، هەر لە ڕوانگەی هاوپەیمانیی هەرێمییەوە ڕێککەوتننامەی (سەعد ئاباد)ی ساڵی ١٩٣٧ و پەیماننامەی ساڵی ١٩٥٥ی بەغدا، وا بوون کە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتانی هەرێمی هەبن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشەیە، جگە لە ڕێککەوتننامەی عێراقی و تورکی لە ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٩٨. کێشەی کورد یەکێکە لە تەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تورکیا لە چارەسەرنەکردن و لە ئەندامێتیی ئەو وڵاتە لە یەکێتیی ئەورووپا، چونکە ئەوان داوا دەکەن ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: تورکیا لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا هەندێ هەنگاوی سستی نا بە ئاراستەی مافەکانی مرۆڤ و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە، تەنانەت دەستووری ساڵی ١٩٨٢ هەموار کرا، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناغی چارەسەرکردنی دیموکراسییانە و دادپەروەرانەی کێشەکە، هەرچەندە کرانەوەیەك و دیالۆگێك بۆ ئەم مەسەلەیە هاتە ئاراوە، بەڵام هەر وەك خۆی ماوەتەوە.

ئەگەر بێینە سەر ئێران، هەر لە دەستووری ساڵی ١٩٠٦ ـەوە (مەشرووتییەت) کە لە ئێران دەرچوو، هیچ باسی مافی نەتەوەیی نەکردووە، هەرچەندە کورد سێیەمین نەتەوەیە لە ڕووی دانیشتووانەوە، بەڵام ئەم دەستووره ددانی پێدا نەناوە و پەرلەمانی ئێرانیش ڕەگەزپەرستانە و سەربازییانە مامەڵەی لەگەڵ کێشەی کورد کرد، ئێرانیش بەشێك بوو لە هاوپەیمانییە هەرێمییەکان دژی کێشەی کورد، دوای بزووتنەوەی موسەدیق لە ساڵی ١٩٥٢ جۆرە گۆڕانکارییەك پەیدا بوو، بەڵام هەر زوو لەبەین برا. ڕێکخراوی «ساواك» لە سەردەمی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کورددا هەبوو، لە دوای کودەتای ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ و دەرچوونی دەستووری ساڵی ١٩٧٩ پەیڕەو کرا و لە ساڵی ١٩٨٩ ئاماژە بەوە دەکات کە لە ٨٧٧ ماددە، ئاماژە بە مافی نەتەوەکان نەکراوە، ئەم دەستووره مەزهەبییە، دوورە لە بنەما مۆدێرنەکانی سیاسی و، مافی ئەوەی داوە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانی دابمەزرێت، کاری هەرە سەرەکیی ئەم ئەنجومەنە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە نەتەوەییەکانی ئێرانە، یەکێك لەوانە کێشەی کورد، جاروباریش پەنا بۆ دیالۆگ براوە، بەڵام سەرنەکەوتووە، ئەم دەستوور و سیستمە دوورە لە مافە نەتەوەییەکان.

ئەگەر بێینە سەر سووریا، ئەم وڵاتە لەسەر

بنەمای دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستیی عەرەبی دامەزراوە، هەر چەندە ڕێژەی کورد ٨٪ی دانیشتووانە، بەڵام خوێندنەوەی دەستوور و سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم دەوڵەتە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٦٢ سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە دژ بە کێشەی کورد پەیرەو دەکات، پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکان هاتە کایەوە، بارودۆخی نائاسایی و پێکهێنانی دادگا عورفییەکان ڕاگەیەندرا، تەنانەت بەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نانێت، هەروەها ڕەگەزنامەی سووریش بە کورد نادرێت، یاسای سزادانی ساڵی ١٩٤٩ هەیە لەسەر بنەمای تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی سووریا مامەڵە دەکات، هەر چەندە لە گۆڕانکارییەکانی دوای ساڵی ٢٠١٠ی سووریا دوای شۆڕش، ئاسۆ بە ڕووی کەیسی کورددا کرایەوە، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی ئەم دەوڵەتەوە هەر وەك خۆیەتی، بەڵام تەگەرەی ئەمە لە پارچەپارچەبوونی حزبە سیاسییەکانی کوردداپە لەم وڵاتە، مەبەست لەوەدا ئەوەیە کە سووریاش وەك دەوڵەتانی دیکە لە گۆشەیەکی مەترسیدارەوە سەیری کێشەی کورد دەکات بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی.

بزاقی ڕزگاریخوازیی ئەم دەوڵەتانە نەبوونی ستراتیژیەت و تێنەگەیشتنێکی تەواوە بۆ بابەتەکە، لێرەدا دەپرسین: پەنابردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری باشە، یان دیالۆگ و ئاشتی؟ ڕەنگە هەندێ جار ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ئەم ئامانجە نەپێکێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ململانێی نێوان تورکیا و پەکەکەیە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان حزبە کوردستانییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، کە پەنا بۆ دیالۆگ ببردرێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر تێگەیشتنی هەردوولا بۆ مەسەلەکە، بە ڕای ئێمە ئەمە لە بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەییدایە کە بە گفتوگۆ چارەسەری کێشەی کورد بکرێت لەم ناوچانە.

ئەگەر بە کورتی باسی کێشەی کورد بکەین لە کوردستانی عێراق، لەسەر ئەو بنەمایە بۆی دەچین کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرا و لە ساڵی ١٩٢٥ دەستووری عێراق دەرچوو، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە مافی نەتەوەیی نەکرد، دەستووری ١٩٥٨ باسی لەوە کرد کە شەراکەتی کورد و عەرەب هەیە، بەڵام پاشگەز بوونەوە، تا شۆڕشی ئەیلول بەرپا بوو، پێش ئەویش لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، شۆڕشەکانی شێخی نەمر و بارزان، تەنانەت پەنابردن بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی، هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە کێشەی کورد لە عێراق بەرە و چارەسەر نەچووە، لە کاتی شۆڕشی ئەیلولیش تێگەیشتنێکی وا نەبوو بۆ دانانی بە مافی کورد، تەنانەت لە ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠دا جۆرە دانانێك بە مافەکانی نەتەوەیی کورد هاتە کایەوە، بەڵام ئەویش دوای چوار ساڵ پاشگەزبوونەوەی لێ کەوتەوە، تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە هەرێمی کوردستان بەرەو قەوارەیەکی دیفاکتۆ چوو و پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی مرۆیی هەبوو، دوای ساڵی ٢٠٠٣ بوو بە هەرێمێکی دەستووریی فیدراڵی، ئێستاش لە باشووری کوردستان پێویست بە پێداچوونەوە دەکات بۆ ئەوەی بە چ ڕێگایەك چارەسەر بکرێت، ئاشتییانە، بەپێی دەستوور، یان لێکگەیشتن؟ تا ئێستا دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دەبێ حەکەم بێت لە نێوان کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، لە دەرئەنجام خوێندنەوەی کێشەی کورد لە پارچەکانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دەوڵەتانە کێشەی کورد بە مەترسی بۆ سەر سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دادەنێن، بۆیە لە ڕووی سەربازی و یاسای ناهەموار ڕووبەڕووی دەبنەوە، تەنانەت دانانیان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان، بزاقی ڕزگاریخوازیی کوردیش چ بە خەباتی چەکداری، یان بە خەباتی سیاسیی مەدەنی بەرگری دەکات، ئێستاش کێشەی کورد لە ئاستێکدایە کە جیهان تێی دەگات، بە تایبەتی سیستمی تازەی نێودەوڵەتی و پرەنسیپە تازەکان، من لەو بڕوایەدام کە کێشەی کورد لە چەند ساڵی دادێ گۆڕانکاریی بەسەردا دێت لەم ناوچانە، تەنانەت بە پارچەپارچەبوونی ئەم دەوڵەتانەش بێت، بۆیە وا چاکترە چارەسەر بکرێت، ئەگەرنا ڕەوشەکە دەتەقێتەوە و قەوارەگەلی تازە دروست دەبن.


**لە ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠دا جۆرە دانانێک بە مافەکانی نەتەوەیی کورد هاتە کایەوە، بەڵام ئەویش دوای چوار ساڵ پاشگەزبوونەوەی لێ کەوتەوە، تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە هەرێمی کوردستان بەرەو قەوارەیەکی دیفاکتۆ چوو و پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی مرۆیی هەبوو**

**خوێندنەوەی کێشەی کورد لە پارچەکانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دەوڵەتانە کێشەی کورد بە مەترسی بۆ سەر سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دادەنێن، بۆیە لە ڕووی سەربازی و یاسای ناهەموار ڕووبەڕووی دەبنەوە**

**کێشەی کورد لە چەند ساڵی دادێ گۆڕانکاریی بەسەردا دێت لەم ناوچانە، تەنانەت بە پارچە پارچەبوونی ئەم دەوڵەتانەش بێت، بۆیە وا چاکترە چارەسەر بکرێت، ئەگەرنا ڕەوشەکە دەتەقێتەوە و قەوارەگەلی تازە دروست دەبن**



# هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان



د. ڕێگر فەرهاد چەمرگەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

مەترسی و هەڕەشەکان لەسەر هەرێمی کوردستان کە خۆی دەگرێتەوە لە هەڕەشەی عێراق و گرووپە میلیشیاکان و ئەو مەترسییانەی کە وڵاتانی ناوچەیی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان دروستی دەکەن و بەتایبەت چۆنیەتیی حوکمڕانیکردنی ناوەند بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، قبووڵنەکردنی هەرێم وەك قەوارەیەکی سیاسی و یاسای دانپێدانراوی دەستووری عێراق، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەی سیاسی و دەستووری و ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە هەڕەشە و مەترسییەکانی گرووپە تائیفی و دەرچوو لە یاساکان مەترسییەکی دیکەیە بەرامبەر بە هەرێم و ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، تێکدانی ڕەوشی ئابووری و ئەمنی کە ئەمەش بەشێکە لە پێشێلکردنی سەروەریی قەوارەکە و دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپی شەریکبوون لە حوکمڕانیی عێراق و بێدەنگی لە بەزاندنی سنووری قەوارەی هەرێم.

وەك ئاشکرایە لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو و تا ئێستاش، هێرشە سیاسی و ئەمنی و سەربازییەکان بۆ سەر هەرێمی کورستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بووە و جۆراوجۆریی هێرشەکانیش زیاتر بوون، وەك (هێرشەکانی سەر فرۆکەخانە،



باڵیۆزخانە، کێڵگەی نەوت و غاز، دامەزراوە ئەمنییەکان)، هەروەها ئاماژەی زۆر هەن کە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی هێرش و شەڕێکی نەخوازراو ببێتەوە لەلایەن عێراق و گرووپەکانی میلیشیای ناوخۆی و پاڵپشتیکەرانی میلیشیا عێراقییەکانەوە، ئەم شەڕەش چەندین ڕووی هەیە، وەك سیاسی و ئابووری و سەربازی.

جۆرێکی دیکە لە شەڕ دژی هەرێمی کوردستان بەکارهێنانی چەکی یاساییە لە دژی هەرێم و خستنە ناو واقعێکی یاساییەوە، بۆ دووبارە دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ملکەچکردنی بە جێبەجێکردنی تەواوی داخوازییەکانیان لە ڕێگای دادگای بەناو ئیتیحادی عێراق، کە ئەمەش لێکەوتەی سیاسی و ئابووریی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەت بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکان، کە ئامانجە سەرەکییەکەش بریتییە لە لێدان لە ژێرخانە ئابوورییە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و ئابوورییە سەربەخۆکەی، ئەنجامی ئەم سیاسەتەش تا ئێستا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و لە ڕاددەبەدەر بووە، لە پێناو بەرژەوەندیی ناوەند و نەهێشتنی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەك، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی بەغدا بتوانێت بە جۆرێك لە جۆرەکان کەرتی نەوت و غازی هەرێم کۆنترۆڵ بکات، ئەوا لە ئەنجامدا هەرێم دەبێتە ژێردەستەی عێراق بۆ سامانە دارایی و ئابوورییەکانی، ئەوکات هەرێم لە پێشکەوتن و گەشەکردن بەرەو ئاقارێکی نادیار لە دواکەوتن دەڕوات، بۆیە لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:.

١. یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان لە گوتار و کردارەکانیان بەرامبەر بە بەغدا.

٢. دانوستانی بەردەوام لەگەڵ هێزە شیعەکانی عێراق و نزیکبوونەوەی زیاتری شیعە و کورد، تا دەگاتە ڕێککەوتننامەیەکی هاوبەش.

٣. دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە هەڕەشە و مەترسییەکان.

٤. یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی بە یەکەوە بتوانن بەر لە هەر ڕووداو و پێشهاتێکی سەربازیی نەخوازراو بگرن، ئەگەر بێتە پێشەوە.

داواکردن لە ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا بۆ وەرگرتنی گەرەنتیی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.



د. عەبدولحسێن شەعبان بیرمەندی عێراقی تایبەت بۆ گوڵان:

# بەم زووانە حکومەتی تازە پێک نایەت، ئەگەر پێکیش بێت، لاواز دەبێت و بەردەوام نابێت

**لە ئێستادا پرۆسەی سیاسیی عێراق دوای پتر لە هەشت مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە بنبەست گەیشتووە، تا ئەمڕۆش نەتوانراوە هەنگاوێك بنرێت بەرەو پێكهێنانی كابینەی تازەی حكومەتی عێراق، بەتایبەتیش دوای كشانەوەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق و بەشدارینەكردنی لە حكومەتی ئایندەی عێراق، ئەم بارودۆخە خەریكە زیاتر بەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت و، دووریش نییە گرژی لێ بكەوێتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم دۆخە نەخوازراوەی عێراق و ئایندەی پرۆسەی حوكمڕانی لە عێراق، گوڵان چەند پرسیارێكی لە بیرمەند و توێژەری سیاسیی عێراقی دكتۆر عەبدولحسێن شەعبان كرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

*** هەر وەك دەبینین پرۆسەی سیاسیی عێراق ڕووبەڕووی چەقبەستنێك بووەتەوە كە بواری ئومێد و خواستی بۆ عێراقییەكان نەهێشتووەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی كە پێكهێنانی حكومەتی تازە دوا بكەوێت، هاوكات ڕەوتی سەدر لە پێشهاتێكی تازەدا، ئەندامانی خۆی لە پەرلەمانی عێراق كشاندەوە، پرسیارەكە ئەوەیە: ئایا پێت وایە لە ئێستادا بارودۆخەكە ئاڵۆزتر بووە، یان دەرفەتێك بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هاتووەتە پێش؟**

- لە بنەڕەتدا پرۆسەی سیاسی لە عێراق بە لاوازی و زەلیلی لە دایك بووە، چونكە لە شێوەی منداڵێكی ناكام و كەمئەندامە، واتا تا بڵێی كەموكوڕیی هەیە و نەیتوانیوە ببێتە ئەو حكومەتەی كە بپەڕژێتە سەر كایەكانی حوكمڕانی و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، ئەو ناكاملییەش لەبەر دوو هۆیە:

یەكەمیان: لە منداڵدانی داگیركاریدا لەساڵی ٢٠٠٣ لەدایك بووە.

دووەمیان: لەسەر بنەمای پشكپشكێنەی تایفەگەری و ئیتنی دامەزراوە.

جگە لەم دوو هۆیە، دەتوانم هۆی سێیەمیش باس بكەم، ئەویش (دەستوور)ە، كە لە ساڵی ٢٠٠٥ هەموو عێراقییەكان دەنگیان لەسەر دا، كە لە ئێستادا حوكمڕانان پێوەی پابەند نین، ئەگەر چەند ماددەیەكیشی لێ جێبەجێ بكرێت، ئەوا بە ئارەزوو و مەرام و بەرژەوەندیی حوكمڕانان دەستی بۆ دەبرێت، و چییان پێ باش بێت لێی وەردەگرن، بۆیە دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی ئەم وڵاتە لەبەر بێسەروبەری و پاشاگەردانی و هۆكارە خودی و بابەتییەكان بەرەو هەڵدێر و مەترسیی زیاتر دەچێت، خەڵكی بەشمەینەتی عێراقیش بەم چارەنووسە نادیارە گەیشتووە، كشانەوەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمان نیشانە و هێمایەكە بۆ ئاشكرابوونی كەموكوڕیی سیستەمی سیاسیی عێراق كە من وای بۆ دەچم زیاتر تاریك و لێڵ دەبێت و، ڕەنگە مەترسی دیكەش چاوەڕوانمان بكات، دەرچوون لەو تونێڵە تاریك و تەسكە ئاسان نییە، بەڵكوو یەكەم شت پێویستی بە ئیرادەیەكی سیاسی هەیە بۆ چاكسازی، دووەمیان چاوخشاندنەوە بە دەستوور، یان هەمواركردنی یان هەر گۆڕینی هەندێ ماددە كە پەیوەستن بە (پێكهاتەكان) كە دووجار لە پێشەكییەكەی و دواتر لە ماددەكانی ٩ و١٢ و٤٩ و١٢٥ و١٤٢دا هاتووە، ئەم ماددانە زیاتر سیستەمی پشكپشكێنە لەسەر بنەمای دەستكەوت و بەرژەوەندی بەرجەستە دەكەن، بۆیە ئەگەر هێزە سیاسییە بنەڕەتییەكانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی عێراق گەیشتنە قەناعەتێك كە ناتوانن چی دیكە بەردەوام بن، تەنیا بە گۆڕین نەبێت، ئەو كاتە دەكرێت بە ئیرادەیەكی یەكگرتووی سیاسی ڕێگایەكی باشتر بۆ پرۆسەیەكی دیكەی سیاسیی جیاواز بگیرێتە بەر، ئەگەرنا ئەم وڵاتە زیاتر بەرەو هەڵدێر و كاولكاری و داڕووخان دەچێت.

*** ئەو سیناریۆیانەی زیاتر ئەگەری ڕوودانیان لێ دەكرێت چین، لەنێوان هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردنەكان و گەیشتن بە ڕێككەوتنێك بۆ پێكهێنانی حكومەت؟**

- من پێم وایە هەتا ئەگەر یەكێك لەم سیناریۆیانەی باستان كرد ڕوو بدات، ئەوا قەیرانەكە هەر درێژەی دەبێت، بەڵكو ئاڵۆزتر دەبێت، چونكە ئەستەمە لە ئێستادا چارەسەرێك

**لە بنەڕەتدا پرۆسەی سیاسی لە عێراق بە لاوازی و زەلیلی لە دایك بووە، چونكە لە شێوەی منداڵێكی ناكام و كەمئەندامە، واتا تا بڵێی كەموكوڕیی هەیە**

**حكومەتی عێراق نەیتوانیوە ببێتە ئەو حكومەتەی كە بپەڕژێتە سەر كایەكانی حوكمڕانی و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان**

**كشانەوەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمان نیشانە و هێمایەكە بۆ ئاشكرابوونی كەموكوڕیی سیستەمی سیاسیی عێراق**

بدۆزرێتەوە مایەی ڕەزامەندیی لایەنە سەرەکی و باڵادەستەکانی بەشدار و نێو پرۆسەی سیاسی بێت. لەو باوەڕەدام کە چ ئێستا، یان دواتر هەمووان دەگەنە تونێلێکی داخراو، هەر یەکە لەو لایەنانە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵ دەدات پارێزگاری لە بوون و بەردەوامی و بەرژەوەندیی خۆی بکات، ئەمەش بێگومان دابەشبوون و لێکترازان زیاتر دەکات، بۆیە دواجار مەترسییە گەورەکە ڕوودەدات، ئەویش شەڕی ناوخۆیە. من وای بۆ دەچم یەك شەڕ نابێت، بەڵکو شەڕی شیعە و شیعە، شیعە و سوننە، هەندێ لایەنی دیکەش دەکەوێتە نێو ئەم ڕووداوانە، وەك تورکمان و کلدان و ئاشوور (کریستیان)، ئەمەش گەورەترین کارەسات دەبێت (شەڕی هەمووان لەگەڵ هەمووان)، براوەی ئەم شەڕانەش زیاتر زەرەرمەندە، چونکە ئەگەر خوانەخواستە شەڕ ڕووبدات، واتا کۆتایی عێراقە وەك دەوڵەت، لە پەراوێزی ئەم دەوڵەتەش چەند دەوڵەتۆکەی سەر بە تایفە و ئیتنییەکان دادەمەزرێن، بەو مانایەی هەمووان دەبنە کەمینە، بەتایبەتیش لە ڕووی هەژموونی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی هێزە دەستڕۆیشتووەکان، دواجار هیچ یەکێك لەمانە پارێزراو نابێت و دەکەوێتە ژێر چەپۆکی ئەو هێزانە و بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

*** ئەگەر حکومەتی تازە لە عێراق پێکهات، پێتان وایە شێوەی ئەم حکومەتە چۆن دەبێت؟ ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن لە ئەرکەکانی خۆی سەرکەوتوو بێت و لە ئاست ئومێد و خواستی چین و توێژەکانی گەلانی عێراقدا بێت، دوای ئەو هەمو ماوەیەی کە خەڵك چاوەڕوانی بوو؟**

- تا ئێستا پێم وا نییە حکومەتی تازە بەم زووانە پێکبێت، بەتایبەتیش کە کوتلەی سەدری بەردەوامە لە فشارخستنە سەر لایەنەکانی دیکە (پارتی دیموکراتی کوردستان و سیادە) کە بەشدار بوون لە هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکە، هەروەها بۆ سەر ئیتار، من لەو باوەڕەدام ئیتار دەتوانێت حکومەت پێك بهێنێت، ئەگەر لەگەڵ پارتی و سیادە ڕێك بکەوێت، بەڵام ئەو حکومەتە زۆر بەهێز نابێت، تەنانەت لاواز دەبێت، چونکە دیسان دەکەوێتە ژێر فشاری سەدر و لایەنگرانی و شەقامی عێراقی، سەدر توانای جووڵاندنی شەقامی هەیە، ڕەنگە توندوتیژیشی بەدوادا بێت، بەتایبەتی کە ئێستا بە فەرمی و لە دەرەوەی حکومەتیشدا چەك زۆرە و بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوە و لە هەموو شوێنێکدا دەست دەکەوێت، تەنانەت لەوانەیە لەنێو خودی پێکهاتەکانی حەشدی شەعبیش ئەم پێکدادانە ڕووبدات کە هەر گرووپەی سەر بە لایەنێکی شیعەن، ڕەنگە پێکدادان و گرژی بکەوێتە نێوان حەشدی شەعبی و سوپای عێراقیشەوە، هەروەك دەزانن ئەو دامەزراوانە سیستماتیك نین و بیروباوەڕێکی دیاریکراوی سیاسی حوکمیان ناکات و، هەر دامەزراوەیەکیان وەلای بۆ تایفەیەك، یان حزبێك، یان مەرجەعێکی ئایینی هەیە.

من پێم وایە کە عێراقییەکان یەکەم شت و پێش هەموو داوایەك دەیانەوێت هەیبەتی دەوڵەت بگەڕێتەوە، یاساش سەروەر بێت و بەسەر هەموو هاووڵاتیەك وەك یەك بێت، چەکیش تەنیا لە دەستی دەوڵەتدا بێت، هاوکات ئەو میلیشیایانە هەڵوەشێنەوە، جا لەژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بن، ڕووبەڕووی گەندەڵی و گەندەڵکاران ببنەوە، بە کورتییەکەی ڕێز و ئیعتیبار بۆ شەرعییەتی یاسا دابنرێت، واتا یاسا حوکم بکات، شەرعییەتی یاسا بچەسپێت و خەڵکە سەر لێ شێواوەکەی عێراق هەناسەیەکی پاك هەڵمژێت و چی دیکە نەکەوێتە ژێر باری قورسی گوزەران و ئەو ژیانە تاڵەی کە پتر لە نیوەی گەلی عێراق پێوەی دەناڵێنێت، چونکە بە بەڵگە و نیشانە بینیمان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٨٠٪ ی خەڵکەکە بەشدارییان لە دەنگداندا نەکرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە متمانەیان بە پرۆسەی سیاسیی عێراق نەماوە، بۆیە هەتا ئەگەر هەڵبژاردنێکی تازەش بکرێتەوە، پێم وا نییە قەیرانی سیستەمی ئێستای سیاسی چارەسەر بکات، کە لەسەر بنەمای دابەشکاریی وەزیفی و پشکپشکێنەی تایفەگەری و ئیتنی بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتی لە سایەی نەبوونی حوکمی یاسا و متمانە بە دادگا و دادوەری لەلایەن خودی هێزە سیاسییەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەمە وێڕای دەستتێوەردانی دەرەکی لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمی و دەوروبەر و دەوڵەتانی دیکەی جیهانی.

**ئەستەمە لە ئێستادا چارەسەرێک بدۆزرێتەوە مایەی ڕەزامەندیی لایەنە سەرەکی و باڵادەستەکانی بەشدار و نێو پرۆسەی سیاسی بێت**

**حەشدی شەعبی و ئەو دامەزراوانە سیستماتیک نین و بیروباوەڕێکی دیاریکراوی سیاسی حوکمیان ناکات و، هەر دامەزراوەیەکیان وەلای بۆ تایفەیەک، یان حزبێک، یان مەرجەعێکی ئایینی هەیە**

**لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٨٠٪ ی خەڵکەکە بەشدارییان لە دەنگداندا نەکرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە متمانەیان بە پرۆسەی سیاسیی عێراق نەماوە**



ئاشکرایە لە عێراقدا دۆخێکی نوێی سیاسی دروست بووە، بەتایبەتی لە دوای کشانەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی کوتلەی سەدر، بەڵام ئایا هەلومەرجەکە بە ئاراستەی هەنگاوهەڵگرتن بۆ گەیشتن بە چارەسەر دەڕوات، یان بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەڕوات؟ ئەم بابەتە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئیبراهیم میرانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**ئیبراهیم میرانی** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پارتی هۆکاری لێکنزیککردنەوەی لایەنەکانە

**ئەگەرچی ئەندامەکانی کوتلەی سەدر لە پەرلەمان دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، بەڵام هێشتا ئەم کوتلەیە کاریگەریی لەسەر عێراق و پرۆسەی سیاسی و لەسەر شەقام ماوە، دەرگای دانوستاندنیش لەبەردەمیاندا کراوەتەوە**

**ئەم کوتلە و هێزە سیاسییانەی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، یەک بەرنامە و یەک تێڕوانینیان بۆ ئایندە نییە، جگە لەوەی لەسەر پلە و پۆستیش کێشە و ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە**

**پارتی بە قەناعەتەوە چووە بەغدا و بەشداریی کارا و دیاری لە دامەزراندنی عێراقی نوێ کرد و بووە ئەندازیاری پرۆسەی سیاسی لە بەغدا**

**هەر کاتێکیش گرفتێک لە بەغدا دروست بووە، ئەوا پارتی بووەتە بەشێک لەچارەسەر و هەموو لایەن و هێزی سیاسی هەر وەک پێشتر بۆ چارەسەری کێشەکان دەگەڕێنەوە هەولێر**

*** دوای ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق دووچاری چەقبەستن و بە بنبەستگەیشتن بوو و نەتوانرا حکومەت پێکبهێنرێت، ڕەوتی سەدر کشانەوەی خۆی لە پرۆسەکە ڕاگەیاند، ئایا پێت وایە لە ئێستادا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بووە، یان دەرفەتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بووە؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخەکە هەروەك خۆیەتی و ئاڵۆزییەکە زیاتر نەبووە، واتە هەروەك چۆن لە دوای ئەوەی کوتلەی ڕەوتی سەدر هاوپەیمانیی ڕزگاری نیشتمانی پێکهێنا- بە بەشداریی سوننە و پارتی دیموکراتی کوردستان- نەتوانرا حکومەت پێکبهێنرێت، ئێستاش هەمان بارودۆخ لە ئارادایە. هەرچەندە جیاوازییەك دروست بووە کە بریتییە لە دەست لەکار کێشانەوەی سەرجەم ئەندام پەرلەمانەکانی کوتلەی سەدر، کە دەکرێت بڵێین ئەمە جیاوازە لە کشانەوە لە پەرلەمان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کە ئەمەیان کاتێك ڕوودەدات کە کوتلەیەك داواکارییەکی هەیە لە پەرلەمان و دەکشێتەوە تاوەکو گفتوگۆ و ڕێککەوتن بکات، تا ئەو کاتەی داواکارییەکەی بۆ جێبەجێ دەکرێت، یان نا، پاشان یان لە پرۆسە سیاسییەکە دەکشێتەوە، یان دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن، یان هەڵوێستێکی دیکە دەنوێنن. بەڵام ئەوەی کە کوتلەی سەدری کردوویەتی، ڕووداوێکی نوێیە و بە تەواوی ئەندام پەرلەمانەکانی دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و بوونیان لە پەرلەماندا نەماوە. لێرەدا دوو پرسیار هەیە، یەکەم: ئایا گرفت و ئاڵۆزیی کەمتر بووە، یان زیاتر بووە؟ بە دڵنیاییەوە گرفت و کێشەکان هەروەك خۆی ماوەتەوە. دووەم: ئایا کوتلەی سەدر بەشداری لە حکومەت دەکات؟ ئەگەرچی ئەندامەکانی کوتلەی سەدر لە پەرلەمان دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، بەڵام هێشتا ئەم کوتلەیە کاریگەریی لەسەر عێراق و پرۆسەی سیاسی و لەسەر شەقام ماوە، دەرگای دانوستاندنیش لەبەردەمیاندا کراوەتەوە، بۆە ئەو پرسیارە هەیە کە ئایا لە حکومەت بەشدار دەبن، یان نە؟ ئەمە دیار نییە و پرسیارێکە و دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری سەماحەتی سەدر. لەلایەکی دیکەوە نەخشەیەکی سیاسیی نوێ هاتووەتە ئاراوە کە ٧٣ ئەندام پەرلەمانی نوێ جێی ئەندام پەرلەمانەکانی سەدریان پڕ کردەوە و ئەو ئەندام پەرلەمانانە ڕاستە لە چوارچێوەی هەماهەنگین (ئیتاری تەنسیقی)، بەڵام ئەم چوارچێوەش چوار بۆ پێنج هێزی سیاسین، کە یەك هزر و دیدیان نییە، بەڵکو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە و هێزەکانی نێو ئەم چوارچێوەیە یەك بەرنامەیان نییە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمانەش دەبنە هۆی گۆڕینی هاوسەنگییەکان و ئەو پرسیارەی دروست دەبێت، ئەوەیە ئایا ئیتار بە بێ سەدر حکومەت پێك دەهێنن، یان نا؟ دووەم ئایا ئیتار لەگەڵ ئەو لایەنانەی لەگەڵیانن وەك یەکێتی و ئەو سەربەخۆیانەی لێیان نزیکن، دەتوانن ٢٢٠ کورسی کۆبکەنەوە و حکومەت پێك بهێنن، کە هەروەك دەزانین کۆکردنەوەی ٢٢٠ کورسی زۆر ئاسان نییە؟ لێرەدا ئەوەی دەمێنێتەوە هەڵویستی پارتی دیموکراتی کوردستان و کوتلەی سیادە و لایەنی دیکەیە، هەرچەندە دەزانین دەرگای دانوستاندن بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان کراوەتەوە و چاوەڕوانین و چاودێری دەکەین بزانین پرۆسەکە چۆن بەڕێوەدەچێت و بەرنامەی داهاتوو چییە، چونکە هەر لایەنێکی سیاسی و هەر کوتلەیەك بڕیاری خۆی دەدات.

*** باس لەوە دەکرێت کە کێشە و ناکۆکی هەیە لە نێوان ئیتاری تەنسیقی لەسەر پۆستەکان، ئایا تا چەند دەکرێت ئەم ناکۆکییەکان یەکلا بکرێتەوە و بتوانێت لە کۆتاییدا لەگەڵ کورد و سوننە ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێ دا، ئیتاری تەنسیقی یەك حزب و کوتلە نییە، بەڵکو چوار لایەنی سەرەکی و چەند ئەندام پەرلەمانی سەربەخۆ و و حزبی دیکەن. ئەوان تەنیا کێشەی پلە و پۆستیان نییە، بەڵکو کێشەی تێڕوانینیان هەیە، بۆ نموونە ئایا هێزی چەکداری تەنیا سوپای عێراق دەبێت، یان ئەو فەسائیل و چەکدارانەی هەیە، دەمێننەوە؟ ئەمەش ناکۆکییە لە نێوان فەتح و دەوڵەتی یاسا و هادی عامری و عەسائیب ئەهل ئەلحەق و...تاد، ئەم کوتلە و هێزە سیاسییانەی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، یەك بەرنامە و یەك تێڕوانینیان بۆ ئایندە نییە، جگە لەوەی لەسەر پلە و پۆستیش کێشە و ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە، بەتایبەتی لەسەر پۆستە سیادییەکان وەك پۆستی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و چەندین پۆستی وەزاریی دیکە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئایا لەگەڵ ئەحزابی دیکە دەتوانێت ٢٢٠ کورسی کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن حکومەت پێك بێنن. ئێمە وەك پارتی تا ئێستا لەگەڵ سیادە هاوپەیمانین و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تا ئێستاش لەگەڵ ئیتارە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئایا ئێمە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئیتار دەبین، یان لەسەر هەڵویستی خۆمان بەردەوام دەبین؟ دواتر ئێستا ماڵی کوردیش لە دانوستاندایە کە نەوەی نوێ و یەکگرتوو و یەکێتی و پارتییە و ئەو لایەنانەش نەخشە سیاسییە نوێیەکە لەبەرچاو دەگرن، بۆ ئەوەی بزانن بەرژەوەندییان لەکوێدایە، بەتایبەتی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان. لەپاش دڵنیابوون لە بەرژەوەندییەکان ئینجا

هەر لایەن و هێزێکی سیاسی بڕیاری خۆی دەدات و ماوەیەکمان لەبەردەمدا ماوە بۆ ئەوەی بگەینە هەندێ بۆچوونی هاوبەش.

*** ئایا لە ئێستادا بڕیار و تێڕوانینی پارتی چییە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی عێراق و کردنەوەی گرێ کوێرەکان؟**

- بەتێڕوانینی من جارێکی دیکە پارتی بووەتەوە خاڵی بەهێز لە بڕیاری پەیوەست بە داهاتووی عێراق و، وەکو لە هەموو لایەك ئاشکرایە پارتی بە قەناعەتەوە چووە بەغدا و بەشداریی کارا و دیاری لە دامەزراندنی عێراقی نوێ کرد و بووە ئەندازیاری پرۆسەی سیاسی لە بەغدا، هەر کاتێکیش گرفتێك لە بەغدا دروست بووە، ئەوا پارتی بووەتە بەشێك لەچارەسەر و هەموو لایەن و هێزی سیاسی هەر وەك پێشتر بۆ چارەسەری کێشەکان دەگەڕێنەوە هەولێر، هەر وەك ئەوەی لە ڕێککەوتنی هەولێر ئەنجام درا، ئەمجارەش گرفت و کێشەی مەزن هەیە و دەرچوون لە کێشەکان زۆر ئاسان نییە، وەك ئەوەی شەقام دەیبینێت و، دەبێت کار بکرێت بۆ ئەوەی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی کوتلەی سەدر نەبێتە گرفتێك بۆ پرۆسەی سیاسی. کەواتە هەروەك وتم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لایەنە عێراقییەکان دەگەڕێنەوە هەولێر و بێگومان ئەم چارەسەرەش بە بێ بەشداریی پارتی نایەتەئاراوە، چونکە پارتی خاوەنی مێژوو و ئەزموونێکی ٧٥ ساڵەیە و دید و تێڕوانینی پێگەیشتووتری هەیە. هەروەها بۆ ئەوەی کێشەی زیاتر دروست نەبێت، ئەوا پارتی بەشداری لە دانیشتنی ئەمجارەی پەرلەمان کرد کە شوێنی پەرلەمانتارەکانی تەیاری سەدری پڕ کرایەوە، چونکە ئەگەر بەشداریی دانیشتنەکەی نەکردایە، ئەو دانیشتنەکە بەڕێوە نەدەچوو، هەر بۆیە ئەمجارەش پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە هۆکار و هاوکار بۆ یەکبوون و لێکنزیکبوونی لایەنەکانی دیکەی عێراق.

*** لە حاڵەتی پێکهێنانی حکومەتدا ئایا پێتانوایە شێوەی ئەو حکومەتە چۆن دەبێت و تا چەند پێشبینی دەکرێت حکومەتێکی کارا بێت و بتوانێت لە ئاست ئومێد و چاوەڕوانییەکاندا بێت؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە لە چەند مانگی ڕابردوودا هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی پێویستە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە عێراق بکرێت، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە. من پێم وایە ئەگەر هاتوو حکومەتێك پێك بێنن، ئەوا حکومەتێکی جۆری دەبێت، کە بتوانێت سەرکردایەتیی ئەو قۆناغە سەختە بکات و، ئەگەر حکومەت پێکهێنرا، ئەوا حکومەتێکی باش و کارا دەبێت. بۆ ئەمەش پێویستە کەسایەتیی خاوەن ئەزموون و شارەزا تێیدا کار بکەن. هەروەها ئەو قۆناغەی ئێستا تێیداین، تەنیا بەند نییە بە عێراقەوە، بەڵکو لە سەرجەم جیهان گۆڕانکاری هەیە و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا هەیە و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت گۆڕانکارییەك لەناوچەکە بکەن. لەبەر ئەوە دەبێت لایەنەکانی عێراق بزانن کە ئەمە قۆناغێکی سیاسیی هەستیارە و دەبێت حکومەتێکی کارا دابمەزرێنن. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەو حکومەتەی دادەمەزرێت، بە ڕەزامەندیی لایەنی سەرەکیی سیاسیی عێراق نەبێت، ئەوا حکومەتێکی سەرکەوتوو نابێت.

*** ئایا چەند دەکرێت ئەمجارە دەرفەتێك دروست بوویێت بۆ ئەوەی کورد بتوانێت داواکارییەکانی بچەسپێنێت، بە چەشنێك کە حکومەتی داهاتووی عێراق کار لەسەر جێبەجێکردنیان بکات، وەك دەرکردنی یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق؟**

- لە ڕاستیدا عێراقییەکان خۆیان مافە دەستوورییەکان دەزانن و هەموو لایەنەکانی عێراقیش لەوە ئاگادارن کە ئەمە هەق و مافی خەڵکی کوردستانە و کەسیش ناتوانێت منەت بە سەر خەڵکی کوردستانەوە بکات، چونکە ئەوانە مافی دەستوورین و لە ناو دەستووردا چەسپێنراون. هەر بەپێی دەستووریش عێراقییەکان دەتوانن حکومەتێکی نوێ پێکبهێنن و ئەگەر هاتوو ئەو ماددە دەستوورییانەش پێشێل بکرێت، ئەوا پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە کەسێك ناتوانێت مافی هەرێمی کوردستان بخوات. لەم خولەی پەرلەمانی عێراقدا دەبێت لایەنەکان کار بۆ ئەوە بکەن، یاسای نەوت و غاز لە عێراق پەسند بکرێت، چونکە ئەمە بووەتە پێویستییەك و بە بێ ئەم یاسایە کێشە و گرفتەکان چارەسەر نابن.

*** ئەگەر حکومەت پێکنەهێنرا، ئایا تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبژاردنێکی دیکەی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و، ئایا تا چەند ئەمە ڕێگاچارەیەکی واقیعی دەبێت، یان دەبێتە هۆی ئەوەی دۆخەکە بە ئاقارێکی مەترسیدارتردا بڕوات؟**

- یەکێك لە حاڵەتەکان ئەوەیە کە هەڵبژاردنێکی دیکەی پێشوەختە ئەنجام بدرێت، کە ئەمەش زۆر ئاسان نییە و لەو حاڵەتەدا بۆی هەیە، دەستێوەردانی دەرەکی بێتەئاراوە. چونکە بارودۆخی عێراق کاریگەری تەنیا لەسەر خۆی نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر ناوچەکە و دنیاش دەبێت. بۆیە پێویستە بگەینە چارەسەرێك کە گونجاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی عێراق و ناوچەکەش، بەڵام ئەگەر نەگەینە چارەسەر و هەڵبژاردنی پێشوەختەش نەکرێت، ئەوا بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار دەبێت و هەموو لایەنە سیاسییەکان لە عێراقدا تووشی زیان و کێشەی گەورە دەبن.

**لە چەند مانگی ڕابردوودا هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی پێویستە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە عێراق بکرێت، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە**

**دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت گۆڕانکارییەک لەناوچەکە بکەن. لەبەر ئەوە دەبێت لایەنەکانی عێراق بزانن کە ئەمە قۆناغێکی سیاسیی هەستیارە و دەبێت حکومەتێکی کارا دابمەزرێنن**

**لەم خولەی پەرلەمانی عێراقدا دەبێت لایەنەکان کار بۆ ئەوە بکەن، یاسای نەوت و غاز لە عێراق پەسند بکرێت، چونکە ئەمە بووەتە پێویستییەک و بە بێ ئەم یاسایە کێشە و گرفتەکان چارەسەر نابن**

**ئەگەر نەگەینە چارەسەر و هەڵبژاردنی پێشوەختەش نەکرێت، ئەوا بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار دەبێت و هەموو لایەنە سیاسییەکان لە عێراقدا تووشی زیان و کێشەی گەورە دەبن**



## دکتۆر لوقمان عومەر حوسێن

پسپۆڕ لە یاسای دەستووری و سیستەمە فیدراڵییەکان بۆ گوڵان:

# دادگای بەناو فیدراڵیی عێراق بە ئاشکرا بەشداریی گەمە سیاسییەکە دەکات و هەوڵی لەباربردنی سیستەمە فیدراڵییەکە دەدات

ئاشکرایە کە لە ماوەی ڕابردوودا بڕیارەکانی دادگای عێراق قسە و باسێکی زۆریان بە دوای خۆیاندا هێنا لەبارەی ئەم بڕیارە و خودی پێکهاتەی دادگاکە. ئەم پرسە بووە تەوەرێکی دیکەی گوڵان لەگەڵ دکتۆر لوقمان عومەر حوسێن پسپۆڕ لە یاسای دەستووری، لە تەوەری دووەمدا پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و یاسای چاکسازی شرۆڤە و تاوتوێ کران.

*** لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ـەوە تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە بڕیارەکانی دادگای بەناو فیدراڵیی عێراق دروست بووە. سەبارەت بەو بڕیارانە ڕاتان چییە؟**

- لە میانەی خوێندنەوەمان بۆ دەستووری زۆربەی دەوڵەتەکان، دەبینین دادگای باڵای فیدراڵی ئامرازی پاراستنی هاوسەنگییە لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا، پاراستنی ئەم هاوسەنگییەش نایەتەدی، ئەگەر هەرێمەکان ڕۆڵی کارایان نەبێت لە پێکهێنانی ئەم دادگایە و دەرکردنی بڕیارەکانی، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی فیدراڵی لەلایەن هەرێمەکانەوە دروست دەکرێت و، ئەو هەرێمانە یەکەی سیاسیی پێکهێنەری ئەم دەوڵەتەن، پاراستن و بەردەوامبوونی ئەم دەوڵەتەش بەوە دەکرێت کە هەردوو ئاستی دەسەڵات (فیدراڵی و هەرێمەکان) بواریان پێ بدرێت کە تایبەتمەندییە دەستوورییەکانیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە یەکتر مومارەسە بکەن، لەبەر ئەوەی سیستمی فیدراڵی لەسەر بنەمای دوو جۆر دەسەڵاتی سەربەخۆ لە یەکتر بنیات نراوە. بۆیە زۆر جار ناکۆکیی دەستووری دروست دەبێت لە نێوانیاندا، لێرەدا بوونی دادگایەکی باڵای فیدراڵیی سەربەخۆ و بێلایەن بە پێویست دەزانرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتەکەدا، ئەو سەربەخۆییەش نایەتەدی، ئەگەر خودی دادگاکە هاوسەنگ نەبێت لە ڕووی ژمارەی ئەندامانییەوە، بۆ نموونە لە بەلجیکا کە دەوڵەتێکی فیدراڵییە دادگای باڵای فیدراڵی بەم شێوەیە پێك هاتووە:

١. نیوەی ئەندامەکانی لەو هەرێمانەن کە بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن .

٢. نیوەی ئەندامەکانی دیکەشی لەو هەرێمانەن کە بە زمانی هۆڵەندی قسە دەکەن

٣. سەرۆکی دادگا بە نۆرە (تناوب) دەبێت لە نێوانیاندا، نۆرەکەش ساڵانەیە.

بەڵام لە عێراق دادگایەك نییە ناوی دادگای باڵای فیدراڵی بێت، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی دادگا و دەسەڵاتەکانی و بڕیارەکانی هەمووی نادەستوورییە و پێچەوانەی ماددەی (٩٢)ی دەستووری عێراقە، چونکە تائێستا دادگا کار بە فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ دەکات کە لە پێش دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ لە سەردەمی پۆڵ برێمەر ئەم فەرمانە دەرچووە. پاشان ئەو فەرمانە هەموار کرایەوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران بە یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١ بە زۆرینەی ئاسایی، لە کاتێکدا بە پێی ماددەی (٩٢)ی دەستوور پێویستە ئەم دادگایە بە زۆرینەی (٢/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پێك بێت.

*** ئایا هیچ فشار و کاریگەرییەکی سیاسی لەسەر دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق هەیە؟**

- بێگومان دادگای بەناو فیدراڵی لەژێر گوشاری سیاسیدا سەربەخۆیی خۆی لە دەست داوە، لە جیاتی ئەوەی ئامرازێك بێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و پارێزگاری لە ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان، بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان و، یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵی بپارێزێت کە بریتییە لە پرەنسیپەکانی هاوبەشی لە دەسەڵات و سەرچاوە سرووشتی و داراییەکان و سەربەخۆیی خودی هەرێمی کوردستان، کە پایەکانی هەموو دەوڵەتە فیدراڵییەکان لەسەر ئەم پرەنسیپ و یاسایانە وەستاون، کەچی بە ئاشکرا بەشداری لە گەمە سیاسییەکانی عێراقدا دەکات و هەوڵی لەباربردنی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا دەدات، ئەمەش پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی و ئەو ئامانجانەیە کە دادگای فیدراڵی لە پێناویدا دروست دەبێت، کە ئەویش پارێزگاریکردنە لە ماف و دەسەڵات و سەربەخۆیی هەرێمەکان و لە مانەوە و بەردەوامبوونی سیستەمی فیدراڵی .

*** ئەگەر بە دیاریکراوی لەسەر بڕیارەکانی ئەم دادگایە هەڵوەستە بکەین لە ماوەی ڕابردوودا، بە تایبەتی بڕیاری پەیوەست بە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، بۆچوونتان چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم دادگایە نە فیدراڵییە و نە دەستوورییە، ئەوە بوو لە ڕێکەوتی ١٥/ ٢/٢٠٢٢ بڕیارێکی دەرکرد، تیایدا یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بە نادەستووری لە قەڵەم دا، بڕیاری دا کەوا (الغاء) بکرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە تەواو سیاسییە و بڕیارێکی نادەستوورییشە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١. ئەو ماددە دەستوورییانەی دادگاکە پاڵپشتی کردووەتە سەر بۆ نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گاز، ڕێك پێچەوانەکەی ڕاستە، من لە تێزی

**دەوڵەتی فیدراڵی لەلایەن هەرێمەکانەوە دروست دەکرێت و، ئەو هەرێمانە یەکەی سیاسیی پێکهێنەری ئەم دەوڵەتەن**

**لە عێراق دادگایەک نییە ناوی دادگای باڵای فیدراڵی بێت، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی دادگا و دەسەڵاتەکانی و بڕیارەکانی هەمووی نادەستوورییە و پێچەوانەی ماددەی (٩٢)ی دەستووری عێراقە**

**دادگای بەناو فیدراڵی لە جیاتی ڕاڤەکردنی دەستوور و گەڕان بە دوای نیەتی ڕاستەقینەی یاسادانەری دەستوور، هەڵساوە بە هەموارکردنی دەقەکانی دەستوور و لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم**

دکتۆراکەم ئاماژەم بەوە کردووە کە هەرێمی کوردستان نەک تەنیا مافی ئەوەی هەیە گرێبەستی نەوت و گاز ئەنجام بدات، بەڵکو بەپێی ماددەکانی (١١٠ و ١١١ و ١١٢ و ١١٤ و ١١٥ و ١١٦ و ١١٧ و ١٢١)ی دەستوور مافی گرێدانی ڕێککەتننامەی نێودەوڵەتیشی هەیە لە بوارەکانی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەی دەرەوەی تایبەتمەندی حەسری دەسەڵاتی فیدراڵی .

٢. دادگای بەناو فیدراڵی لە جیاتی ڕاڤەکردنی دەستوور و گەڕان بە دوای نیبەتی ڕاستەقینەی یاسادانەری دەستوور، هەڵساوە بە هەمواركردنی دەقەکانی دەستوور و لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم، کە دەستوور بۆی دیاری کردووە و پێدانی ئەم دەسەڵاتە بە حکومەتی فیدراڵی، ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (١٢٦) و ماددەکانی دیکەی ئاماژە پێ کراوە .

٣. دادگای بەناو فیدراڵی پشتی بە یاسا کۆنەکانی ڕژێمی بەعس بەستووە، وەك یاسای ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٦ کە ئەم یاسایە بۆ دەوڵەتێکی سادەی مەرکەزی دانراوە، نەك بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، کە بە پێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دەسەڵاتەکان دابەش کراوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان، ئەمەش پێچەوانەی ماددەکانی (١و١١٠و١١١و١١٢و ١١٤و١١٥و١١٧و١٢١و١٣٠) دەستووره.

ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارەوە، ئەوا پێم وایە بڕیاری دادگا لەم بارەیەوە بڕیارێکی نادروستە، لەبەر ئەوەی بەپێی ماددەی (٥٩ / یەکەم) نیسابی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی تەواو دەبێت، بەڵام زۆرینەی (٢/٣) تەنیا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارە لە گەڕی یەکەم بەپێی ماددەی (٧٠/بڕگە ١) و بەپێی بڕگەی دووی هەمان ماددە ئەگەر نەتوانرا سەرۆك کۆمار بە ٢/٣ هەڵبژێردێت، ئەوە لە گەڕی دووەم هەر کەسێك دەنگی لەوانی دیکە زیاتر بێت، دەبێتە سەرۆك کۆمار، کەواتە لە گەڕی دووەم پێویست ناکات ٢/٣ ئامادە بێت، تەنیا زۆرینەی ڕەها بەسە بۆ تەواوبوونی نیساب لە گەڕی دووەم، دادگای بەناو فیدراڵی بەم بڕیارەی کێشەکەی زۆر قووڵتر کردووەتەوە و پڕۆسەی سیاسیی لە عێراق ئاڵۆزتر کردووە .

**دادگای بەناو فیدراڵی لەژێر گوشاری سیاسیدا سەربەخۆیی خۆی لە دەست داوە**

**دادگای بەناو فیدراڵی پشتی بە یاسا کۆنەکانی ڕژێمی بەعس بەستووە، وەک یاسای ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٦ کە ئەم یاسایە بۆ دەوڵەتێکی سادەی مەرکەزی دانراوە، نەک بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی**

**ئەنجومەنی هەرێمەکان، یان ویلایەتەکان، یان ئەنجومەنی ئیتحادی هەروەکو لە ماددەی (٦٥)ی دەستووری عێراق ئاماژەی پێ کردووە، ئەم ئەنجومەنە بوونی زۆر گرنگە و لە هەموو دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا ڕۆڵی کارای هەیە لە دەرکردنی یاسا و بڕیارە فیدراڵییەکان**

*** ئەی بە شێوەیەکی گشتی چۆن لەو گوشارانە دەڕوانن کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەکرێن؟**

- یەکێك لە پێداویستییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بوونی سیستەمی دوو ئەنجومەنی یاسادانانە لە پەرلەمانی فیدراڵی، واتە پێویستە پەرلەمانی فیدراڵی لە دوو ئەنجومەن پێك بێت، ئەنجومەنێك پێی دەگوترێت ئەنجومەنی نوێنەران، کە ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتیی گەل دەکات بە شێوەیەکی گشتی و هەر هەرێمێك بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی نوێنەریان هەیە لەم ئەنجومەنە و، ئەم ئەندامانە نوێنەرایەتیی هەرێم ناکەن، بەڵکو ئەنجومەنێکی شەعبییە، دەکرێ لە دەوڵەتێکی سادەش هەبێت، لەبەر ئەوەی دەربڕی ویستی هەرێمەکان نییە، بۆیە چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێت کە هیچ هەڵوێستێکی ئیجابیی هەبێت لە ئاست پێشێلکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بگرە هەر خۆی بەشێکە لە ئەنجامدەرانی ئەم پێشێلکارییانە، ئەنجومەنەکەی دیکە پێی دەگوترێت ئەنجومەنی هەرێمەکان، یان ویلایەتەکان، یان ئەنجومەنی ئیتحادی هەروەکو لە ماددەی (٦٥)ی دەستووری عێراق ئاماژەی پێ کردووە، ئەم ئەنجومەنە بوونی زۆر گرنگە و لە هەموو دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا ڕۆڵی کارای هەیە لە دەرکردنی یاسا و بڕیارە فیدراڵییەکان و، ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتیی هەرێمەکان دەکات بە و سیفەتەی کە هەرێمەکان یەکەی سیاسیی دەستووریی سەربەخۆن و لە ڕێگەی ئەم ئەنجومەنەوە هەرێمەکان بەشداریی کارا دەکەن لە پێکهاتەی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و لە دەرکردنی بڕیار و یاسا فیدراڵییەکان و، ئامرازێکی گرنگە بۆ ڕاگرتنی باڵانس و بەرگریکردن لە ماف و تایبەتمەندییەکانی هەرێمەکان و پاراستنی سەربەخۆیی خودی هەرێمەکان، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە لە عێراق دروست نەکراوە، بۆیە لە عێراق پەرلەمان پەرلەمانێکی فیدراڵی نییە، بەڵکو پەرلەمانێکی مەرکەزیی میللییە، لەبەر ئەوەی هەرێمەکان ڕۆڵیان نییە لە دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان، بەڵکو زۆرینەی نەتەوەی عەرەب بەتایبەتیش (شیعە) کۆنترۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانیان کردووە، هەر ئەوانیش ئاراستەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە دەکەن کە چ یاسایەك دەربکەن، یان چ هەڵوێستێك بنوێنن.

*** ئەگەر تەوەری دووەم تەرخان بکەین بۆ پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، کە لەم رووەوە و لە ساڵی ٢٠٢٠ یاسایەکی تایبەت بە چاکسازی دەرچوو، ئێوە چۆن لە خودی ئەم یاسایە دەڕوانن و تا چەند توانیویەتی ئەنجامەکانی خۆی بپێکێت؟**

- بێگومان بوونی گەندەڵی حاڵەتێکی نکۆڵی لێ نەکراوە لە هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە دەبینین، یەکەم هەنگاوی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەلایەن مەرجەعی باڵای کوردستان جەنابی سەرۆك بارزانی دەستی پێ کرد، کە ئەو کات سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، هەر ئەو هەنگاوانەی بەڕێزیان یەکێکە لە کارنامەی سەرەکییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵییە و، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیاسای چاکسازی نارد بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی وەربگرێت، یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان دەرچوو، ئەگەرچی ئەو یاساییە لە ڕووی داڕشتن و جێبەجێکردنەوە پێویستی بە هەندێك پێداچوونەوە هەیە، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە قۆناغی باشی بڕیوە، بۆ نموونە دەست کراوە بە وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەت لای کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکان و فرۆشتنی موڵکە ڕەهنکراوەکانیان، کە ساڵانێکە قەرزی حکومەتیان لەلایە و نەیانگەڕاندووەتەوە، هەروەها نەهێشتنی دوو مووچەیی و بوارەکانی دیکە کە لە یاساکەدا ئاماژەی پێ کراوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە گەورەترین ئاستەنگ و تەحەددیی بەردەم بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە چیدا بەرجەستە دەبێت و چۆن دەکرێت بەسەریاندا زاڵ بین؟**

- بێگومان گەندەڵی نەخۆشییەکی کوشندەیە و هێز و ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزی پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، چونکە نەهێشتنی گەندەڵی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە، بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر گەندەڵیدا زاڵ بین، پێویستە سەرچاوەکەی وشك بکەین، بۆ نموونە هەندێ گەندەڵی هەیە سەرچاوەکەی یاساییە ئەوە پێویستە ئەو یاسایانە کە ڕێگاخۆشکەرن بۆ گەندەڵی هەموار بکرێنەوە، هەروەها پێویستە چەند هەنگاوێك بهاوێژرێت بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتوو، بۆ نموونە:

١- چاکسازی پێویستە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بکرێت و پشتگیری و ئیرادەی سیاسیی هەبێت.

٢- دیدگەیەکی ڕوون بۆ چاکسازی هەبێت و، پێویستە خەڵك ئاگاداری دیدگەکە بن و تێی بگەن.

٣- کردار بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی هەبێت.

٤- دەبێت سەرەتا ئەو چاکسازییانە ئەنجام بدرێن کە ماوەیەکی کورتی پێویستە.

٥- بەردەوامبوون لە سەرکەوتن و پاراستن و ڕاگرتنی سەرکەوتنەکان.

٦- پرۆسەی چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو بێت و بەردەوام چاو بە هەنگاوەکاندا بخشێنرێتەوە.

٧- پێویستە لە کاروانی چاکسازی بەردەوام بین و ڕانەوەستین.

*** بەڵام تا چەند ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، واتە تا چەند پێویستی بە کات و هەوڵی بەردەوام هەیە؟**

- بێگومان نەهێشتنی گەندەڵی و بنبڕکردنی پرۆسەیەکی بەردەوامە و ناکرێت بە شەو و ڕۆژێك کۆتایی پێ بێت، پێویستە بە دوای سەرچاوەی گەندەڵییەکەدا بگەڕین و وشکی بکەین و، دەبێت سەرەتای چاکسازیی ئەو بوارانە دەست پێ بکات کە ماوەی زۆریان پێویست نییە و، سوودیش لە ئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتوو لەو بارەوە وەربگرین، بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەکو سەنگافورە کە لە ناو فیدراڵییەتی مالیزیادا بوو، بەڵام مالیزیا لە ساڵی (٦٥) دەری کرد و هەر بۆیە سەنگافورە تا ساڵی ١٩٨٥ زۆر دواکەوتوو بوو و گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی لەم وڵاتەدا زۆر بوو، بەڵام سەنگافورییەکان بڕیاریان دا ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە و دەستیان کرد بە چاکسازیی هەنگاو بە هەنگاو، ئەوەتا ئێستا سەنگافورە یەکێکە لە پێشکەوتووترین و خاوێنترین وڵاتەکان لە جیهاندا، هەموو ئەو کار و شتانە بە پلان و ئیرادەیەکی سیاسی و کاتێکی درێژخایەن بوو، هەروەها زۆر وڵاتی دیکە ماوەیەکی زۆریان پێویست بووە تا ڕووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە.

**لە عێراق پەرلەمان پەرلەمانێکی فیدراڵی نییە، بەڵکو پەرلەمانێکی مەرکەزیی میللییە، لەبەر ئەوەی هەرێمەکان ڕۆڵیان نییە لە دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان**

**یەکەم هەنگاوی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەلایەن مەرجەعی باڵای کوردستان جەنابی سەرۆک بارزانی دەستی پێ کرد، کە ئەو کات سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو**

**گەندەڵی نەخۆشییەکی کوشندەیە و هێز و ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێزی پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، چونکە نەهێشتنی گەندەڵی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە**

## گلێن دیزێن

پرۆفیسۆری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج بۆ گوڵان:

# سزاکان ڕووسیا ناچار بە گۆڕینی سیاسەتەکانی ناکەن

**گلێن دیزێن زانایەکی سیاسی نەرویجییە و پرۆفیسۆری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج، و تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیایە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و پەرەسەندن و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی و ئاسایشی ئەوروپا و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** مشتومڕێکی زۆر کراوە لە بارەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بە تایبەتی هۆکار و پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی ڕووسیا بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەم چەشنە بدات، ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم بڕیارەی ڕووسیا بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا چۆن دەخوێننەوە و ئایا هەلومەرجەکە بە چەشنێك بوو کە ڕوودانی شەڕەکە شتێکی حەتمی بێت، یان دەکرا دۆخەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکی دیکەدا ببردرێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هەلومەرج، یان با بڵێین هۆکار و پاڵنەرەکانی ڕووسیا بۆ پەلاماردان و داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا، ئەوا دەکرێت بڵێین پاڵنەری بنەڕەتی بریتی بوو لە خواستی وڵاتی ڕووسیا بۆ بەرپێگرتن و کۆتاییهێنان بە بەرفراوانبوونی ناتۆ. هەروەها دەبێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ڕووی مێژووییەوە ناتۆ بەدگومان بوو بەرامبەر بە ڕێکخراوی ناتۆ، هەر چۆنێك بێت، دواتر هەلومەرجی دیکە هاتەئاراوە، ئەوە بوو لەساڵی ٢٠١٤دا وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ پاڵپشتی و پشتیوانییان لە ئەنجامدانی کودەتا کرد لە نێو ئۆکرانیادا، لە دەرئەنجامدا حکومەتێکی




تەواو دژ بە ڕووسیا جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست. چونکە ئەم حکومەتە دەستی دایە پاکتاوکردنی پارتە سیاسیە بەرهەڵستکارەکان و سەرکوتکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لایەنەکانی موعارەزە کە مەیلی دۆستایەتیان لەگەڵ ڕووسیا هەبوو. هەروەها دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە شوباتی ساڵی ٢٠١٥دا ڕێککەوتنێکی ئاشتی ئەنجام درا و واژۆ کرا، بە ناوی ڕێککەوتنی مینسک-٢، کە تێیدا ئۆکرانیا ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی دۆنباس قبووڵ کرد، تا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت بتوانێت بەر بە بەرفراوانبوونی ناتۆش بگرێت. کەواتە ئەگەر لەم ڕووەوە بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە، ئەوا ئامانجەکانی ڕووسیا لەم داگیرکارییە بریتییە لە دابڕینی دۆنباس لە ئۆکرانیا، هەروەها چەکداماڵین لە سوپای ئۆکرانیا و لە هەمان کاتدا ئامانجی ڕووسیا بەرجەستە دەبێت لە سنوردارکردنی دەستڕۆیشتوویی هێزە ناسیۆنالیستییە ئۆکرانییەکان کە لە ساڵی ٢٠١٤وە لەو وڵاتەدا هێزی زاڵ و باڵادەست بوون، دوا ئامانجیش هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، بریتییە لە ڕێگریکردن لە بەرفراوانبوونی ناتۆ بۆ نێو ئۆکرانیا.

*** پێشتریش و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆر باس لەوە دەکرێت کە یەکێك لە هەڕەشە جیهانییەکان هەڵکشانی ڕکابەری و ململانێی نێوان هێزە مەزنە جیهانییەکانە، ئایا شەڕی ڕووسیا لەم ڕووەوە چیمان پێ دەڵێت و ئایا دەکرێت بڵێین لە ئێستادا ڕۆژگارێکی دیکەی هاوشێوەی سەروەختی شەڕی سارد هاتووەتەئاراوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرهاویشتە و دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی شکستهێنانە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە، لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك کە مایەی پەسەندکردن و قبووڵکردنی هەموو لایەك بێت، ئەوەتا لە ئێستادا لەسەر خاکی ئۆکرانیا، شەڕی بە وەکالەتی نێوان ناتۆ و ڕووسیای لێ دروست بووە. چونکە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، هەموو لایەك ڕازی بوون لەسەر دامەزراندنی سیستمێکی ئەمنیی نوێ و گشتگیر لە ئەورووپادا لەسەر بنەمای ئەوەی پرسی پەیوەست بە بواری ئەمنییەوە قابیلی دابەشکردن نییە، واتە ڕێککەوتنەکە لەسەر ئەوە بوو کە نابێت هیچ لایەك پەرە بە ئاسایشی خۆی بدات لەسەر

**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرهاویشتە و دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی شکستهێنانە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە، لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە مایەی پەسەندکردن و قبووڵکردنی هەموو لایەک بێت**

**ناتۆ لە میانەی ٢٥ساڵی ڕابردوودا، لەسەر حیسابی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی ئاسایشی ڕووسیا هەنگاو بە هەنگاو پەرەی بە ئاسایش و ئەمنییەتی خۆی داوە**

**ئەم شەڕەی ئێستا بەرجەستەبوونی ڕەتکردنەوەی تەواوی ڕووسیایە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان**

**ئابووریی ڕووسیا لە ژێر کۆنترۆڵدایە و سیستمی دارایی ئەو وڵاتە سەقامگیرە و تەنانەت دراوی ئەم وڵاتە بەهێزترە و بە بەهاترە بەراورد بە حەوت ساڵ پێش ئێستا**

حیسابی ئاسایشی لایەنێکی دیکە. هەرچۆنێك بێت، ڕووسیا لە بار و پێگە و دۆخێکی لاوازدا بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ستراتیژیەتێکی ئەمنی گرتەبەر کە لەسەر هەژمونگەرایی جیهانی بنیات نرابوو. ئەوە بوو لە کۆتاییدا پابەندبوونەکان جێبەجێ نەکران و سەرجەم ڕێککەوتنە ئەمنییەکانی ئەورووپا پێشێل کران و دەستیان لێ هەڵگیرا لە پێناو بەرفراوانکردنی ناتۆدا. ئەمەش بەو واتایە هات کە ئەم بەرفراوانبوونە زیاتر و زیاتر لە سنوورەکانی ڕووسیا نزیك دەبووەوە. چونکە ناتۆ لە میانەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، لەسەر حیسابی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی ئاسایشی ڕووسیا هەنگاو بە هەنگاو پەرەی بە ئاسایش و ئەمنییەتی خۆی داوە. کەواتە ئەم شەڕەی ئێستا لە ئەورووپا ململانێیە لەسەر ئەوەی ئەم بەرفراوانکردنە تا کوێ بڕوات و لە کوێدا ڕابوەستێت. لە سەروەختی شەڕی سارددا ئەم شەڕانە لە بەشی باشووری جیهانی ڕوویان دەدا، بەڵام ئەم شەڕەی ئێستا لە نێو جەرگەی ئەورووپادا بەڕێوە دەچێت.

*** لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە ئومێدێك، یان هەوڵێك هەبوو بۆ ئەوەی ئەوەی پێی دەوترێت «سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان» وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە و تەنانەت ڕووسیا و چینیش ئاوێتەی ئەم سیستمە بکرێن، بەڵام ڕەنگە بتوانرێت بوترێت کە ئەم شەڕە هەموو ئەم هەوڵ و ئومێدانەی لەبار برد، ئایا پێتان وایە ئەم شەڕە بزمارێکی دیکەیە لە تابوتی ئەم سیستمی جیهانییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەوترێت سیستمی نێودەوڵەتیی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان تێکەڵێکە لە یاسای نێودەوڵەتی و یاسای مرۆیی. بناغە و بنچینەی ئەم سیستمەش ئەوەیە کە بەها لیبراڵییەکان حاڵەتێکی بەدەر لە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەخولقێنن و دروست دەکەن، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە تەنیا ڕۆژئاوا دەتوانێت مومارەسەی ئەم حاڵەتە بەدەر لە یاسا نێودەوڵەتییەکە بکات. لە دەرئەنجامی هەموو ئەو پەرسەندنانەوە سیستمێکی هەژمونگەرا هاتەئاراوە کە تێیدا سەروەرییەکی نایەکسان دروست بوو، کە تێیدا وڵاتانی ڕۆژئاوا دەتوانن دەستێوەردان بکەن لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتانی دیکە و حکومەتی وڵاتانی دیکە بڕووخێنن و دەست بە داگیرکاری بکەن لە ژێر پەردە و پاساوی بەرگریکردن و پاراستنی لیبراڵ دیموکراسی. ئەگەر بمانەوێت بە گوزارشتێکی دیکە ئەم بیرۆکەیە دەرببڕین، ئەوا دروشمی ڕۆژئاوا ئەوە بوو، سەروەری بۆ ئێمە و دەبێت وڵاتانی دیکەی لێ بێبەش بکرێت. کەواتە ڕاستە ئەم شەڕەی ئێستا بەرجەستەبوونی ڕەتکردنەوەی تەواوی ڕووسیایە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان.

*** ئێستا کە شەڕەکە بەردەوام و درێژەی کێشاوە- دوای ئەوەی ڕووسیا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە سەرکەوتنێکی خێرا تۆمار بکات-، ئایا پێت وایە پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا دەڕۆن؟ ئایا پێشبینی هەڵکشانی زیاتری شەڕەکە دەکەن، یان ئەگەر و دەرفەتێك هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێی گفتوگۆوە کۆتایی بەم شەڕە بهێنرێت، یان بەلای کەمەوە جۆرێك لە ئاگربەست ڕابگەیەنێت؟**

- گومان هەڵناگرێت کە لە ئێستادا بارودۆخی شەڕەکە بە چەشنێك هەڵکشاوە کە ڕەنگە زەحمەت بێت دەرفەت و ئەگەرێك مابێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێی پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن. ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووسیاوە، ئەوا دۆخەکە مایەی هەڕەشەیەکی وجوودییە و ناتوانێت بوونی سیستمی چەکی ناتۆ و خودی ولایەتە یەکگرتووەکان لەسەر سنوورەکانی قبووڵ بکات. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ناتۆوە هەبێت، کە تەواوی ناوبانگی خۆی لەم شەڕەی ڕووسیادا خستووەتە مەترسییەوە، لە هەمان کاتدا لەبەردەم ئەو مەترسییەشدایە کە دووچاری نادڵنیایی و دابەشبوونی ناوخۆیی ببێتەوە، ئەگەر بێت و ئەم شەڕی بە وەکالەتە بدۆڕێنێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ئەو گوڕوتینەی ڕووسیا لە شەڕەکەدا بەدەستی هێناوە، بەردەوام بێت و بتوانێت خاکی زیاتر کۆنترۆڵ بکات، لەو کاتەدا پاڵنەر و هۆکارێك بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست دەبێت، بۆ ئەوەی کار لەسەر دەستکردن بە گفتوگۆ بکات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، بەڵام ئەگەر لە ئەنجامی دەستەبەرکردنی چەکی زیاترەوە شەڕەکە بگاتە بە بنبەستگەیشتن، ئەو کاتە ئەمریکا خواستی ئەوەی بۆ دروست دەبێت، بۆ ئەوەی درێژە بە شەڕەکە بدات، بۆ ئەوەی ڕووسیا دووچاری خوێنەربوونی سەربازی و ئابووری بکاتەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی دەستەبەرکردنی چەك کرد بۆ ئۆکرانیا لەلایەن ڕۆژئاوا، بە تایبەتی**

**لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بەڵام ئاشکرایە کە ڕۆژئاوا لە پاڵ چەك و هاوکارییە سەربازییەکاندا، سزا و ڕێکاری ئابووری و دارایی توندی لە دژی ڕووسیا گرتووەتەبەر، ئێوە چۆن لە کارایی ئەم سزا و ڕێککارانە دەڕوانن و تا چەند پێتان وایە زیانیان بە ئابووریی ڕووسیا گەیاندووە، بە چەشنێك کە لە کۆتاییدا ناچار بە سازشکردن بێت، یان دەست لە شەڕەکە هەڵبگرێت؟**

- ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە لە پەیوەندی بەم سزایانەی ڕۆژئاوا، ئەو دەرئەنجامە خوازراوەیان لێ نەکەوتووەتەوە کە چاوەڕوان و پێشبینییان دەکرد. چونکە ڕۆژئاوا چاوەڕانی ئەوەی دەکرد کە ئەم سزایانە بە خێرایی ببنە هۆی تێکشکاندنی ئابووریی ڕووسیا و سیستمی دارایی و دراوی ئەو وڵاتە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەمە ڕووی نەدا، بەڵکو ئەوەی لە ئارادایە ئەوەیە کە ئابووریی ڕووسیا لە ژێر کۆنترۆڵدایە و سیستمی دارایی ئەو وڵاتە سەقامگیرە و تەنانەت دراوی ئەم وڵاتە بەهێزترە و بە بەهاترە بەراورد بە حەوت ساڵ پێش ئێستا. کەواتە بە پێچەوانەوە، ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی داکشانی پیشەسازی و دووچاری قەیرانی وزە بوونەتەوە، هەڵئاوسانیش لە دۆخێکدا نییە کە بتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژئاوا هێزی ئابووریی ڕووسیای بە کەم گرتبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی کە لە ئێستادا لە جیهانێکی فرەجەمسەریدا دەژین و، ژمارەیەکی کەمی وڵاتانی دەرەوەی ناتۆ ئامادەن هەمان هەنگاو هەڵبگرن و ئەوانیش سزا لە دژی ڕووسیا بسەپێنن. هەرچۆنێك بێت، نابێت ڕووسیا زۆر خۆشحاڵ بێت، چونکە ئەم سزایانە لە مەودای دووردا کێشە و گرفتی زیاتر بۆ ڕووسیا دروست دەکەن. هەر لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە ئەم سزایانە لە دوای ئەم هاوینەوە کێشەی زیاتر دروست دەکەن، کاتێك گرفتەکان پتر کەڵەکە دەبن. هەرچەندە کارایی سزاکان لەو ڕووەوە دەپێورێت کە تا چەند توانای ئەوەیان هەیە کاریگەر بن بە سەر سیاسەتەکانی وڵاتە ڕکابەر و دوژمنەکەوە. هەروەك پێشتر باسم کرد، ڕووسیا ئەم شەڕە بە هەڕەشەیەکی وجوودی لێکدەداتەوە و لەم ڕوانگەیەوە مۆسکۆ بەرگەی دژوارییە ئابوورییەکان دەگرێت و بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتەکانی بە چاوپۆشین لەو سزایانەی بەسەریدا سەپێنراون.

*** هەر لە پەیوەندی بە وڵاتانی ئەوروپا، ئایا پێت وایە تا چەند ئەم شەڕە حیساباتی ئەم وڵاتانەی گۆڕیوە لە پەیوەندی بە ئاسایشی سەربازی و ئاسایشی وزەوە -هەروەك دەبینین ئەڵمانیا بودجەی سەربازی زیاتر دەکات و دەیەوێت کەمتر پشت بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیا ببەستێت-، ئایا ئەم گۆڕانکارییانە چ کاریگەری و دەرئەنجامێکی لەسەر ئایندەی ئەم کیشوەرە دەبێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بوترێت کە ڕۆژئاوا ستراتیژیەتێکی ئەمنی گرتووەتەبەر کە لەسەر بنەمای هەژمونگەرایی دەستەجەمعی لە پانتایی کیشوەری ئەوروپا بنیات نراوە، ئەویش لە سۆنگەی باوەڕبوونیانە بەوەی دەتوانن بەردەوام بن لەسەر بەرفراوانکردنی ناتۆ، هەروەها پێیان وابوو کە ڕووسیا ناچار دەبێت لە کۆتاییدا ئەم واقیعە لەبەر چاو بگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات و قبووڵی بکات، لە ئێستاشدا ئەوروپییەکان دووچاری تەنگژەیەك بوونەتەوە، کە یان دەبێت بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ڕووسیا لەبەرچاو بگرن لە نێو سیستمی ئەمنیی ئەوروپیدا، یان ئەوەتا پێداگری بکەن لەسەر برەودان بە بەرژەوەندییە هەژموونخوازییەکان، کە پێدەچێت ئەوروپا بژارەی دووەمیانی گرتبێتەبەر. بە تێڕوانینی من ئەوروپا هەڵەیەکی گەورەی کرد، بەڵام لە ئێستادا لە دۆخێکدایە کە ناتوانێت هەلومەرجەکە پێچەوانە بکاتەوە. ئەوەتا کاردانەوەی ڕووسیا لەبەرامبەر سزاکاندا ئەوەیە کە بە یەکجاری خۆی داببڕێت لە ئابووریی ئەوروپا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە وزە و کاڵا و کانزا و بازاڕی ڕووسیا بە ئاقاری ڕۆژهەڵاتدا وەردەچەرخێت. پیشەسازییەکانی ئەوروپا چیتر ڕکابەرییان پێ ناکرێت لە بازاڕە جیهانییەکاندا، لەبەر ئەوەی چیتر وزە و کانزای هەرزانبەهای ڕووسیایان دەست ناکەوێت، کە لە ئێستادا بە نرخێکی داشکێنراو بە وڵاتانی ئاسیا دەفرۆشرێت کە پیشەسازیی ئەم وڵاتانە توانایەکی باشتری ڕکابەرییان هەیە لە دەرئەنجامدا. هەروەها لە دەرئەنجامی بە سەربازیبوونی زیاتری ئەوروپا ئەم کێشوەرە زیاتر و زیاتر لاواز دەبێت، چونکە یەکێتیی ئەوروپا بە ڕاددەیەکی گەورە پشت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەستێت، لە کاتێکدا ڕووسیاش زیاتر و زیاتر پشت بە وڵاتی چین دەبەستێت.

**مۆسکۆ بەرگەی دژوارییە ئابوورییەکان دەگرێت و بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتەکانی بە چاوپۆشین لەو سزایانەی بەسەریدا سەپێنراون**

**کاردانەوەی ڕووسیا لەبەرامبەر سزاکاندا ئەوەیە کە بە یەکجاری خۆی داببڕێت لە ئابووریی ئەوروپا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە وزە و کاڵا و کانزا و بازاڕی ڕووسیا بە ئاقاری ڕۆژهەڵاتدا وەردەچەرخێت**

**پیشەسازییەکانی ئەوروپا چیتر ڕکابەرییان پێ ناکرێت لە بازاڕە جیهانییەکاندا، لەبەر ئەوەی چیتر وزە و کانزای هەرزانبەهای ڕووسیایان دەست ناکەوێت**

# پاڵپشتیکردنی نرخی خۆراک و بەنزین بەردەوام دەبێت

پاڵپشتیکردنی نرخی خۆراك و بەنزین وەكو دوو كاڵای سەرەكیی هاووڵاتیان لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی سەرۆك وەزیران ڕۆڵی كارای لە كۆنترۆڵكردنی نرخ هەبوو، بە تایبەتی كە هەردوو كاڵاكە ڕێژەیەكی بەرزی لە دەرەوەی وڵات دێت و بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیاوە نرخەكانی ڕووی لە هەڵكشان كردووە و، قەیرانێكی گەورەی خۆراكی و نرخی بەنزینی لێكەوتووەتەوە. لە دووتوێی ڕاپۆرتێكدا گۆڤاری گوڵان ڕاوبۆچوونی هەر یەك لە گوڵیزار ڕەشید جێگری سەرۆكی لێژنەی سامانە سرووشتییەكان و پیشەسازی لە پەرلەمانی كوردستان و ڕێبین زەنگەنە بەڕێوەبەری گشتیی كارگێڕی و دارایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتیەكان و نەوزاد شێخ كامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەرگرت، لێرەدا پوختەی قسەكانیان بڵاو دەكەینەوە.



### ● هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراك و بەنزین کاریگەر بوو

لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان پرسی گرانبوونی نرخی کاڵا و خۆراك خرایەڕوو، بە ئامادەبوونی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، لێژنەی سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی لەو بارەیەوە ئامادە کردبوو، کە ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی خستەڕوو. هاوکات لێژنەکەی پەرلەمان بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی بەنزین و گاز سەردانی وەزارەتی کارەبای کردو، لەگەڵ وەزیری کارەبا کۆبووەوە، سەبارەت بەم دوو پرسە گوڵیزار ڕەشید جێگری سەرۆکی لێژنەی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان وتی: «پرسی خۆراك و بەنزین و گاز و سووتەمەنی دوو پرسی گرنگی هاووڵاتیانە و لەگەڵ ڕووداوەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا نرخ و تێچوونی هەردوو کاڵاکە بەرز بووەتەوە. ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان و لە لێژنەی سامانە سرووشتیەکان و بازرگانی و پیشەسازی هەر زوو ڕاپۆرتمان لەم بارەیەوە ئامادە کرد و ڕووبەرووی هەردوو بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و وەزیری کارەبا و سامانە سرووشتییەکان بەوەکالەت کردەوە و، لە نزیکەوە گفتوگۆ و تاوتوێی هەردوو پرسەکە کرا و، چەند پێشنیار و ڕاپۆرتێکمان خستنەبەردەم و داوامان لێکردن هەنگاوی بەپەلە و خێرا بنێن بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکان و ڕێگاگرتن لە کەسانێك بۆ گەمەکردن بە دۆخەکە و قۆرخکردنی بازاڕ و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیی گشتی. ئەوە بوو لەسەر ڕاسپاردە و فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوو وەزارەت هەنگاوی گرنگیان نا بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکان، هەرچی تایبەت بوو بە نەوت و گاز کە جێگای داخە لایەنە عێراقییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق لەبری ئەوەی پاڵپشتیی هەنگاوەکانی بووژانەوەی کەرتی نەوت و گاز بکەن لە هەرێمی کوردستان، کە لە بەرژەوەندیی ئابووریی هەموو عێراق و گەلانی عێراقە، کەچی بە بڕیاری دژایەتیکردن و نابەرپرسانە هێرش دەکەنە سەر هەوڵەکانی وەبەرهێنان لەم دوو کەرتە و لەلایەکی دیکەوە بە ڕۆکێت و مووشەك هێرش دەکرێتە سەر کێڵگە و دامەزراوەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان.» وتیشی: «نە بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکانی دادگا لە بەرژەوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستاندایە، نە بڕیارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق هیچ سوودێك بە ئاسایبوونەوەی گرژییەکان دەگەیەنێت. ئەوەی یارمەتیدەر و پاڵپشت بووە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، هەنگاوەکانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراك و بەنزین لە ماوەی ڕابردوو، تەنانەت لە داهاتی نەوت لە ئەمساڵدا هەموو مووچەکانی بە بێ لێبڕین دابین کردووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە لە سەرووی ١٩ ملیۆن دۆلار پاڵپشتیی نرخی بەنزین دەکات و بەردەوام بەنزین لە بازاڕەکانی کوردستان دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی نرخەکەی دابەزێنێت. ئێمە لە پەرلەمان پشتگیریی هەموو پاڵپشتییەکی نرخی بەنزین و هەڵگرتنی باج لەسەر خۆراکە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان دەکەین، داواشمان لە بەڕێزان وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و وەزیری سامانە سرووشتییەکان کردووە، لە هەوڵەکانیان بەردەوام بن و، لەم پێناوەشدا چەندین پێشنیار و بۆچوونمان پێشکەش کردوون، کە کۆنترۆڵکردنی کوالێتی و مواسەفاتی بەنزینیش لەخۆ دەگرێت، بەپێی بەدواداچوونەکانمان لێژنەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەکانی قایمقامیەتەکان هەنگاوی باشیان ناوە».

### ● حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە لە سەرووی ١٩ ملیۆن دۆلار پاڵپشتیی نرخی بەنزین دەکات

لەگەڵ دەرکەوتنی قەیرانەکە ڕاستەوخۆ وەزیری سامانە سرووشتییەکان لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی گرنگیان دا و، کاریگەریی لەسەر هێوربوونەوەی دۆخەکە و ڕاگرتنی زیاتری هەڵکشانی نرخی بەنزین هەبوو. ڕێبین زەنگەنە بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەم ڕووەوە لە لێدوانێکی تایبەتدا

**به بڕیاری دژایەتیکردن و نابەرپرسانە هێرش دەکەنە سەر هەوڵەکانی وەبەرهێنانی نەوت و غاز بە ڕۆکێت و مووشەک هێرش دەکرێتە سەر کێڵگە و دامەزراوەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان**

**نە بڕیارە نادەستووری و سیاسییەکانی دادگا لە بەرژەوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستاندایە، نە بڕیارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق هیچ سوودێک بە ئاساییبوونەوەی گرژییەکان دەگەیەنێت**


**حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە لە سەرووی ١٩ ملیۆن دۆلار پاڵپشتیی نرخی بەنزین دەکات و بەردەوام بەنزین لە بازاڕەکانی کوردستان دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی نرخەکەی دابەزێنێت**



**گوڵیزار ڕەشید**

**جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی لە پەرلەمانی کوردستان:**

## لە پەرلەمان پشتگیریی هەموو پاڵپشتییەکی نرخی بەنزین و هەڵگرتنی باج لەسەر خۆراکە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان دەکەین



**ڕێبین زەنگەنە**

**بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:**

## وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر پاڵپشتیکردنی نرخی بەنزین و کۆنترۆڵکردنی کوالێتەی بەردەوام دەبێت



**نەوزاد شێخ کامیل**

**بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی:**

## لێخۆشبوونی گومرگی بۆ ١١ کاڵا و ماددەی خۆراکی کاریگەریی خۆی هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکان

بۆ گولان وتی: «لە کۆبوونەوەی ژمارە ٨٤ی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆك وەزیران، وەزیری سامانە سرووشتیەکان (کەمال محەمەد ساڵح)ی ڕاسپارد بە خستنەگەڕی تەواوی تواناکانی وەزارەت بۆ دابەزاندنی نرخی بەنزین و کۆنترۆڵکردنی نرخەکانی بە ڕەچاوکردنی کوالێتی و ڕێنماییەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، بەمەش ڕاستەوخۆ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ڕۆژانە بە نرخی پاڵپشتیکراو ٣ بۆ ٣،٥ ملیۆن لیتر بەنزین بۆ پارێزگاکانی کوردستان و ئیدارە سەربەخۆکان دابین کرد، لەم هەنگاوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە نزیکەی ١٩ ملیۆن دۆلار پاڵپشتیی نرخی بەنزینی ٨٠٠ دیناری دەکات، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو ملیۆن و ٨٠ هەزار لیترە بەنزینە بکرێتەوە کە پێشتر بەغدا بە نرخی ٦٥٠ هەزار دینار بۆ هەرێمی دەنارد، لە ئێستادا بێ هیچ بیانوویەك ئەو بەشە بەنزینەی بڕیوە، لە کاتێکدا عێراق لەسەر بودجەی سەروەری پاڵپشتیی بەنزین دەکات، واتە پێویست بوو بەو پاڵپشتییە پشکی هەرێمی کوردستان بنێرێت».

بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی سامانە سرووشتییەکان سەبارەت بە کوالێتی بەنزین وتی: «لە هەموو پارێزگاکان لیژنەی باڵای چاودێریی کوالێتیی بەنزین دەستی بە کارەکانی کردووە و لە هەموو پارێزگایەکیش بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگار و یەکە ئیدارییەکان سەردانی بەنزینخانەکان دەکرێت و تێستی کوالێتی بەنزین دەکرێت، هەر بەنزینخانەیەکیش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و ئەو کوالێتتیە کارپێکراوانەی کە دانراون و، ڕەچاوی تەندروستیی هاووڵاتیان و پاراستنی ژینگە نەکات، بەپێی جۆری سەرپێچییەکە سزا دەدرێت و، تا سزای داخستنی بەنزینخانەکە ئیجرائات دەکرێت، لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە هاوڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان لەسەر دابینکردنی بەنزین بە نرخی پاڵپشتیکراو بەردەوام دەبێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایش دەگرینە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی کوالێتیی بەنزین و سزادانی توندی سەرپێچیکاران.

**• پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بایەخدان بە پیشەسازیی خۆراك تەنیا ڕێگایە بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵاوسانی نرخی خۆراکی هاوردەکراو**

سەبارەت بە هەڵکشانی نرخی خۆراك لە جیهان و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراك لەسەر ئاستی ناوخۆ، نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وتی: «هەڵکشانی نرخی خۆراك لە ئاکامی قەیرانێکی خۆراکیی جیهانی و بارودۆخی شەڕ و گرانبوونی بەهای نەوت و سووتەمەنی سەریهەڵداوە، ئەمەش تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گران کردووە و، لەگەڵ داشکانی بەهای دیناری عێراقییش بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی لەلایەن بانکی ناوەندییەوە حاڵەتێکی وای خولقاندووە، تا ئەو مادده خۆراکی و شمەکانە دەگاتە دەستی بەکارهێنەر، زۆر گرانتر دەبێت و، لەسەر ئاستی جیهانیش تادێت قەیرانی خۆراك لە جیهاندا ئاڵۆزتر و خراپتر دەبێت، ئەم هەڵاوسانەش دەکرێت پێی بوترێت «هەڵاوسانی خۆراکی هاوردەکراو»، بەڵام هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە شتێك نییە بە ناوی قەیرانی خۆراك لە هەرێمی کورستان و هەموو هەوڵەکانیشمان بۆ ئەوەیە کە بەردەوام نرخەکان دابەزێنین و کۆنترۆڵی بکەین».

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرانیی نرخی خۆراك، ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرنگ کرد، کە هەندێکی گیراونەتەبەر و هەندێکی دیکەی لە دیراسەتدایە و لەم ڕووەوە وتی: «لەپێناو دابەزینی نرخەکان و بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارە نەرێنییەکانی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە کە بۆ ماوەی شەشە مانگی دیکە لێخۆشبوونی گومرگی بۆ ١١ جۆری کاڵا و ماددەی خۆراکی درێژ بکرێتەوە، هەروەها ڕسوماتی وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر ئاژەڵ هەڵبگیرێت و، بۆ درێژەپێدانیش بەم هەوڵانە، زۆر پێویستە گرووپی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان دابنرێت و، هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و پارێزگار و قایمقام و یەکە ئیدارییەکان لەخۆ بگرێت. هەروەها لەسەر ئاستی عێراق و دەرەکی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازیی عێراق لەسەر هێڵین، بۆ ناردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان لە کاتی خۆیدا. ئەم هەنگاوانەش هاوکاتن لەگەڵ پاڵپشتیکردنی حکومەت بۆ نانەواخانە و فڕنەکان. لەلایەکی دیکەوە بۆ ڕێگاگرتن لە قۆرخکاری و هێنانی شمەك و خۆراك و کاڵای بەسەرچوو لێژنەکانی قایمقامیەت و چاودێری بازرگانی بەردەوامن لە کۆنترۆڵکردنی هەر دیاردە و حاڵەتێکی نایاسایی و سەرپێچی و بەردەوامیش کەسانی سەرپێچیکار سزا دەدرێن و خۆشبەختانە تا ڕاددەیەکی بەرز توانیومانە کۆنترۆڵی هەڵکشانی زیاتری نرخەکان و نەهێشتنی مەوادی ماوەبەسەرچوو بکەین. سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ دامەزراندنی چەند سایلۆیەك و وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و دابینکردنی پارەکەیان بە شێوەیەکی زۆر خێرا و باش هەنگاوی گرنگ و گەورە بووە بۆ پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراك».

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی خۆراك ئاماژەی بەوە کردکە «نرخەکان لەسەر ئاستی جیهان ڕووی لە هەڵکشان کردووە، بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەروەها وشکەساڵی و تێکچوونی گەشەی ئابووریی نێودەوڵەتی و گرانیی تێچوونی نرخی گواستنەوە و شوێنەوارەکانی کۆرۆنا، ئەمەش پێی دەوترێت هەڵاوسانی نرخی کاڵا و شمەکی هاوردەکراو، واتا لە دەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، تاکە ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی ئەم نرخ هەڵاوسانە بەردەوامیی هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و هەنگاونان بەرەو کەرتی کشتوکاڵی و بووژانەوەی ئەم بوارە، تاوەکو چیتر ئەوەندە پشت بە کەلوپەل و خۆراکی هاوردەکراو لە دەرەوە نەبەستین، بەتایبەتی هاندان و پاڵپشتیکردنی ڕواندنی ئەو خۆراکانەی کە زۆر پێویستن و کارگەی پیشەسازیی خۆراکیان بۆ دروست بکرێت.

**لێژنەی باڵای چاودێریی کوالێتیی بەنزین دەستی بە کارەکانی کردووە و لە هەموو پارێزگایەکیش بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگار و یەکە ئیدارییەکان سەردانی بەنزینخانەکان دەکرێت و تێستی کوالێتی بەنزین دەکرێت**

**بۆ ڕێگاگرتن لە قۆرخکاری و هێنانی شمەک و خۆراک و کاڵای بەسەرچوو لێژنەکانی قایمقامیەت و چاودێری بازرگانی بەردەوامن لە کۆنترۆڵکردنی هەر دیاردە و حاڵەتێکی نایاسایی و سەرپێچی و بەردەوامیش کەسانی سەرپێچیکار سزا دەدرێن**

**دامەزراندنی چەند سایلۆیەک و وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و دابینکردنی پارەکەیان بە شێوەیەکی زۆر خێرا و باش هەنگاوی گرنگ و گەورە بووە بۆ پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراک**



د.گوڵدەران عەبدولڕەحیم عەزیز
مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازیی نەوتی و تەرخانکردنی ڕێژەیەک لە داهاتی نەوت بۆ بووژانەوەی ژێرخان، لە قەیرانی دارایی دەمانپارێزێت

**نـەوت و گازی سرووشـتیی هەرێمـی کوردسـتان داهاتێکـی گرنگـە بـۆ دابینکردنـی مووچـە و بووژانـەوەی ژێرخانـی ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان، لەمـەش گرنگتـر بەکارهێنانـی ڕێژەیەکـی ئـەم داهاتەیـە بـۆ وەبەرهێنـان و پێشخسـتنی سـێکتەرەکانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی. بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم پرسـە، چەنـد پرسـیارێکمان ئاراسـتەی د.گوڵـدەران عەبدولڕەحیـم عەزیـز مامۆسـتا لـە کۆلێـژی کارگێـڕی و ئابووریـی زانکـۆی سـەلاحەدین کـرد و بەمجـۆرە وەڵامـی پرسـیارەکانی گوڵانـی دایـەوە.**

*** هەرێمـی کوردسـتان خاوەنـی نـەوت و گازی سرووشـتییە، کـە بـەو داهاتـە توانـراوە مووچـەی تـەواوی ئەمساڵی مووچەخۆران بدرێت، پرسیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە تـا چەنـد گرنگـە ڕێژەیەکـی ئـەم داهاتـەی نـەوت و گازی سرووشـتی بـۆ بونیاتنانی ژێرخانـی هەرێمـی کوردسـتان خـەرج بکرێـت؟**

- دەرهێنـان و پەرەپێدانـی سـێکتەری نـەوت و گاز بـۆ بەهێزبوونـی پێگـەی ئابووریـی هەرێـم و بەدەسـتهێنانی سـەرچاوەی داهـات و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، گرنگیـی لـە ڕاددەبەدەری هەیـە، لەمـەش گرنگتـر سـوودوەرگرتنی تـەواوی ئـەم داهاتەیە لە ڕێگـەی شەفافییەت و ئاراستەکردنی داهاتەکـەی بـۆ دابینکردنـی مووچـەی مووچەخـۆران، چونکـە هەڵکشـانی نرخەکانـی بازاڕ پێویستیان بە سیولەی نەختینەیی هەیە بۆ ڕانەوەستانی جموجووڵی بازاڕ و ئابووری، ئەمـەش پڕکردنـی پێداویسـتیی خێزانـەکان و بەردەوامیـی چالاککـردن و بەڕێوەچوونـی دامەزراوەکانـی حکومـەت زامـن دەکات، لەمـەش گرنگتـر دەبێـت سیاسـەتێکی ڕوون و ئاشـکرامان هەبێت بۆ ئـەوەی بەشـێك لـەم داهاتـە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی ژێرخانـی هەرێـم و گرنگیـدان بـە بونیاتنانـەوەی ژێرخانـی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی خەرج بکرێت، چونکـە دواجـار داهاتـی نـەوت هـەروا بـە بـەرزی نامێنێتـەوە و مێژووی ئـەم سامانە سەلماندوویەتی کە بەهای نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا بەردەوام لـە ناسـەقامگیریدا بـووە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەی کابینـەی نۆیەمـدا باسـی لـە فرەچەشـنکردنی ئابـووری کـرد، بـۆ ئـەوەی کەرتەکانـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و گەشـتیاری ببووژێنـەوە، سـەرچاوەیەکیش بێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی داهـات. وەکـو شـارەزایەکی ئابـووری ئایـا ڕات وایـە تـا چەنـد لـە هەوڵەکانمـان بـۆ فرەچەشـنکردنی ئابـووری سـەرکەوتوو بوویـن؟**

- ئەرکـی وەزارەتـە پەیوەندیدارەکانـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و دەسـتەی وەبەرهێنانـە کارێکـی زیاتـر بـکات بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەم کارنامەیـە، ئەگـەر بـە نـاو بازاڕەکانـی کوردسـتاندا بگەڕێیـن، بـە ڕوونـی ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەکەوێـت کـە نەمانتوانیـوە لـە فرەچەشـنکردنی ئابووریـدا هەنـگاوی گـەورە بنێیـن، پاسـاوەکان هەرچییـەك بـن، دەبێـت ئەنجومەنـی وەزیـران لێپرسـینەوەی هەبێـت و، بەدواداچـوون بـۆ ئـەوە بـکات کـە تاچەنـد لـەم سیاسـەتەیدا سـەرکەوتوو بـووە، سـێکتەرەکانی نـەوت و گاز و خانووبـەرە گرنگـن، بـەڵام لەمـە گرنگتـر دەبێـت پسـپۆڕایەتی لـە کەرتـی کشـتوکاڵ و فرەچەشـنکردنی ئـەم کەرتـەدا بکەیـن. فرەچەشـنکردنی ئابـووری بـە داهاتـی نەوت دەکرێت، چونکە زۆر سێکتەر هەیە، ئەگەر حکومـەت خـۆی کاری بـۆ نـەکات، کەرتـی تایبـەت لـەم بـوارەدا ناتوانێـت هەمـوو کارێـك ئەنجام بـدات، بۆ نموونە بووژانـەوەی کەرتـی کشـتوکاڵ پێویسـتی بـە پڕۆژەکانـی بەنـداو و ئاودێـری هەیـە، ئەمـەش داهاتێکـی زۆری دەوێـت، هـاوکات پێشخسـتنی پیشەسـازی دابینکردنـی سـووتەمەنی و کارەبـای بـە نرخێکـی پاڵپشـتیکراو و ڕێگەوبـان و کەرتێکـی گواسـتنەوە و کـۆگای گـەورەی پێویسـتە، ئەمـە وێـڕای دەسـتی کاری کارامـە و بەهـرەدار، ئەمـەش هەمـووی پـلان و بەرنامـەی چـڕی پێویسـتە کـە زۆرجـار بـە هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـی عێراقـدا ئـەم کـارە دەکرێـت.

*** ئابووری، جیاوازیی ئایدیۆلۆژیا و ململانێی سیاسـی و مەزهەبـی نازانێـت، گرفتەکـەی هەرێمـی کوردسـتان لەوەدایـە زۆر لـە سیاسـەتە داراییـی و نەختینەیـی و باجـی گومـرگ و**

**دەبێت سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرامان هەبێت بۆ ئەوەی بەشێك لەم داهاتە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی هەرێم و گرنگیدان بە بونیاتنانەوەی ژێرخانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی خەرج بکرێت**

**ئەگەر بە ناو بازاڕەکانی کوردستاندا بگەڕێین، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەمانتوانیوە لە فرەچەشنکردنی ئابووریدا هەنگاوی گەورە بنێین**

**سێکتەرەکانی نەوت و گاز و خانووبەرە گرنگن، بەڵام لەمە گرنگتر دەبێت پسپۆڕایەتی لە کەرتی کشتوکاڵ و فرەچەشنکردنی ئەم کەرتەدا بکەین**

**پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بودجە مەرکەزییە و لە دەسەڵاتی حەسریی عێراقدایە، ئایا لەم بارودۆخەدا هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زاڵبوون بە سەر بەربەستەکانی سیاسیدا پێویستە چۆن مامەڵە بکەن؟**

- ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئابوورییەکی ڕەیعی پشتبەستوون بە داهاتی فرۆشتنی نەوت، لە کاتێکدا عێراقی پێش سالانی پەنجاکان و شەستەکان و تا حەفتاکانیش گەنم و خورما و پێستە و چەندین بەرووبوومی دیکەی ڕەوانەی دەرەوە دەکرد و، هەرێمی کوردستان بە سەبەتەی خۆراکی هەموو عێراق دادەنرا، نابێت چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت ببەسترێت، چونکە هەردوو ڕێکخراوی ئۆپێك و ئەواپێك بەپێی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز هەڵسوکەوت دەکەن، عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت کار بۆ دەرکردنی یاسایەکی نەوت و گازی سرووشتی بکەن، دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی و ڕەچاوی تایبەتمەندێتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵیش بکرێت، ئەمەش زامنی سەقامگیریی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات و گرفت و کێشەکانی تایبەت بە نەوت و گاز چارەسەر دەکات. پێویستە لە سەرجەم سێکتەرەکاندا یاسای نوێ دەربچێت کە لەگەڵ واقیعی نوێدا بگونجێت، لەمەشدا هەماهەنگیی باش لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەبێت، بەتایبەتی لە گرێبەستە نەوتییەکاندا.

*** تا چەند گرنگی بە پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیایی و پاڵاوتگەکان دراوە، بەتایبەتی کە ناردنە دەرەوەی نەوت، بە نرخێکی کەمترە لە سووتەمەنیی بەنزین و گازوایل و نەوتی سپی و زەیتی مەکینەی ئۆتۆمبێل و سەدان بەرهەمی دیکە؟**

- ناردنە دەرەوەی بەرمیلێك نەوت تا دەردەهێنرێت و دەگوازرێتەوە و دەفرۆشرێت، بودجە و پارەیەکی زۆری لێ خەرج دەکرێت، دواتر هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەنزین و نەوتی سپی و گاز و گازوایل و پێداویستییەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیاویی لە دەرەوەی وڵات بە نرخێکی گران دەهێنن، ئەمەش بەهای دیناری عێراقی لاواز دەکات، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی زیادکردنی پاڵاوتگەکانی بەرهەمهێنانی بەنزین و گازوایل و پێداویستییەکانی دیکە بدات، چونکە لە ئێستادا بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە نرخی جیهانیی بەنزین و پێداویستییەکانی دیکەی سووتەمەنی زۆر گران بووە. هیچ عەقڵانییەتی تێدا نییە یەك بەرمیل نەوت بە ١٣٠ دۆلار بفرۆشین، کە دەیان بەرمیلی دیکەی لە بەنزین و گازوایل و سووتەمەنییەکانی دیکە و بۆیاغ و زەیتی مەکینەی ئۆتۆمبێل لێ بەرهەم دەهێنرێت و بە نرخێکی زۆر زیاتر بهێنرێتەوە. گرفتی ئێمە کەمیی هەناردەکردنی کاڵا و بەرهەمی دیکەیە، واتا ناهاوسەنگی لە تەرازووی بازرگانیدا هەیە، ئەگەر نەوتی لێ دەربهێنین لە هاوکێشەکەدا، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئەگەر یەك بەرهەم لە ناردنە دەرەوە زیاد بکەین، یەکەیەکی زیادە لە داهاتی نەتەوەیی ئەو وڵاتە زیاد دەبێت.

*** هەرێمی کوردستان لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەنگاوی بەرەو ئابووریی بازاڕ و کەرتی تایبەت ناوە، تا چەند دەکرێت ئەم کەرتە ڕۆڵێکی زیاتری لە گەشەکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا هەبێت؟**

- کەرتی تایبەت لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا لە پێشخستنی ئابووریدا ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆیان گێڕاوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و گواستنەوە و پەیوەندی و گەیاندن و دەیان سێکتەری دیکە بە کەرتی تایبەت پێش دەکەوێت، تەنانەت خەرجییەکانی حکومەت کەم دەکاتەوە، کەچی لای خۆمان کەرتی تایبەت لە ڕووی خزمەت و کوالێتی و گونجاویی نرخیشەوە زۆر خراپە و لە هەندێك بواردا بە تەواوەتی قۆرخکاریی هەیە، وەکو بینیمان حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە زۆر لە گەورە کۆمپانیاکان بێ هیچ هۆکارێك لێخۆشبوونی باجیان بۆ کرابوو، یان چەند بوارێك لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە قۆرخ کراوە، بێ ئەوەی هیچ باج و ڕسووممات و گەشەیەکیان هەبێت، کاتی ئەوە هاتووە لە بواری نەوت و گازیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمپانیای تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەمە خەرجییەکانی گەڕان و پشکنین و دەرهێنان

عێراقی پێش سالانی پەنجاکان و شەستەکان و تا حەفتاکانیش گەنم و خورما و پێستە و چەندین بەرووبوومی دیکەی ڕەوانەی دەرەوە دەکرد و، هەرێمی کوردستان بە سەبەتەی خۆراکی هەموو عێراق دادەنرا

عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت کار بۆ دەرکردنی یاسایەکی نەوت و گازی سرووشتی بکەن، دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی و ڕەچاوی تایبەتمەندێتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵیش بکرێت

دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی زیادکردنی پاڵاوتگەکانی بەرهەمهێنانی بەنزین و گازوایل و پێداویستییەکانی دیکە بدات، چونکە لە ئێستادا بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە نرخی جیهانیی بەنزین و پێداویستییەکانی دیکەی سووتەمەنی زۆر گران بووە

لای خۆمان کەرتی تایبەت لە ڕووی خزمەت و کوالێتی و گونجاویی نرخیشەوە زۆر خراپە و لە هەندێك بواردا بە تەواوەتی قۆرخکاریی هەیە

و ناردنە دەرەوەی نەوت و گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان کەم دەکاتەوە و هەلی کاریش بۆ سەدان دەرچووی زانکۆ دابین دەکات.

*** یەکێك لە سیاسەت و ستراتیژییەتی حکومەت لە بووژانەوەی ئابووری و فراوانکردنی کاری کەرتی تایبەت بەدەستهێنانی هەلی کارە بۆ گەنجان، پێت وانییە وێڕای ئەو هەموو کۆمپانیایەی لە هەرێمی کوردستان هەن، هێشتا بەپێی پێویست نەتوانراوە ڕێژەی بێکاری دابەزێندرێت؟**

- کاتێك بە هەزارەها ئاوارە و پەناهەندە و کرێکاری بیانی بێ هیچ ڕێنمایی و یاسایەك ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و جێگای کاری ناوخۆ بۆ گەنجەکانمان دەگرنەوە، ئەوا هەلی کار بۆ بیانی و کرێکارانی دەرەوەی هەرێم هەیە، کەچی گەنجەکانمان بەتایبەتی لە ڕەگەزی ئافرەت لە ماڵەوە بێکارن، یان ڕێگەی هەندەران دەگرن و، زیانێکی گەورە بەر خۆیان و خێزانەکانیان و هەرێمەکەش دەکەوێت. کۆمپانیاکانی بیانی لە کوردستان کار دەکەن و تادێت ژمارەی کۆمپانیاکان زیاد دەکات، کەچی ڕێژەی بێکاری هەر بەرزە، لە هەشتاکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەگەر بەراوردی کەرتی گشتی و کارگە و بەرهەمەکان بکەین لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، لە ڕووی بەرهەم و کوالێتی و داهاتەوە کەرتی گشتی باشتر بوو، کەواتە کەموکورتییەك لە کەرتی تایبەتدا هەیە و نەیتوانیوە لە خزمەتی دەستی کاری ناوخۆ

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی کۆمپانیایەکی بیانی و بە پێدانی دەسەڵاتی ڕەها دەبێت نووسینگەی کار دابنێت و ئەو مافەی هەبێت سەردانی گەورە کۆمپانیاکان بکات و لێپرسینەوەش لە ژمارەی کرێکارانی بیانی بکات**



بێگومان دەرچوویەکی زانکۆ، یان کرێکار و کارمەندێکی کوردستانی کاری دەست ناکەوێت، بەتایبەتی کە کۆمپانیاکان پابەندی ئەو ڕێژەیە نین کە بۆ بەگەڕخستنی کرێکاری بیانی بۆیان دانراوە، ئەوان کرێی کار بێ بەها دەکەن، بۆیە پێویستیان بە کرێکاری عەرەب و بیانی و سووری و تەنانەت ئەسیوبی و ئەندەنووسی و بەنگلادیشی و تورکی و فارس هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی کۆمپانیایەکی بیانی و بە پێدانی دەسەڵاتی ڕەها دەبێت نووسینگەی کار دابنێت و ئەو مافەی هەبێت سەردانی گەورە کۆمپانیاکان بکات و لێپرسینەوەش لە ژمارەی کرێکارانی بیانی بکات، لە کارە سەیر و سەمەرەکانی کوردستان ئەوەیە کە سەدان بێت، کاتێ حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندن ڕادەوەستێنێت، دەبێت بەدیلی ئەمە نووسینگەکانی بەدەستهێنانی هەلی کار بێت، بەڵام هەلێکی کار کە کرێ و مووچەکەی لە ئاست هەڵاوسانی نرخ و پێداویستییەکانی تاکدا بێت، ئەگەرنا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی بچووك و پێدانی قەرز و پاڵپشتیی پرۆژە بچووکەکان دەست پێ بکاتەوە، وەك ئاسنگەری و دارتاشی و کاسبییەکانی دیکە، بە مەرجێك لە ڕووی پاڵپشتیی دارایی و گومرگی و باج و ڕسووماتەوە پاڵپشتییان بکات و ڕێگە نەدات بازاڕەکان بە بەرهەمی وڵاتانی دراوسێ نغرۆ ببێت و دووچاری مایەپووچبوون ببنەوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندن ڕادەوەستێنێت، دەبێت بەدیلی ئەمە نووسینگەکانی بەدەستهێنانی هەلی کار بێت، بەڵام هەلێکی کار کە کرێ و مووچەکەی لە ئاست هەڵاوسانی نرخ و پێداویستییەکانی تاکدا بێت**

# لاوان بۆ بەرگری لە گەل و نیشتمان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەڵێن دووپات دەکەنەوە



**لە ئەنجامی دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدان ئەمڕۆ گەلی کورد خاوەن ئەزموونێکی پڕ شانازی و سەروەریی و خاوەن حکومەت و پەرلەمانە، کەچی تەنیا نەتەوەیە کە لە ناوچەکە لە هەموو لایەکەوە گوشاری لە سەرە و لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە هەوڵی بچووککردنەوەی و سڕینەوەی قەوارەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان دەدرێت، هەر جارە و بە پاساوێك پەلاماری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەدەن، مووشەکباران و هێرشکردن بە فڕۆکەی درۆن و بەکارهێنانی دادگا بۆ ڕەواییدان بە پیلانگێڕییەکانیان، لە بەرامبەردا لاوان بۆ بەرگری لە گەل و نیشتمان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و سەروەریی خاکەکەیان بەڵێن دووپات دەکەنەوە.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

کاروان کەلاری ڕۆژنامەنووسە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە: «قەوارەی هەرێمی کوردستان بە خوێنی سەدان هەزار ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە دروست بووە و سەدان ساڵە تێکۆشانی بۆ دەکرێت. ئەم قەوارەیە کەس بە خێر نەیبەخشیوە بە کورد، قەوارەیەکی دەستوورییە و بەپێی دەستووریش مافی خۆیەتی سوود لە سامانە سرووشتییەکانی خۆی وەربگرێت.» هاوکات دەڵێت: «لە سەروبەندی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا ئەگەر پارێزگاکانی ئەو کاتی ئەم هەرێمە فیدراڵییە کە سێ پارێزگا بوو، ڕەشنووسی ئەو دەستوورەیان ڕەت کردایەتەوە، نەدەبوو

بە دەستوور و عێراقی وێرانەی دوای ڕووخانی بەعس بنیات نەدەنرایەوە و ئەوانەشی کە ئێستا حوکمڕانیی عێراق دەکەن و خەڵکی کوردستان سزادەدەن، دەبوایە هەر لە ئاوارەییدا بمێننەوە. کورد کۆڵەکەیەکی ئەساسیی بنیاتنانی عێراقە و ئەم وڵاتە بە بێ کورد نە سەقامگیر دەبێت، نە بەرەو پێشەوە دەچێت، نە بەڕێوە دەبرێت، ئەو دادگای فیدراڵییەش کە بڕیاری دوژمنکارانە دژی خەڵکی کوردستان دەدات، دادگایەکی دەستووری نییە و ماوەکەی بەسەرچووە، بۆیە دامەزراندنی دادگایەکی فیدراڵی بۆ عێراق کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی عێراق بێت، یەکێکە لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پێکهاتەکانی دیکە لەگەڵ حوکمڕانانی بەغدا».

دهۆك بەرۆژی قوتابیی زانکۆیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گرنگە قەوارەی هەرێم بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، چونکە قەوارەی هەرێمی کوردستان بە ئاسانی دروست نەکراوە، تا بە ئاسانی بڕووخێندرێت، بەڵکو کۆمەڵێك سەرکردە و تێکۆشەری مەزنی کورد هەوڵیان بۆ دا، تا بە ئەم قەوارەیە گەیشت. کورد دەڵێت قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە، بۆیە کەمترین کەمتەرخەمی بەرامبەر بە لە دەستدانی قەوارەی هەرێم گەورەترین بەرپرسیارێتی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی ئەنجامدەرانیەوە.» گوتیشی: «پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان ئامانجێکی زۆر گرنگە، پێویستە هەموو لایەنەکان کۆك بن کە هیچ بارودۆخێك وا لە لایەنەکان نەکات، قەوارەکەمان پارێزراو نەبێت و بکەوێتە خەتەرەوە، چونکە ئەوە پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و دانیشتووانەکەی، گرنگە قەوارەکە پارێزراو بێت، ئەگەر قەوارەکە پارێزراو نەبێت، کەوایە ئەوەی ساڵەهای ساڵە خەباتی بۆ دەکەین لە دەست دەردەچێت. پێویستە زیاتر بایەخ بە بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگا حکوومی و نیشتمانییەکان بدرێت، تا حزب بە سەریاندا زاڵ نەبێت، دەبێت شتێکمان هەبێت، ناوی دەستوور بێت و ماف و کاری هەموو لایەکی دیاری کردبێت و هەمووان لە بەرانبەریدا بەرپرسیار بن، دەزگاکان نیشتمانی بن و پەرلەمان کاری خۆی بکات و دەزگایەکی چاودێری بێت و حکومەت حکومەتی هاووڵاتیی بێت و دەزگای ئاسایش و پۆلیس نیشتمانی بن و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت».

دهۆك بەرۆژی هێما بۆ وتەیەکی»جینین هێنیس پلاسخارت» نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات، کە لە کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان لە هەولێر گوتی: «ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە ئەم قەوارە ئۆتۆنۆمییەی ئێستا قوربانییەکی زۆری ویستووە، وەك هەر شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایەش ماف و ئازادییەکان هەروا بە ئاسانی بەدی نەهاتوون.»

ڕۆژنامەنووس مەریوان حەکیم جەباری، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «قەوارەی هەرێمی کوردستان دەستکەوت و ڕەنجی خەباتی دوور و درێژی گەلی کوردستانی باشوورە و لەخۆوە دروست نەبووە، لەم پێناوەدا ڕووبارێك خوێنی بۆ ڕژاوە و هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە لەم پێناوەدا گیانی بەخت کردووە، بە سەدان ڕۆڵەی گەردن بەرزی ئەم میللەتە بۆی چوونەتە بەردەم پەتی سێدارە و سەدان ئافرەتی وەك شەهید لەیلا قاسم خۆیان بۆ فیدا کردووە، بۆیە دوژمنانی گەلی کورد بۆ ئەوەی کورد خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی نەبێت و قەوارەیەکی ئازادی نەبێت، هەرچی ڕێگەیە و هەرچی چەکی قەدەغەکراوە لەسەرئەم گەلە تاقییان کردووەتەوە و بۆ کپکردنی دەنگی ئازادی ئەنفال و کیمباران کراین». گوتیشی: «وەك گەنجێك نابێت و ناکرێت بێدەنگ بین لە ئاست ئەو مەترسییانەی بۆ سەر قەوارەی هەرێم دروست دەبێت، یان لەگەڵ ئەوەدا بین، دوژمنانی گەل و خاکمان بێن و هەرچی دەستکەوتمانە بیسڕنەوە و خاکمان داگیر بکەنەوە و، وەك ڕژێمی بەعس تەنانەت سەرچاوەی کانیاوی ئاوی گوندەکان کوێر بکەنەوە و بمانگەڕێننەوە بۆ نیو سەدە لەمەو پێش، ئەوە ئێمەی گەنج و لاوین بە هەردوو ڕەگەزەوە کە بەرامبەر ئایندەی گەل و خاك و هەرێمی خۆمان بەرپرسیارین و ئەرکی ئێمەیە هاوشێوەی نەوەکانی پێش خۆمان بەرگری لە خاك و ئاو و سامانەکەی بکەین، چونکە ئێمەی گەنج بەرپرسیارێتیی پاراستنی نەوەکانی دوای خوشمان لەئەستۆیە، بۆیە پێویستە مێژوویەکی جوان بۆ خۆمان و نەوەکانمان دیاری بکەین، نەك بکەوینە بەر نەفرەتی مێژوو، بە دەستی خۆمان ئایندەی ئەم گەلە تاریك و نادیار بکەین. من وەك گەنجێك چۆن لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش قەڵەمەکەم دانا و خۆبەخشانە چوومە بەرەی جەنگ و بەرگریم کرد لە خاك، ئاواش لە هەر شوێن و جێگایەك خاکی وڵاتم لە مەترسیدا بێت، ئامادەم بەرگری لێ بکەم، چونکە لێم ڕوونە پێش من ئەو خاکە بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد ئازاد کراوە».

لافاو عوسمان چالاکی مەدەنییە و وەك هەزاران هاوپیشەی خۆی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە «قەوارەی هەرێمی کوردستان بە خوێنی هەزاران شەهید و قوربانیدانێکی زۆری گەلی کورد لەدایك بووە. بۆیە هەر دژایەتییەکی ئەم قەوارەیە لەلایەن هەر کەس و گرووپێکەوە بێت، پێش هەموو شتێك دژایەتیکردنی خوێنی شەهیدان و ئەو قوربانییە زۆرەی گەلی کوردستانە کە لە ڕابردوودا لە پێناوی ئەو هەرێمە داویەتی. لای هەموومان ڕوونە، هیچ حوکمڕانییەك لە دونیادا بێ کەموکووڕی نەهاتووەتە کایەوە، بەڵام کەسمان نەبینی بە هۆی خراپیی بەڕێوەبردن، یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت، دژی قوربانیدانی گەلەکەی، یان وڵاتەکەی بوەستێتەوە».

کاروان کەلاری:

**ئەم قەوارەیە کەس بە خێر نەیبەخشیوە بە کورد، قەوارەیەکی دەستوورییە و بە پێی دەستووریش مافی خۆیەتی سوود لە سامانە سرووشتییەکانی خۆی وەربگرێت**

دهۆك بەرۆژی:

**قەوارەی هەرێمی کوردستان بە ئاسانی دروست نەکراوە، تا بە ئاسانی بڕووخێندرێت**

مەریوان حەکیم جەباری:

**وەک گەنجێک نابێت و ناکرێت بێدەنگ بین لە ئاست ئەو مەترسییانەی بۆ سەر قەوارەی هەرێم دروست دەبێت**

لافاو عوسمان:

**لافاو: هیچ حوکمڕانییەک لە دونیادا بێ کەموکووڕی نەهاتووەتە کایەوە، بەڵام کەسمان نەبینی بە هۆی خراپیی بەڕێوەبردن، یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت، دژی قوربانیدانی گەلەکەی، یان وڵاتەکەی بوەستێتەوە**



# پەروەردکاران دەخوازن چاکسازی لە سێکتەری پەروەردەدا بکرێت

کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سـەرەڕای قەیرانـی داراییـی و بڵاوبوونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا دەیـان پـرۆژەی گرنگـی سـتراتیژی لـە ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دەسـت پـێ کردووە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە، لە هەمـوو کـەرت و بوارەکانیشدا چاکسازی ئەنجام داوە، بەڵام مامۆستایان و پەروەردکاران وێڕای ڕێزگرتن لە هەوڵەکانی حکومـەت، جەخت لـەوە دەکەنـەوە کە ڕەوشی سێکتەری پـەروەردە لـە ئاستی پێویست نابیندرێت، بۆیـە دەخوازن لـەم سێکتەرەدا بـە شێوەیەکی فراوانتـر چاکسازی ئەنجام بدرێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



لەتیف حوسێن بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزوور، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کوالێتیی خوێندن و خودی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان، سەرباری هەوڵەکان بۆ گۆڕانکاری و ریفۆرم تێیدا هێشتا ئەو خەمەی نەڕەواندووەتەوە کە ئێمە سەبارەت بە خراپی دۆخەکە هەمانە، چونکە هەمووان دەزانین باشکردنی کوالێتیی خوێندن لە هەر وڵاتێکدا بەندە بەو سیستمە حوکمڕانییەی کە پیادە دەکرێت، بەوەی کە تا چەندە لەخەمی ئەم پرۆسەیەدان و سیستمەکە تا چەند یارمەتیدەر و هاوکاری پرۆسەکەیە»، هاوکات دەڵێت: «هەرێمی کوردستان بە هۆی قەیران و گرفت و کێشە یەك لە دوای یەکەکانی، بەردەوام کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کەرتی پەروەردە بووە، بۆیە نەیتوانیوە تا ئەم ساتەش ئەم دۆخە بە ئاقاری باشتر ببات. بێگومان کوالێتیی خوێندن لە وڵاتدا بەندە بە باوەڕبوونی تەواو بە بایەخدانی تەواوەتیی حکومەت بە کەرتی پەروەردە و پاشان گرنگبوونی لەلای هاووڵاتییەکانی، تا ئێستا لە کوردستان و تەنانەت لە عێراقیشدا ئەمە دروست نەبووە، بۆیە بەردەوام لەسەر ڕیزبەندییەکانی جیهانی بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی پەروەردە و فێرکردن لە عێراق و کوردستان، ئێمە زۆر لە دواوەین.» گوتیشی: «بە هۆی ئە قەیران و کێشانەی کە بەردەوام بەرۆکی ئێمەی گرتووە، نەتوانراوە وەك پێویست برەو بە کەرتی پەروەردە بدرێت، هەمووشمان دەزانین لە ماوەکانی ڕابردوودا پەروەردەی ئێمە بەعس دایڕشتووە، پاش زیاتر لە ۳۰ ساڵ حوکمڕانیی خۆمان، هێشتا نەتوانراوە کەرتی پەروەردە بە دڵخوازی خۆمان بەرەوپێش ببەین، بە جۆرێك بێت کە کوالێتی و ئاستی خوێندن ببێتە دڵخوازی هەموو لایەك».


بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزوور، جەخت لەوە دەکاتەو ە کە «ئەگەرچی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە بەردەوام و ساڵانە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە گۆڕانکاری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەیەوە کوالێتیی خوێندن باشتر بکرێت، بەڵام تا ئێستاش ڕێگری زۆرن و نەتوانراوە وەك پێویست ئەم ئامانجە بە دەست بهێنرێت، واتە گۆڕانکاری لە مەنهەج و بابەتەکان و ناوەڕۆك و جەوهەری ئەم کەرتە هێشتا ڕووی نەداوە، بیریشمان نەچێت کاتێك وڵاتێك تەنیا ئامانج لە کەرتی پەروەردە و فێرکردنی بۆ دامەزراندن و وەرگرتنی مووچەیەك بێت بۆ بژێوی و هیچ دەرفەتێکی دی نەبێت کە بازاڕ و خوێندن بە یەکەوە ببەستێتەوە، دەبێتە هۆی نەمانی پاڵنەرەکانی خوێندن لەلایەن خوێندکارەوە، کە ئەوەش هێندەی دی ئەم کەرتەی تووشی شەلەل کردووە. کاتێك کەرتێك بەم کاریگەرییانەوە دەکەوێتە سەر پێ و بەردەوام دەبێت، بێگومان کوالێتییەکەشی لە ئاست چاوەڕوانیدا نابێت و بە خراپ دەبیندرێت».

پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم مامۆستایە و هاوکات قوتابیی ماستەرە لە بەشی مێژوو، سەبارەت بە تەوەری بابەتەکە دەڵێت: «بناغەی هەر پێشکەوتنێك هاوتەریبە لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی پەروەردە و زانست و خوێندن لە هەر وڵاتێك کە ویست هەبێت بۆ بەردەوامیدان لە پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکان، هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو لەڕووی پەروەردەیی و فێرکردن و خوێندن و زانست و تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و ئابووری سەرچاوەی لە ئاست بەرزی ستراتیژیەتی خوێندن بووە، کە حکومەت، یان دامەزراوەکان بەپێی قۆناغ و سەردەمی جیا پەرەیان بە خوێندن و فێرکردن و زانست داوە .لە هەرێمی کوردستان ئێمە لەسەر پاشخانێکی پەروەردەیی کۆن و سەردەمی دیکتاتۆریەتی عێراق بونیادی زانستی دەنێین، ڕاستە دوای ڕاپەڕین هەندێك هەوڵ و کۆشش هەبوون بۆ پێدانی مۆرکێکی کوردستانی، یان سەردەمییانە بۆ خوێندن، بەڵام لە ئاست کاریگەرییەکانی سیستەمی خوێندنی سەردەمی حوکمڕانی بەعس نەبووە، کە بەردەوام بوونی هەیە و لەگەڵ ئەوە بە ئەوەدا ئەم پەروەردەیە ژیاوە و خۆی گونجاندووە.» گوتیشی: «ئێستا سەردەمی جیهانی قۆناغێکی پێشکەوتوویی تەنراوە بە تەکنەلۆژیا کە بەرهەمی زانست و خوێندنی وڵاتە پێشکەوتووەکانە،



لەتیف حوسێن:

**پەروەردەی ئێمە بەعس دایڕشتووە، پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ حوکمڕانیی خۆمان، هێشتا نەتوانراوە کەرتی پەروەردە بە دڵخوازی خۆمان بەرەوپێش ببەین**



پەرژین جەعفەر:

**تەنیا گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن بەس نییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن، بەڵکو دەبێت هەموو کایەکانی پەروەردە لەگەڵیدا بگونجێنی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێ لەگەڵ ئەم قۆناغەدا کار لەسەر ئایندەی خوێندن بکات، پێویستە جورئەتێك دروست بکات و بە ئیرادەیەکی بەرپرسیارانەوە هەوڵ و کۆششەکانی لە بواری پەروەردە بخاتەگەڕ و سیستەمێك لەگەڵ سەردەمی نوێی جیهانی و واقیعی کوردستان و کۆمەڵگە و ئابووری و مرۆیی بهێنێتە کایەوە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ کاری لەسەر بکات، تا بتوانین ئاسەواری خوێندنی کۆن بسڕینەوە، بۆ ئەمەش پێویستمان بە پسپۆڕییەتی جیاوازی بیانی هەیە و هیچ شەرمییەك لەم بابەتە نییە، ئەگەر مامۆستایانی بەئەزموونی ئێمەش بخرێنە ناو چوارچێوەی خولی جۆراوجۆر، واتا تەنیا گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن بەس نییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن، بەڵکو دەبێت هەموو کایەکانی پەروەردە لەگەڵیدا بگونجێنی».

عیسا بۆتانی، نووسەر و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەروەردەی خەبات سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەوەی لێرە دەیڵێین و لە تێکرای وتارەکانماندا کە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دەیاننووسین و بڵاویان دەکەینەوە؛ بۆ ئەوە نییە وەکو تاك حەزمان بە قسەکردن بێت. مەبەستمان ئەوەیە سەرنج و پێشنیارەکانمان بە لایەنی بەرپرس لە بزاڤی پەروەردە و فێرکردن بگەیەنین، بەڵام پێدەچێت هەرگیز گوێی لێ نەگیرێت و سەرەڕای ئەوەش ماندوو نابین لەوەی تا کۆتایی لە خەمی نیشتمانەکەماندا بین و بەدەر لە تواناکانمان کار بۆ ئێستا و ئایندەی بکەین. ئەگەر پەروەردە تەنیا لە وەزارەتێکیشدا کورت بکەینەوە کە قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران لە خۆیەوە دەگرێت، ئەوا لەسەر ئاستی حکومەتدا وەکو گەورەترین وەزارەت هەژمار دەکرێ. کە لە بنەڕەتدا کایەیەکی ئەوەندە فراوان و گەورەیە و پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ کەون و کائینات. بۆیە دەبێ بزاندرێ ڕیفۆرم و ڕاستەڕێکردن و هەوڵی پێشخستنی ئەو بوارەیە پەیوەستە بە مرۆڤ، کەواتا دەبێ دووبارە میتۆدی پێگەیاندنی مرۆڤەکان دابڕێژدرێتەوە و دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بەشداربووانە بکەین کە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی ئەو کایەیە هەیە. دەبێت دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ کار و بەرنامە و پلانی ئەو دامەزراوەیە (حکومەت و وەزارەتی پەروەردە) بکەین کە سەرپەرشتی ئەو لەشکرە گەورەیەی مرۆڤ دەکات کە بە قوتابی دەناسرێن و لە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندندا کۆکراونەتەوە».

جێی دڵخۆشییە کە خواستی چاکسازیکردن لەو بوارەیەدا هەیە، ئێمە وای دەبینین ئەگەر حکومەتی هەرێم دەیەوێ بە جددی چاکسازی لە کاروباری وڵاتدا بکات، ئەوا تەنیا چاککردن و دارشتنی ڕێگەیەکی ڕاست و چارەسەرکردنی کێشە و کێماسییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بەسە بۆ ئەوەی هەموو وڵات چاك ببێت و، پزیشکێك ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بزانێت و، کۆمپانیایەك بەوپەڕی دڵسۆزی و زانابوونەوە شەقامێك دروست بکات و پاش ماوەیەکی کەم پڕ نەبێت لە چاڵ و، بەرپرسێك و کارمەندێك دەستیان نەچێتە ماڵی گشتی و.. هتد و دواجار کاروبارەکان وەکو سەعات بەڕێوە بچن، ئیشەکە وایە لەبەر ئەوەی تۆ مرۆڤ چاك دەکەیت و هەموو شتێك لەلایەن مرۆڤەوە بەڕێوە دەچێت. ئەگەر شتەکان بەرەو خراپی دەڕۆن و یانیش ئەگەر بەرەو باشبوون دەڕوون، ئەوا هۆکارەکەی مرۆڤە، مرۆڤەکان چاك بکە، تاکو هەموو شتێك چاك بێت، کەوایە دەبێت پترتر بایەخ و گرینگیدانەکان بۆ لایەنی پەروەردەیی بێت و بە پێچەوانەوە ڕسییەکە دەبێتەوە خوری..فەیلەسووف و نووسەری گەورەی میسری (مستەفا مەحموود) لە بارەی هەوڵەکانی چاکسازیکردن دەڵێت هەڵاوسانی دانیشتووان و بیروکراتیەت و فێرکردنی دواکەوتوو و داڕووخانی ئەخلاقی، ئەمە چوار گەندەڵین کە دەست و قاچمانیان بەستووەتەوە و ناهێڵن هەنگاو بهاوێین، دەبێ شەڕیان لەگەڵدا بکەین و بە سەریاندا سەرکەوین، بێ ئەوە هەموو درووشمەکانی دەیانڵێینەوە و کۆنفرانسەکانی دەیانبەستین و قسەکانمان لەبارەی زیادکردنی بەرهەمهێنان و چاکسازیکردن لە فێرکردن تەنیا قسەی بێبایەخن و هیچیتر» .

عیسا بۆتانی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە بوونی ئەو هەموو قوتابخانە تایبەتە کە وەکو بزنێس و بازرگانی لەسەر حیسابی قوتابخانەکانی کەرتی گشتی بونیاد نراون، لە گرینگی و شکۆی قوتابخانە حکومییەکان کەم دەکەنەوە؛ لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئاست و بینا و شێوە و شێواز لە پێشەوەی حکوومییەکانن، وەکو ئەوەی لە ئێستادا هەرگیز نەخۆشخانەیەکی حکوومی هاوشێوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت ناتوانێت چارەسەری نەخۆش بکات. بۆیە دەبێت قوتابخانە حکوومییەکان بهێندرێنە ئاستی ئەوان و ئەو جیاوازییە نەهێڵدرێت. هەنگاوی یەکەم و وەکو خوردکردنەوەیەك بۆ ئەو هاوکێشە گەورەیە، پێویستە پەنجە لەسەر هۆکاری ئەو بێ متمانەییە دابندرێت، بەوەی خوێندن دەبێتە زامنی پاشەڕۆژێکی باش بۆ قوتابیان، ئەو خاڵە تەنیا ئەوە نییە دوای دەرچوونیان بیرمان بۆ دامەزراندنیان بچێت، ئەگەر سەیری سیستەمی پەروەردەیی لە زۆرینەی زۆری وڵاتانی جیهان بکەین، ئەوا دەبینین هەموویان لە ئامانجێکدا هاوبەشن کە ئەویش (پێگەیاندنی تاکە بۆ بازاڕ) کە ئەمەش لەڕێی بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی (بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵی و ...هتد) یەوە دەبێت، بەداخەوە کە لێرە وەکو بێ بایەخترین بوار دەبیندرێ و ئەو قوتابیانە لەو بوارانەدا وەردەگیرین کە کەمترین نمرە بەدەست دەهێنن و بە ناچاری دەخرێنە بەر خوێندن لەوێ.» گوتیشی: «دوا خاڵ کە لە

دیدار و وتاری دیکەش باسمان لێوە کردووە، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتووە، ئەوەیە کە بینینی بەر دەرگای ماڵەکانمان بەسە بۆ ئەوەی بناسرێین، ناسنامەمان تەنیا ئەوە نییە کە لە گیرفانماندایە، تابلۆی شوێنە حکومی و ناحکومی و بازرگانیەکان دەربڕین لە ئیشوکار و بوارەکانیان دەکەن، هەمیشە ئەوە سەرنجی ڕاکێشاوم کە سەیری کلێشەی نووسراو و تابلۆی هەموو دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و خودی وەزارەتەکەش دەکەی، بۆ نموونە: (وەزارەتی پەروەردە)، (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی...)، (بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی...)، هەمووان هاوبەشن لە وشەی پەروەردە ئەی کوا فێرکردن؟ بەڵێ پەروەردەش بەشێکی گەورەی وەزارەتەکە و ئەرکی تێکڕای کۆمەڵگەیە، بەڵام ئەرکی ڕاستەقینەی وەزارەتەکە کرداری فێرکردنە کە تەنیا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو، وەکو پرۆسەی پەروەردە نییە کە خێزان و کۆمەڵگە هاوبەشی بکەن لە ئەنجامدانی. لە دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ئەو وەزارەتە بە (مەعاریف) ناوی هاتووە، تەنانەت بێ پەروەردەش، لە ئێستادا تەنیا پەروەردە ماوەتە و فێرکردنی لێ کراوەتەوە».

دوریا شێروانی مامۆستایە لە پەروەردەی سۆران و ڕای وایە: «چاکسازیکردن لە سیستەمی پەروەردەدا گرینگە، چونکە ئەو کات هەر کەسێك لەو بوارە کاربکات، ئەرکی خۆیەتی ئەو سیستەمە پەیڕەو بکات. ئەوەی ئەمڕۆ جێی سەرنج و گفتوگۆکردنە کەرتی پەروەردەیە لە هەرێمی کوردستاندا کە قوتابییەکی بازنەی یەکەم واتە پۆلی یەك بۆ نموونە ڕەنگە کێشی جانتاکەی چوار بۆ پێنج کیلۆ بێت، بەڵام هەگبەی ئەم منداڵە لە ڕووی پەروەردەیی و بونیادنانی کەسایەتییەوە ڕەنگە چەند مسقاڵێك بێت، ئەویش لە خەمخۆریی ماموستاکەیەتی کە ئەتەکێت و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی فێر دەکات».


ئەو مامۆستایە نموونەیەکی پەروەرد و فێرکردنی بیانی دێنێتەوە و دەڵێت: «لە یەکێك لە پرۆگرامەکان چەند خاڵێکی گرنگی لە پەروەردەی یابانی ختەڕوو، کەوا یەکێك لە و خاڵە هەرە سەرنجڕاکێشانە ئەوە بوو، لە بازنەی یەکەمدا کاری هەرە سەرەکی، فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵە لە ڕووی ڕێزگرتن و کات ڕێکخستن و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لە بارودۆخی جیاوازدا، واتە هەنگاوی سەرەکی بریتییە لەوەی تاك فێری ئەرك و بەرپرسیاریەتی بکرێت و دواتر ڕێزگرتن لە یاسایەك کە بۆ هەموو کەسێك سەروەر بێت، بۆ باشترکردنی کوالێتیی پەروەردەش دەبێت کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بێت واتە کەسانێك کە سی چل ساڵە لەو بوارە خزمەت دەکەن و ئەزموونیان هەیە، دەنا ساڵی خزمەتکردن بە تەنیا ژمارەیە، هەروەها گۆڕینی سیستەم و مەنهەجی خوێندن و پێکەوە بەستنی پایەکانی

کاریگەر لەسەر تاك و پەروەردەکردنی کە بریتین لە خێزان، قوتابخانە، کۆمەڵگە، ڕاگەیاندن بە گشت هۆیەکانیەوە، هەروەها لایەنی پەیوەندیدار، چونکە بە لێکترازان و دوورکەوتنەوەی ئەمانەی باسمان کردن، کەموکورتی خۆی دەخزێنێتە نێو بواری پەروەردە و بۆشایی گەورە دەخاتە نێو دیرە بەهادارەکانی بواری پەروەردە و کەسایەتیی تاك، دواتر هەڵسەنگاندنی ساڵانە و بەراوردکردنی ئەنجامەکان و گرنگیپێدانێکی تەواوی بواری دەروونی و توێژەرە دەروونییەکان بەڕاستی ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر باوە لە کۆمەڵگەی ئێمە، جەنگی دەروونییە کە نەك لەسەر ئاستی تاك، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش ئەم جەنگەمان بەرامبەر دەکرێت، دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری زیاتر بکات بۆ پاراستنی مافی مامۆستا و قوتابی و گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ناو و پێگەی مامۆستا و پاراستنی مافی قوتابی لە قوتابخانە، هەروەها دەکرێت ئەو باجەی ساڵانە کەرتی پەروەردە لە قوتابخانەی ناحکومی وەردەگرن، بیخەنە خزمەت قوتابخانە حکومیەکان و منداڵی کەمدەرامەت، هەروەها پێویستە مامۆستایانی کەرتی تایبەت و گشتی مووچەکانیان لە بانك وەربگرن، بەمەش هەم مافی مامۆستا پارێزراو دەبێت لە ڕووی ماددییەوە و هەم هەلی زیاتر بەردەست دەبێت بۆ ئەو مامۆستایانەی کەوا بێکارن و کەمتر دەرفەت دەبێت بۆ مامۆستایەك لە هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەت پێکەوە کاربکات. هەروەها کەمکردنەوەی خولی هاوینە، ئەم ئەرکە بە پەروەردەکان بسپێردرێت، چونکە لەگەڵ ڕێزم بەشێك لە مامۆستایان لە قوتابخانەی حکومی کەمتر گرنگی بە قوتابی دەدەن و بگرە لە خولی هاوینەش قوتابی نمرەی بەرز بەدەست دەهێنێت، ئەمەش دەبێتە بازرگانیکردن بە پەروەردەوە. هەروەها پێویستە ساڵانە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ مامۆستایان بە ئامادەکردنی لاپەڕەی پرسیارەکان لەلایەن کەسانی بەتوانا و بەئەزموون لە گشت ئەو بابەتانەی خوێندراون کە ڕاستەوخۆ بگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ زانینی ئاستی قوتابی و دیاریکردنی توانای مامۆستای بابەت و بێگومان دەبێت ئەوکات پاداشت و سزاش بوونی هەبێت. بەڕاستی هەر چەند پێشنیار و سەرنج بخەینەڕوو بۆ باشترکردنی کەرتی پەروەردە تەواو نابێت، چونکە کەرتێکە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە و پێویستی بە سیستەمی سەردەمی هەیە کە لەگەڵ کۆمەڵگەکان و پێشڤەچوونە هەنووکەییەکان بگونجێت.دواجار بەپێویستی دەزانم وەك هەمیشە بەم دەستەواژەیە گرنگیی پەروەردە بگەیەنمە لایەنی پەیوەندیدار و وەزارەتی پەروەردە و هەروەها حکومەتی هەرێم (پەروەردە خوێنە لە دەماردا، ئەگەر ژەهراوی بێت، گشت کۆمەڵگە ژەهراوی دەبێت)».



عیسا بۆتانی:


**ئەگەر حکومەتی هەرێم دەیەوێ بە جددی چاکسازی لە کاروباری وڵاتدا بکات، ئەوا تەنیا چاککردن و دارشتنی ڕێگەیەکی ڕاست و چارەسەرکردنی کێشە و کێماسییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بەسە بۆ ئەوەی هەموو وڵات چاك ببێت**




دوریا شێروانی:

**دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری زیاتر بکات بۆ پاراستنی مافی مامۆستا و قوتابی وە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ناو و پێگەی مامۆستا و پاراستنی مافی قوتابی لە قوتابخانە**

# حەیران
# لە زەمەنی
# رەسووڵ گەردیدا





**ئامانج غازی**


**بۆ گوڵانی نووسیوە**

یادکردنەوەکانی رۆژانی ماڵئاوایی هونەرمەندان لەلای میللەتی کورد بەوە ناوزەد دەکرێت کە لەو رۆژانەدا تەنیا بە چەند پەیڤێك بەسەریان بکەینەوە، بەڵام کە باس لە مێژووی موزیکی کوردی دەکرێت، دەبێ لە دەنگە رەسەنەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەو دەنگانەی لە نێو تەمومژی (موزیکی بێگانە بە کورد) توانییان مۆرك و ئەدای هونەرییان بپارێزین و، وا لە گوێگری غەیرە کوردیش بکەن کە بە تامەزرۆیی و هزرێکی قوڵەوە گوێڕادێری بن.

کە باسی (رەسووڵ گەردی) دەکەین وەك هونەرمەند و خاوەن دەیان حەیرانی کوردەواری، پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین و سەرنجی گوتن و نوێکردنەوە و ئادای حەیران بکەین لەو (٧٠) ساڵەی کە کەوتووەتە سەر قەوان و رێکۆردەر، دەبینین بەرهەمەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە رووی هونەری و قاڵب و ناوەرۆکەوە بەخۆوە نەبینیوە، لە پێشەکیدا پارچە موزیکێك کە ناکرێت بڵێین کورییە و دواتر ئامێرێك (solo) دەژەنێ و یەکسەر گۆرانبێژ دەست پێ دەکات ئەم لاسایی و تەقلیدە هونەرییە لە خزمەت رەوتی رەسەنایەتیی حەیراندا نییە، جا داخەکەم رەسووڵ گەردی هونەرمەند لەو زەمەنەدا ژیا کە تیایدا حەیران رەزم و ریتمێکی تایبەتی نەبووە، موزیك باگراوندی دەنگە بەهێزەکان نەبوو، تێگەیشتن بۆ مەقام و ئادای حەیران سەرپێیانە بڕیاری هونەریی لەسەر دەدرا، بۆیە لەم یادە و ئەم رۆژە پڕ حەیرانەدا، پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکە،ین ئەویش ئەوەیە کە تازووە هەر هەموومان با واز لەو چێژە کاتییە بهێنین کە حەیرانبێژێك لە ساتەوەختێکی زۆر کەمدا پێمان دەبەخشێت، با بیر لەوە بکەینەوە کە حەیران وەك یەکەیەکی هونەریی سەربەخۆ بخەینە قاڵبێکی هونەری و لەتەك قاڵبی (سۆناتە ) و (سەمفۆنیا )دا دایبنێین و، بەراوردی زانستیی لەگەڵ ( کانتاتا )یەك یان ( ئاریا )یەکی سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی بۆ بکەین، پێویستە هەوڵێکی دڵسۆزانە لە ئاردابێ بۆ سڕینەوەی ئەو (نۆتە) بێگانانەی کە ئادایەکی غەیرە کوردییان پێوە دەکرێت و لە حەیراندا ئێستا زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێت.

لە بیرمە ئەو رۆژەی رەسووڵ گەردیی مەرد لە نێو حەشاماتێکی هونەری تیپی چاڵغی بەغدادی و کۆمەڵێك ژەنیاری نابینا و بە دەیان بلاجیکتۆر و کامێرای بە ترس و زمانی لێك حاڵی نەبوون و لە هەمووشیان ناسکتر، ئەو پێشەکی و موزیکەی کە ویستیان مەقامی حەیرانی پێ ببەنەوە سەر رێچکەی ئادای عەرەبی، لە بیرمە بێ گوێدان بەو هەموو خەڵکە حەیران بوو بە بوورکانێك و هەموو ئەو دەستە لەرزۆك و شتانەی راماڵی کەویستیان هەیبەتی ئەو مەقامە رەسەنە کوردییە بشکێنن، رەسووڵ گەردی هونەرمەندێکی بێنازبوو، یەکەم هونەرمەندی کوردیشە لەو بوارەدا کە توانیویەتی ئەدای حەیران لە مەقامی بەیاتدا بشکێنێ و مەقامی حیجاز بخاتە نێو ئەو میانە کوردیانەی کە خۆی ئەدای دەکرد.

با ئەمڕۆ ئەو یادکردنەوەیە بەتەنیا بۆ لەبیرنەکردن نەبێت، با بۆ تێڕامان و بیرکردنەوەی هونەرییانەی هەرهەمووومان بێت، بەخۆداچونەوەیەك بێت بۆ کارە هونەرییەکانمان، سەرنجێك بێت بۆ داهاتووی لێڵمان و ئاوڕدانەوەیەکی بەزەییانە بێت بۆ گەنجینەی بەرهەمە فۆلکلۆر و رەسەنەکانمان.



# بەلقیس فەتحی: ئێستا لەهاوسەرگیری دەترسم




لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا خانمە گۆرانیبێژ بەلقیس، رایگەیاند لە ئێستادا بیر لەوە ناکاتەوە جارێکی تر هاوسەرگیری بکات،لە هەمان کاتدا چەند تایبەتمەندییەکی سوارچاکی خەونەکانی ئاشکرا کرد.

لە بارەی دووبارە چوونە نێو ژیانی هاوسەرگیری دوای جیابوونەوەی لە یەکەم ئەزموونیدا و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسە وتی: ئەو کەسە پێویستە لەرووی ماددییەوە سەربەخۆ بێت و پاڵپشتم بێت و ژیانی منی قبوڵ بێت وەك هونەرمەندێکی ناسراو و غیرەشم لێنەکات، لە هەمان کاتدا نابێ چاوی لەوە بێت کۆنترۆڵی ژیانی من بکات، چونکە ئەم شتانە لە سەرەتای ژیانی هاوسەرگیرییەوە دەرناکەون، بەڵکو ئەو کاتە دەردەکەون کە گشت دەرگاکان دادەخرێن ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی دەکاتە سەر ئافرەت.

بەلقیس سەبارەت بەم بابەتە زیاتر وتی: زۆر زەحمەتە لەگەڵ کەسێکی دەوڵەمەند ژیانی هاوسەرگیری پێك بهێنم لە بەرامبەر ئەوەی کە واز لە کارەکەم و خۆشەویستیم بۆ هونەر بهێنم، بۆیە لەم ماوەیەدا من ترسێکی زۆرم لە دووبارە هاوسەرگیری هەیە.

لەلایەکی دیکەوە بەلقیس رازی نەبوو باسی جیابوونەوەی لەگەڵ هاوسەری یەکەمی بکات، بەڵام ئاماژەی بەوە کرد کە هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ لێك تێنەگەیشتنیان لە ساڵی یەکەمەوە، ئەمەش لە نێوان زۆر کەس روودەدات

# شاروخان یادی سی ساڵەی یەکەم فیلمی دەکاتەوە



شارۆخانی ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیود لە پەخشێکی ئەنستاگرامدا دەرکەوت و، تێیدا کاروانی هونەریی خۆی لە ماوەی سی ساڵ رابردوودا نمایش کرد و باسی لەو فیلمانە کرد، کە حەزی دەکرد رۆڵی تێیاندا هەبێت.
ئەم فیلمە دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ دێت لە یەکەم رۆڵی شارۆحان، بۆ ئەم مەبەستەش هەوادارانی هاشتاگێکیان بڵاوکردەوە، لەم بارەوە شارۆخان رایگەیاند: «سی ساڵە هاتوومەتە نێو بواری هونەری، وادەزانم دوێنێ بوو، هیچ کاتێك لەو بڕوایەدا نەبووم کە بتوانم سی ساڵ بەردەوام بم، کە هاتمە مۆمبای بەو هیوایە بووم بتوانم تەنیا ساڵێك دوو ساڵ بەردەوام بم و لە ٥-٧ فیلم بەشدار بم».

لە درێژەی قسەکانیدا شارۆخان گوتی کە هەستێکی زۆر خۆشم هەیە کە یادی سی ساڵەی هاتنە نێو سینەما و فیلم دەکەمەوە، هەروەها فیلمێکیش نمایش کرا کە باسی لە سەرەتاکانی هاتنی بۆ نێو بواری سینەمادا دەکات، بەتایبەتی فیلمی (Deewana) کە رۆڵی کەسێکی خراپی بینی و یەکەم کاری سینەمایی ئەو بوو.

هەر بەم بۆنەیەوە ترایلەری فیلمە نوێیەکەی بڵاوکردەوە بە ناوی (Pathaan) و بڕیار وایە لە ٢٠٢٣/١/٢٥ بۆ یەکەم جار نمایش بکرێت، کە بە زمانەکانی هیندی و تامیلی و تیلیجۆ دەبێت.

**سەرچاوە: الرجل**

# لە نمایشی دوا ڕۆژەکانی بابلۆ سیحری ڕاکێشانی بینەر لە کوێدایە؟

لە چوارەم ڕۆژی نمایشی (دوا ڕۆژەکانی بابلۆ)لە هۆڵێکی پڕ لە بینەردا لە هەولێر، ویستم بە دیدێکی ڕەخنەیی دوور لەو فشارە میدیاییەی هەبوو، لە هەقیقەتی نمایشەکە بگەم و خوێندنەوەیەك بۆ ئەو بەرهەمە بکەم، کە تا ئێستا لە ڕووی میدیاییەوە دەنگۆیەکی گەورەی ناوەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی نزیکەی ٢٥ هەزار بینەر لە سلێمانی شانۆگەریەکەیان بینی.

ئەو پرسیارەی بەر لە هەموو شتێك جێگەی سەرنجە و دوای بینینی نمایشەکە دێتە پێشەوە، ئەوەیە ئاخۆ سیحری ڕاکێشانی ئەو ژمارە زۆرەی بینەر چییە بۆ ئەو نمایشە؟، هۆکارەکانی چین؟

بێگومان کرۆکی نمایشەکە خۆی لە سێ تەوەری سەرەکیدا نیشان دەدا، هەر یەك لەو تەوەرانە کاریگەری تایبەتی خۆیان بەسەر نمایشەکەوە جێ دێڵن.

یەکەمیان: نمایشەکە فۆرمێکی کۆمێدیی سووکی خێزانی هەیە، ئەوەندە ئەو فۆرمە بە هێمنی و هاوسەنگی دوور لە هەڵچوون و زێدەڕۆیی خۆی نیشان دەدات، بینەر لە ڕێگەی هەندێ دیالۆگ و بزووتنەوەی کۆمێدییەوە دەهێنێتە پێکەنینێکی هاوسەنگ و، دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی چێژوەرگرتن، لە چوارچێوەی نواندنێکی پڕ ئامانجی دوور لە هیچ نیشانەو مۆرکێکی تەهریجی.

ئەکتەرێکی وەك (ڕێشان حەمۆش) کە ڕۆڵی سەرەکیی کۆمێدیاکە دەبینێت، توانایەکی تایبەتی خۆی هەیە بە هاوکاریی دوو ئەکتەری سەرەکی، نمایشەکە زیندوو ڕادەگرن و ڕێگە نادەن ڕیتمی نمایشەکە هاوسەنگیی خۆی لەدەست بدات.

بۆیە لایەنی ئەو فۆرمە کۆمێدییە وەك لایەنێکی زاڵ بەسەر ڕووبەری نمایشەکەوە دیارەو، نرخ و بەهایەکی زۆریان بە سەنگی نمایشەکە بەخشیوە، فۆرمی کۆمێدی لە هەلومەرجێکی سەخت و ئاڵۆزی وەك ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیدا فۆرمێکی مەقبوولە، ئەگەر بەو ئاست و ئامانجە بەرجەستە بکرێت کە لە دواڕۆژەکانی بابلۆ بەرجەستە کرا.

دووەم: گۆرانی و موزیك لایەنێکی زۆری پانتایی نمایشەکەی داپۆشیوە، کە بە هاوکاریی گرووپێکی موزیکژەنی بەتوانا، چەندین گۆرانیی بەسۆزی کوردی بە فۆرمێکی ڕاستەوخۆی زیندوو نمایش کرا.

ئەم ڕاستەوخۆییە بۆ موزیك و گۆرانییەکان، تەنانەت بۆ موئەسیراتی دەنگیش، وای کردبوو کە ڕیتمی نمایشەکە هەر بەزیندوویی بمێنێتەوە، جگە لەوەی بینەر لەو ڕاستەوخۆییەدا چێژی زیاتری وەردەگرت، چونکە بووبووە بەشێك لە نمایشەکە.

خۆ ئەگەر هەمان ئەو موزیك و گۆرانییانە بە تۆمار کراوی بونایە، چێژ و ڕیتمی نمایشەکە وەك ئێیستا نەدەبوو.

هونەری دەرهێنەر لەوەدا بوو کە توانیبووی سوود لە سیناریۆی تێکستەکە وەربگرێت، کە دەڵێت: «بابلۆ ئارەزوومەندێکی گۆرانی و موزیك بوو، دوچاری واهیمەیەك ببوو، وای دەزانی ئەو لەم بارەیەوە بلیمەتە، کەسیش ئەو ڕاستییەی پێ نەدەگوت کە ئەو نەخۆشەو لە وەهمدا دەژی، چونکە لە هونەردا کەسێکی فاشیلە».

دەرهێنەر زۆر زیرەکانە کۆمەڵێك ئاواز و گۆرانیی جوانی دەستنیشان کردووە، کە گوایە بابلۆ بەرجەستەیان دەکات، لە کۆتایی گۆرانییەکاندا بە نەشازی دەیانڵێتەوە، بەڵام دەرهێنەر لەو کاتەی بابلۆ وەك کەسێکی واهیمەدار لای بینەر پێناسە دەکات، لە کاتی ژنهێنی جاس دەبێتە جاس ژنێکی کارامەو لێهاتوو، بەمەش دوچاری دژایەتی دەبێت لە نیشاندانی کەسایەتیی بابلۆ.

دەرهێنەر لە دیمەنی جاسلێدانەکەدا کە بووەتە بەڵایەك بەسەر نمایشەکەوە و، کۆمەڵێك کێشەی تەکنیکی و هونەری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، تووشی



## حەیدەر عەبدولڕەحمان

بۆ گوڵانی نووسیوە

جیاوازی لە فۆرمی گۆرانی و موزیکدا دەبێتەوە لەگەڵ گۆرانییەکانی دیکە، ئەو جگە لە کێشەی بەرزبوونەوەی ریتم و تێکچوونی ئەتمۆسفیری نمایشەکە. هەموو ئەوانە دەرهێنەر تەنیا دەیەوێت بەبینەر بڵێت ریشان لە بواری جاسژەنیندا لێهاتووە، ئەگەرچی دەرهێنەر ئەو ئامانجەی نەپێکاو زۆر بە گران لەسەر بەرهەمەکە کەوتەوە.

سێیەم: لایەنی تراژیدی لەو قۆناغەدا دەست پێ دەکات کە بابلۆ لە ئاکامدا راستییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت و، بەدەم ئازارەکانیەوە شێت دەبێت و دوا رۆژە تاڵەکان بە چاوی خۆی دەبینێت.

لەو قۆناغە تراژیدییەدا هاوسەنگیی نمایشەکە لەنگ دەبێت، بەهۆی دیالۆگی دووردرێژی خیتابییەوە، کە راستەوخۆ رووی لە بینەرە.

بەپێچەوانەی پەردە سەرەتاییەکان جۆرە ساردییەك هۆڵەکە داگیر دەکات و بینەر لە ناو ئەو هەموو شەپۆلە پێکەنینەوە دەکەوێتە نێو ئەتمۆسفیرێکی تراژیدیی دژ بە ئەتمۆسفیری کۆمێدیی پێشوو، بۆیە بینەر هەست دەکات هەردوو فۆرمە کۆمێدی و تراژیدییەکە بە شێوەیەکی سرووشتی تێکەڵ بەیەکتر نابن، ئەو کاتە بۆ دەرهێنەر سەخت دەبێت هەر سێ فۆرمی کۆمێدی و موزیك و سترانسازی و تراژیدی بەیەکەوە بەڕێوە ببات، بەمە دەرهێنەر هاوسەنگیی لە فۆرمەکاندا لەنگ کردووە، زێدەڕۆییەکی زۆرتر لە پێویستی بە تراژیدیا کردووە، دەبوا لە پانتایی تراژیدیاکە کەم بکاتەوە، بەتایبەت لە خیتابە دووردرێژەکەی دوا دیمەن، کەمەترسییەکی زۆری خستە سەر نمایشەکە.

لە دیمەنەکانی دواییدا ئەکتەرێکی زۆر دێنێتە سەر شانۆ، هەموو روداوی نمایش و کاراکتەرەکان لەگەڵ یەکتردا کۆ دەکاتەوە، دەرهێنەر ویستی ئامانجێك لە پرسی جانتاکەو فڕوفێڵ و خواز بینیەکاندا دەربخا، بەڵام نەیتوانی ئەو پەیامە بگەیەنێتە بینەر و، بۆشاییەك لەو نێوانەدا دروست بوو،کە ببێتە هۆی لاوازیی فەلسەفەی نمایشەکەو ئامانجەکانی.

هەروا کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئەکتەر، وای کرد کە بینەر دەرفەتی ناسینی کارکتەرە لاوەکییەکانی نەبێت، جگە لە سێ کاراکتەری سەرەکی نەبێت.

لە رووی ریتمیشەوە لەو دیمەنەی کە خزمەتکار راکێشی شێتخانە دەکەن، ئەویش بە دەستیانەوە رادەکاو دەڵێت من نیم و گەڕانەوەی زاوا بە جانتای نیو ملیۆن دۆلاری کە پڕە لە جلی ژنان و هاتنی تیمی شێتخانە و راکردنی هەر یەکەو بە ئاراستەیەك، ئەو ئاژاوە تێکچرژاوەی ئەو کۆمەڵگە بێسەرو بەرە، باشترین دەرفەت بوو بۆ کۆتایی و بەجێهێشتنی ئەو واقیعە تاڵە کە ئێستاش بەردەوامیی هەیە، بەڵام شێتکردنی بابلۆ و خیتابەکانی کۆتایی، ئەو دەرفەتەی لەدەست داو لە ریتمێکی مردوودا نمایشەکە کۆتایی هات.



# هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا نازناوی پاڵەوانێتییەکی لەسەر ئاستی کچان بەدەستهێنا

هەفتەی ڕابردوو لە سعودیە کۆتایی بە سێیەمین پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا لەسەر کچان بۆ فۆتساڵ هات، هەڵبژاردەی عێراق بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی نازناوێك لەسەر ئاستی کچان بەدەست بهێنێت. لەم پاڵەوانێتییە (٦) هەڵبژاردە بەشداری کرد، بە سەر دوو کۆمەڵە دابەش کران، لە هەر کۆمەڵەیەك دوو هەڵبژاردە بۆ چوار گۆشەی زێڕین سەرکەوەت.



ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

● ڕێگەی هەڵبژاردەی عێراق لەم پاڵەوانێتییە هەڵبژاردەی فۆتساڵی کچانی عێراق لەم پاڵەوانێتییە شانبەشانی هەڵبژاردەکانی (بەحرێن، فەڵەستین) یاری کرد، لە یەکەم یاریدا بە ئەنجامی گۆڵێکی خاوێن تووشی شکست هات.

لە یاری دووەمدا هەڵبژاردەی فۆتساڵی کچانی عێراق ئەنجامێکی گەورەیان تۆمار کرد، کاتێك بە ئەنجامی حەفت گۆڵی خاوێن یارییەکەی بردەوە، لەم یارییە شۆخان نوورەدین سوپەر هاتریکی تۆمارکرد.

لە یاریی پێش کۆتایی هەڵبژاردەی عێراق ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی کوێت بوونەوە و توانییان سەرکەوتنێکی مێژوویی تۆمار بکەن و یارییەکە بە ئەنجامی دوازدە گۆڵی خاوێن لە بەرژەوەندی خۆیان تەواو بکەن و بگەنە یاریی کۆتایی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا.

لە یاریی کۆتایی هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق ڕووبەڕووی خاوەن جەماوەر و یاریگای هەڵبژاردەی سعودیە بوونەوە، لەم یارییەدا کچانی عێراق ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و یارییەکە بە ئەنجامی چوار



گۆڵ بەرانبەر بە دوو گۆڵ لە بەرژەوەندیی خۆیان تەواو بکەن و ببنە پاڵەوانی ڕۆژئاوای ئاسیا.

● سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە هەڵبژاردەکە کرد.

مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە هەڵبژاردەی فوتساڵی کچانی عێراق کرد، کە زۆرینەی یاریزانەکانی تیپەکانی هەرێمی کوردستانن.

سەرۆکی حکومەت پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێکردن بە بۆنەی بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە سێیەم پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ فوتساڵی کچان. سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوە دا، کە وەرزش جیا لە سوودە تەندروستییەکانی، ڕۆڵێکی گرنگیش دەبینێت لە ناساندن و ئاڵوگۆڕی کەلتووری لە نێوان گەلانی جیهان. خۆشحاڵیشی نیشاندا کە هەماهەنگییەکی باش هەیە لە نێوان ئەندامانی هەڵبژاردەکە کە لە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق پێکهاتوون و توانییان بە یەکەوە عێراق بەهێزتر بکەن.

سەرۆکی حکومەت گوتیشی: ئافرەتانی کوردستان، چۆن وەك پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریکردن لە کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو و جیهانیشیان سەرسام کرد، ئەمڕۆش لە بواری وەرزشدا، ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە سەرکەوتن و بە دەستهێنانی پلەی یەکەم بۆ هەڵبژاردەی عێراق.

لە کۆتایی دیدارەکدا سەرۆکی حکومەت شاندی هەڵبژاردەی عێراقی خەڵات کرد.

● شۆخان بووە گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە

لەم پاڵەوانێتییە کچە یاریزانی کورد شۆخان نوورەدین بووە گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە دوای تۆمارکردنی (٧) گۆڵ، لەم پاڵەوانێتییە شۆخان لە هەڵبژاردەکانی (فەلەستین یەك گۆڵ، کوێت چوار گۆڵ، سعودیە دوو گۆڵ)ی تۆمار کرد، لەم پاڵەوانێتییە گۆڵەکانی هەڵبژاردەی عێراق هەریەکە لە یاریزانان ( شۆخان نوورەدین (٧) گۆڵ، تەبارەك ڕەحمان(٦) گۆڵ، دێرین مەحموود (٤) گۆڵ، لەنیا سەدیق (٣) گۆڵ، زەینەب عەباس(٢) گۆڵ)یان تۆمار کرد.

● کچە کوردەکان مێژوویان تۆمارکرد

لەم پاڵەوانێتییە لە کۆی (١٤) یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق (٩)یان کچە کورد بوون و لە خولەکانی کوردستان یارییان کردووە، هەر یەکە لە یاریزانان (خەڵات مستەفا، شاجوان جەبار، بەهرە دارا، بێریڤان جەلال، سەمیرە ڕەئوف، دێرین مەحموود، لەنیا سەدیق، شیلان عەبدوڵڵا، شۆخان نوورەدین) لە ڕیزی هەڵبژاردەکە بوون.





## کچە کوردی کرماشان مێژووی بۆ فۆتساڵی عێراق نووسییەوە

شاهیناز یاری:

# ئەرکێکی قورسمان لە پێش بوو، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتوو بووین

یەکێتی تۆپی پێی عێراق بە مەبەستی پێشخستنی ئاستی هەڵبژاردەی فۆتساڵ لەسەر ئاستی کچان گرێبەستی لەگەڵ ستافێکی ڕاهێنەری ئێرانی مۆر کرد.

شاهیناز یاری کچە کوردی کرماشان ناوی چووە مێژوو دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا توانی هەڵبژاردەیێکی کچان نازناوێك بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی عێراق بووە پاڵەوانی ڕۆژئاوای ئاسیا.

شاهیناز یاری لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٨) کرماشانە و ماوەی (٢٣) ساڵە وەکو یاریزان و ڕاهێنەر لە بواری وەرزش یاری دەکات و پێشتر یاریزانی تۆپی دەستی ئێران بووە، دواتر هاتە نێو بواری فۆتساڵ پاشان بووە ڕاهێنەری یانەکانی (سەنعەت کرماشان، زانکۆی ڕازی، سایپا) و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی فۆتساڵی لاوان و هەڵبژاردەی یەکەمی ئێران بووە و هەروەها وانەبێژی ئاسیوەیە و دەتوانێت خولی ڕاهێنەری بڵێتەوە. گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئەنجام دا.

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی



شاهیناز یاری لە سەرەتای قسەکانیدا باسی لە دەستکەوتە گرنگەکەی کرد و گوتی: «ئەم دەستکەوتە کارێکی زۆر گەورە و بڕواپێنەکراو بوو و بە توانا و هەوڵ و ماندووبوون و زیرەکیی یاریزانان بووینە پاڵەوان، کارێکی مەزنە کە توانیمان لە ماوەی یەك مانگی کارکردنمان لەگەڵ هەڵبژاردەکە لایەنی تەکنیکی و هونەری و شێوازی یاریکردن و وەستانی یاریزانان لە نێو یاریگا ڕێك بخەین، کە کارێکی قورس بوو و لە جێبەجیکردنی سەرکەوتوو بووین. هەرچەندە ماوەیەکی کورتە لەگەڵ هەڵبژاردەکە کار بکەم، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزم لەگەڵ یاریزانەکان دروست کرد لە ماوەیەکی کەم و توانیم کۆمەڵە یاریزانێکی باش کۆبکەمەوە و لێکتێگەیشتنێکی باش لە نێوانمان دروست بوو، و لە کاتی مەشقەکانیش پێشکەوتنێکی گەورەم لە ئاستی یاریزانان بەدی دەکرد و ئومێدێکی گەورەی پێ بەخشیم».

دواتر باسی لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق کرد و گوتی: «لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتیی هەڵبژاردەی فۆتساڵ دوو ئۆردوگای مەشقیم ئەنجام دا، یەکێك لە شاری بەغدا بۆ تاقیکردنەوەی کچە یاریزانەکان و ئۆردوگای دووەم لە ئێران ئەنجام درا، کە چوار یاریی دۆستانمان ئەنجام دا، سوودێکی گەورەمان لەم ئۆردوگا مەشقییە وەرگرت، چونکە ئێران لە فۆتساڵ زۆر پێشکەوتووە، بۆیە دوای ئەم ئۆردوگایە متمانەیەکی تەواوم بە یاریزانەکان لام دروست بوو، کە بتوانن لەم پاڵەوانێتییە دەستکەوت بەدەست بهێنن و کارم لەسەر لایەنی دەروونیی یاریزانان کرد، کە متمانەیان بە ئاستی خۆیان هەبێت».

پاشان باسی لە دەستپێکە خراپەکەی هەڵبژاردەی فۆتساڵ لەم پاڵەوانێتییە کرد و گوتی: «یاری بەرانبەر بەحرێن قورسترین یاری بوو لەم پاڵەوانێتییە، هەرچەندە یارییەکەمان دۆڕاند، بەڵام بێ ئومێد نەبووم،لە دووەم یاری بەرانبەر فەڵەستین زۆر کارمان لەسەر ئەم یارییە کرد و ئاستی هەڵبژاردەکەم شی کردەوە و شارەزای خاڵی لاواز و بەهێزی هەڵبژاردەکە بووم و بە پلانێکی تایبەت یاریمان کرد و یاریزانەکان بە تەواوی پلانەکانی منیان جێبەجی کرد و، لە یاریی پێش کۆتایی ئەنجامێکی گەورەمان تۆمار کرد و لە کوێت-مان بردەوە، کە چەندین ساڵە ئەم هەڵبژاردەیە لە ژێر دەستی ڕاهێنەرێکی ئێرانی مەشق دەکات، هەرچەندە پێم خۆش نەبوو، ئەم ژمارە زۆرە گۆڵ تۆمار بکەین، لەبەر ڕاهێنەرە ئێرانییەکەی هەڵبژاردەی کوێت و هەروەها تا یاریزانەکان تووشی لەخۆباییبوون نەبن لە یاریی کۆتایی، لە یاریی کۆتایی لە گێمی یەکەم ئاستمان خراپ بوو، بەڵام لە گێمی دووەم توانیمان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و چوار گۆڵمان تۆمارکرد، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە سەرجەم یارییەکان لە گێمی دووەم گۆڕانکاریمان لە ئەنجام دەکرد.

سەبارەت بە ڕەخنەکانی یاریزانە دوورخراوەکانی هەڵبژاردە پێش پاڵەوانێتییەکە و هەروەها تۆمەتەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، ڕاهێنەر یەك وەڵامی هەبوو و گوتی: «پاڵەوانی ڕۆژئاوای ئاسیا هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراقە».

سەبارەت بە داهاتووی هەڵبژاردەکە شاهیناز گوتی: «پلانێکی تۆکمەم داناوە، کە لە ئایندەیێکی نزیکدا دووبارە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی سەرجەم یاریزانەکان ببینم و گۆڕانکاری لە هەڵبژاردەکە بکەم، چونکە دەزانم هێشتا یاریزانی باش هەیە بانگهێشتی هەڵبژاردەکە بکەم».

سەبارەت بە یاریزانە کوردەکانیش گوتی: «لە ڕووی تەکنیك و خێرایی و هونەری زۆر باش بوون».

دواتر باسی لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی پلانەکانی لەم ماوە کورتەدا کرد و گوتی: «زۆر کارم لەسەر دووبارەکردنەوەی پلانەکان دەکرد، تا بتوانم بە ئاسانترین شێوە پلانەکان جێبەجێ بکەن و لەم کارە سەرکەوتوو بووین».

دواتر باسی لە پێشوازیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی: «زۆر سوپاسی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، کە پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و تاکە کەس بوو، کە خەڵاتی هەڵبژاردەکەی کرد و چاوەڕێی ئەم پێشوازییە گەرمەم نەدەکرد، کە زۆر بەخشندە و میهرەبان بوو لە گەڵمان و ئەم پێشوازییە گەرمەی سەرۆك وەزیران سەرجەم ماندووبوونی لەیاد کردین و خەڵاتکردنی تیپەکە کارێکی گەورە و مەزن بوو، کە جێگەی ستایشە».

سەبارەت بە چۆنیەتی پێشخستنی یاریی فۆتساڵی کچان لە عێراق گوتی: «هەندێك شتی گرنگ هەیە بۆ پێشخستنی ئەم یارییە، کە بەداخەوە لە بەغدای پایتەخت بوونی نییە، وەك هۆڵی یاری و پێداویستییەکانی مەشق، بۆیە دەبێت لە داهاتوو بە ئەکادیمی کار بکرێت و سەرجەم پێداویستییەکان دابین بکرێت و، دەبێت هەڵبژاردەی لاوان و تازەپێگەیشتووان هەبێت و پاڵپشتیی ماددی هەڵبژاردەکان بکرێت، هەروەها یاریی دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردە بەهێزەکان لە دەرەوەی عێراق بکرێت، پێویستە ئەم هەڵبژاردەیە ماوەی دوو ساڵ لە مەشق و یاریی دۆستانە بکات، تا بتوانێت ڕکابەری لەسەر نازناوی جامی ئاسیا بکات».

لە درێژەی قسەکانیدا شاهیناز گوتی: «بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادەم هیچ یاریزانێك جگە لە یاریی فۆتساڵ هیچ یارییەکی دی ئەنجام بدات، ئەگەر هەر کەسێك پێچەوانەی بڕیارەکەی من بکات، ئەوە جێگەی لە هەڵبژاردەکە نابێتەوە و بانگهێشتی هەڵبژاردەکە ناکرێتەوە و خۆم چاودێریی یاریزانەکان دەکەم».

لە کۆتایی قسەکانیدا شاهیناز یاری سوپاسی گۆڤاری گوڵان-ی کرد و گوتی: زۆر سپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم بۆ دەرخستنی ئەم دەرفەتە و زۆر سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمە دەکەم، لە ساتی گەڕانەوەمان و تا ئێستا، ئەمەش هێزێکی گەورەی پێ بەخشین و ئومێدەوارم ئەم پاڵپشتییە بەردەوام بێت، تاوەکو بە گەینە ئامانجی گەورەتر و دەستکەوتی گرنگتر».





گوڵستان ئەحمەد
یاریزانی هێزی لەش:

# بە نیازی بەشداریکردنم لە پاڵەوانێتیی هێزی لەشی جیهان

**لە ئێستادا لە سەنتەری پارێزگاکان و قەزا و ناحیە و شارەکانی کوردستان یارییەکانی هێزی لەش و لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیك بووەتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو رووی تێ دەکەن، لە شارەکانی کوردستانیش ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران ڕوو لە وەرزشەکە دەکەن، دەڤەری راپەڕین یەکێکە لەو شارانەی کوردستانە کە خانمان بە شێوەیەکی زۆر باش بایەخ بە وەرزشی هێزی لەش و وەرزشەکانی دیکە دەدەن و چەندین یاریزانی بەتواناش لەم دەڤەرە هەیە، یەکێك لەو ئافرەتە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق (گوڵستان ئەحمەد)ـە کە وەکو یاریزان لە قەزای ڕانیە یاری دەکات، گوڵستان لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی قەزای ڕانیەیە و خاوەن بڕوانامەی دبلۆمە لە بواری وەرزش و، بۆ هیچ یانەیەکیش یاریی نەکردووە، بەڵکو تەنیا وەکو گرووپ و هۆڵ بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستان ئاستی یاریی هێزی لەش چۆن دەبینیت؟**

-ئاستی یاریی هێزی لەش لە کوردستان بە شێوەیەکی باش ڕوو لە پێشکەوتنە.

*** ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی هۆکاری سەرەکیی بەرەوو پێش نەچوونی ئەم یارییە، چونکە لە پاڵەوانێتییەکاندا تاکەکان هەست بەو هێزە دەکەن کە هەیانە و دەتوانن ئەو بەهرەی پێیانە دەریخەن.

*** وەکو کچە پاڵەوانێك، بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- بۆ ئەوەی ئەم وەرزشە بەرەو پێش بچێت، پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاریی یاریزان بکرێت، بۆ ئەوەی بگات بە بەرزترین ئاست، جگە لەوەش سپۆنسەرییەکی باشیان بۆ بکرێت.

*** گرفتەکانی یاریی هێزی لەش لە چیدا دەبینیت؟**

-گرفتی ئەم یارییە لە کوردستان ئەوەیە تەنیا ماندووبوون دەبینیت و هیچ کەسێك ئەرکی ماندووبوونت نا کێشێتەوە.

*** هەست بە چی دەکەیت کاتێك یارییەکی قورس ئەنجام دەدەی کە ئاسنە؟**

- هەست بەوە دەکەم کە ئەو هێز و توانایەی خوای گەورە پێی بەخشیوم، دەتوانم دەریبخەم و کۆمەڵێك گەنجی دیکە حەز و ئارەزوویان بۆی دروست دەبێت و، ڕوو دەکەنە ئەم وەرزشە، بێگومان ئەوەش هەستێکی خۆشە بۆمن وەکو یاریزان.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

-بە پشتیوانی خودای گەورە بە نیازی بەشداریکردنم لە پاڵەوانێتیی هێزی لەشی جیهان، ئەوە خەونی منە و بتوانم ئەنجامی باش بەدەست بهێنم.

*** لەگەڵ ئەوەیت یانەکانی پشت بە ڕاهێنەری بیانی ببەستن؟**

- خۆمان ڕاهێنەری زۆر باش و بە ئەزموونمان هەیە، پێویستمان بە ڕاهێنەری بیانی نییە، وەکو خۆشم پشتم بە خودای گەورە بەستووە ئینجا بە خۆم، نەك ڕاهێنەری بیانی.

*** داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی پشتی یاریزانان بگرن و هاوکارییان بکەن و، هانیان بدەن بۆ ئەوەی زیاتر ئەم یارییە پێش بکەوێت و سەرکەوتوو بن.

*** خەونت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە پلەی یەکەم بەدەست بهێنم لەسەر ئاستی جیهان هاوشێوەی کوردستان و عێراق، کە خاوەنی پلەی یەکەمم.

*** بەهیوای ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێت و تۆش یەکێك لە یاریزانەکان بیت؟**

-لە ئێستادا تیپەکەی ئێمە وەکو گرووپی کوین فتنس بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستانین و بەشداریش دەبین لە پاڵەوانێتییەکان.

*** پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەینی؟**

-پاڵەوانبوون لای من ئازایەتی و خاوەن کەسایەتی بەرز دەگەیەنێت.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**


- بە یاریزان anee nelson زۆر سەرسامم بە تەکنیکەکانی.

*** لەلایەن یانەکان گرێبەستت پێشکەش کراوە کە تا ئێستا بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەیت؟**

- بەڵێ، لەلایەن یانەکانی بەغداد گرێبەستم پێشکەش کراوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان و کەسانی وەکو ئێوەش دەکەم کە هەمیشە لە خەمی وەرزشواناندان و پاڵپشتیانن لە شارەکانی کوردستان.






# هەرێم کەلاری دەربەندیخان ڕێک دەخاتەوە

یانەی وەرزشیی دەربەندیخان هەر لە ئێستاوە دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە وەرزی تازەی خولەکە، بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم دەستپێشخەریی ئیدارەی یانەکە گواستنەوەی هەرێم بورهان کەلاری بوو وەکو ڕاهێنەری یانەکە بۆ دروستکردنی تیپێکی تۆکمە، لە بارەی دەستبەرکاربوونی ڕاهێنەری تازەش، (هەرێم بورهان) ڕاهێنەری یانەی دەربەندیخان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی دەربەندیخان ماوەیەك بوو لە سەر هێل بوون بۆ ئەوەی ببم بە ڕاهێنەری یانەکەیان، ر ێککە و تو و ین لەسەر کۆمەڵێك مەرج، هەروەها بەرنامەی یانەکە ئەوەیە کێبڕکێ بکەین و تیپێکی باش دروست بکەین، بۆ خولی کوردستان لە ریزی پێشەوە بین، وەکو ڕاهێنەریش هیوای ئەوەم هەیە بتوانم تیپێکی باش بە پێکهاتەیەکی بەهێز دروست بکەم، چونکە ئیدارەی یانەکە پاڵپشتە و لە هەموو ڕوویەکەوە بەڵێنی هاوکارییان پێداوم»،هەرێم کەلاری گوتیشی: «گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجام دەدەم، تەنیا چەند یاریزانێك دەهێڵینەوە بۆ یانەی دەربەندیخان، لەگەڵ چەندین یاریزانی بەئەزموونیش قسەم کردووە ئەگەر ئەوان بێنە سەر خەت، بە دڵنیاییەوە کێبڕکێ دەکەین بۆ خولی نایاب و ئاست و ئەنجامی باش پێشکەش دەکەین»، ڕاهێنەری یانەی دەربەندیخان گوتیشی: «جگە لە دەربەندیخان دوو یانەی دیکەیش لە خولی نایاب داوایان کردووم، ئەمە جگە لە پێشمەرگەی سلێمانییش کە حەزیان دەکرد من لەگەڵیان بەردەوام بم، بەڵام دیارە قسمەتەکەم لەگەڵ دەربەندیخان بوو و، خۆشم هیوای ئەوەم هەبوو لەو یانەیە درێژە بە کاروانی وەرزشیم بدەم و خزمەتی ئەو یانەیە بکەم.

# ئەرسەلان جەلال چاوەڕوانە

لەگەڵ تەواوبوونی خولەکانی کوردستان یانەکانی کوردستان چەندین گۆڕانکاری لە ریزی یانەکەیان دەکەن بە گۆڕینی ڕاهێنەر و، زۆر جاریش یاریزانانیش، ئەرسەلان جەلال یەکێك لە ڕاهێنەرە بە ئەزموونەکانی پارێزگای سلێمانییە و لەگەڵ چەندین یانە ڕۆڵی دیاری گێڕاوە لە بەرەوپێشبردنی ئاست و توانای یانەکان، ئەم وەرزە ئەرسەلان جەلال چاوەڕوانی یانەکانە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژۆ بکات، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەمەوێت لە کاری ڕاهێنەرایەتی بەردەوام بم لەگەڵ هەر یانەیەك بێت، بۆ ئەوەی بتوانم خزمەت بە هەر یانەیەك بکەم کە کاریان لەگەڵ دەکەم، بەو مەرجەی من دەمەوێ بۆ پێشخستنی یانەکە، نەك تەنیا کات بەڕێ بکەین، ئامانجی من گەورەیە لەگەڵ هەر یانەیەك بمەوێت کاری بۆ بکەم»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستیش ئەرسەلان گوتیشی: «تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی هیچ یانەیەك داوای ڕاهێنەرایەتیی لێ نەکردووم، تەنیا ئەوەی هەیە قسەی سەر زارەکی بووە، بۆیە جارێ چاوەڕوان دەکەم، هەر یانەیەك لەگەڵ من بگونجێت و بە کاری من ڕازی بێت، بە دڵنیاییەوە کاری باشی لەگەڵ دەکەم، بەهیوای ئەوەم بتوانم لەگەڵ هەر یانەیەك هەبێت، ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین و ئاستی هونەریی تیپەکەش بەرز بکەینەوە و، ئەوەی لە توانامان بێت خزمەتیان بکەین و یاریزانی بەتوانا دروست بکەین».



# پاسکیلسوارانی برایەتی بەشداریی پاڵەوانێتی عەرەبی دەکەن

تیپی پاسکیلسواریی یانەی برایەتی یەکەمی سەر ئاستی عێراقی، لە ئێستادا بەردەوامە لە مەشقەکانی بەمەبەستی بەشداریکردن لە دوو پاڵەوانێتی، کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا بەشداریی هەردوو پاڵەوانێتیەکە بکات لەسەر ئاستی کچان، لەم بارەشەوە (سەمیر قەساب) ڕاهێنەری تیپی پاسکیلسواریی یانەی برایەتی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکاری دەکەین بۆ پاڵەوانێتیی یانەکانی عێراقی و هەروەها وەکو نوێنەری یانەکانی عێراقیش بەشداری لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی دەکەین لە وڵاتی سووریا، ئامادەکاریی پێویست دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەم پاڵەوانێتییەدا کچانی یانەکەمان بتوانن ئاست و ئەنجامی گەورە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی تۆماربکەن، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە تیپەکەمان و، سەرجەم یاریزانانی یانەکەمان لە ئامادە باشیدان، لە ئێستادا مەشقەکانمان چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تۆکمە ئامادەکارییەکانمان بە کۆتایی بهێنین»،

ڕاهێنەری تیپی پاسکیلسواری یانەی برایەتی گوتیشی: «یاریزانەکانیش بە ڕۆحییەتێکی بەرزی وەرزشییەوە یەکە مەشقییەکانیان ئەنجام دەدەن، تاکە ئامانجی ئێمە بە دەستهێنانی مەدالیای جۆراوجۆرە لەم پاڵەوانێتییە و، کچەکانیشمان چاویان لەوەیە بتوانن ئەنجامەکانمان بە دڵی هەموو لایەك بێت، زۆر سوپاسی ئیدارەی یانەکەشمان دەکەم کە هاوکارێکی بەردەوامی تیپەکەیە، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بە هاوکاری ئەوان ئاست و ئەنجامی تیپەکەمان دڵخۆشکەر بێت، چۆن لە عێراق بەردەوام لە پلەکانی پێشەوەین هەوڵدەدەین لەم پاڵەوانیەتیەش ئەنجامان بەرچاو بێت».



# گرنگیی مەشقی وەرزشی بۆ منداڵ

بە گوێرەی راپۆرتەکانی سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC، سوودەکانی مەشقی وەرزشی بۆ منداڵ بریتین لە: باشترکردنی تونای ئەکادیمی لە فێربوون و بیرهاتنەوە و سەرنجداندا، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، کەمکردنەوەی ئەگەری خەمۆکی، باشترکردنی بەرگەگرتن Endurance و لیاقەی جەستەیی، بەهێزکردنی تۆن و بینای ماسوولکە، باشترکردنی هەماهەنگیی جووڵەی ماسوولکەکان، پاراستنی هاوسەنگیی لەش لەکاتی ئەنجامدانی هەر جووڵەیەکدا، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، باشترکردنی فرمانی سییەکان، باشکردنی مەزاج و باری دەروونیی منداڵ، جێگیرکردنی ئاستی شەکری خوێن، باشترکردنی بارستایی و چڕیی ئێسکەکان و پاراستنی تەندروستیی جومگەکان، ئەمەش ئەگەری لاوازبوون و تەنکبوونی ئێسك لە ئایندەدا کەم دەکاتەوە، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش و کەمکردنەوەی چەوریی زیادی لەش، خۆپاراستن لە قەڵەوی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە ئایندەدا، بەتایبەتی نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم. منداڵان لەبەر بچووکی قەباری لەشیان دەتوانن کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مەشقی وەرزشی ئەنجام بدەن، وا رێنمایی دەکرێت کە منداڵان رۆژانە بەلای کەم بۆ ماوەی یەك کاتژمێر مەشقی وەرزشی ئەنجام بدەن لەژێر چاودێریی نزیکی دایك یان باوکدا، دەکرێت ئەو ماوەیە پارچە پارچە بکرێت بە درێژایی رۆژ.





# چۆن خۆت لە کۆلێرا دەپارێزیت؟

کۆلێرا Cholera نەخۆشییەکی سکچوونیی تیژە لە ئەنجامی هەوکردنی ریخۆڵە بە بەکتریای ڤیبریۆ کۆلێرا V.cholerae روو دەدات، نەخۆشییەکە بە هۆی خۆراك و شلەمەنیی ئالوودەبوو بە بەکتریای کۆلێرا دەگوازرێتەوە. هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە کۆلێرا: شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابون بەلای کەم بۆ ماوەی ٣٠ چرکە پێش ئامادەکردنی خواردن،هەروەها پێش خواردن، پاش خواردن، بەتایبەتیش پاش ئاودەست، هەروەها پاش پاککردنەوەی منداڵەکەت، دڵنیابوون لە پاکیی ئاوی خواردنەوە و ئاوی بەکارهاتوو بۆ ئیشی ماڵەوە و، خۆشووشتن و شووشتنی دەم و ددانەکان، پاراستنی پاکوخاوێنیی ئاودەست، پاراستنی پاکوخاوێنیی چێشتخانەی ماڵ، شووشتنی قاپ و قاچاغ بە گیراوەی پاککەرەوە، پاشان وشککردنەوەیان پێش دووبارە بەکارهێنانیان، لەکاتی دڵنیانەبوون لەپاکیی ئاوی خواردنەوە دەتوانرێت کە دەنکی کلۆر و فلتەر بە پێی رێنمایی بەکاربهێنرێت، یان ئاوەکە بکوڵێندرێت بەلای کەم بۆ ماوەی یەك خولەك ئینجا سارد بکرێتەوە، یانیش ئاوی بتڵ بۆ خواردنەوە بەکار بهێنرێت، شووشتنەوەی سەوزە و میوە بە گیراوەی سرکە، یان بەکارهێنانی دەنکی تایبەت بە شووشتنی سەوزە و میوە، دڵنیابوون لە کوڵاندنی دروستی خۆراك، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی هەر شلەمەنی و شەربەتێك لە دەرەوەی ماڵدا، لەکاتی تووشبوونی هەر کەسێك بە سکچوون، ئەوا پێویستە بە زووترین کات سەردانی نزیکترین بنکەی تەندروستی، یان نەخۆشخانە بکات.

# چۆن نەخۆشیی شەکرە خەوت تێک دەدات؟

بەگشتی تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە جۆرێك گرفتی خەویان هەیە، بەشێوەی گرفت لە چوونەخەو، یان بەردەوامبوونی خەو. هەندێك نەخۆشانی شەکرە زیاد لە پێویست دەخەون، کەچی هەندێکیان هەرگیز شەوانە تێر ناخەون، گرفتەکانی خەو کە پەیوەستن بە نەخۆشیی شەکرە ئەمانەن:

- هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea کە بریتییە لە چەند نۆرەیەکی وەستانی هەناسە و بیداربوونەوە لە خەو و کەمبوونەوەی ئاستی ئۆکسجینی خوێن، لە ئەنجامی کەمبوونەوەی توانای لەش بۆ بەکارهێنانی هۆرمۆنی ئینسولین.
- هەوکردنی دەمارەکانی دەوروبەر Peripheral neuropathy واتە دەمارەکانی قاچ و پێیەکان کە هۆکارە بۆ هەستکردن بە سڕبوون، یان تەزین کە هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە سووتانەوە، یان ئازار کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر خەوی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە.
- نارِەحەتیی قاچەکان لەکاتی خەودا Restless leg syndrome واتە جووڵاندنەوەی بەردەوامی قاچەکان لەکاتی نووستندا کە هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە تەزین یان ئازار.
- چەند جارێك بیداربوونەوە لەبەر زیادمیزکردن هۆکارێکی دیکەیە بۆ تێکچوونی خەو لە نەخۆشانی شەکرەدا.
- بەرزبوونەوە، یان دابەزینی ئاستی شەکری خوێن کە لە ئەنجامی کۆنترۆڵی نادروستی نەخۆشیی شەکرە روو دەدەن، هەردووکیان خەوی تووشبووان تێك دەدەن.



# سوود و زیانی ئاوێتەکانی دژەئارەقە

ئاوێتەکانی دژەئارەقە Antiperspirants زیاتر بۆ بن کەوشەکان بەکاردێن، بۆ راگرتنی کرداری ئارەقەکردن لە رێگەی داخستنی کونەکانی پێست، بە مەبەستی کەمکردنەوەی گەشەی بەکتریا کە دەبێتە هۆکاری بۆنی ناخۆش. بەکارهێنانی ئاوێتەکانی دژەئارەقە بەگشتی سەلامەتە، ئەگەرچی لە هەندێك کەسدا لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری پەیدابوونی هەستەوەری بەرانبەر بە یەکێك لە پێکهاتەکانی ئاوێتەی دژەئارەقە، بۆنموونە: ئەو ماددەیەی کە بۆنی تایبەت بە دژەئارەقە دەبەخشێت، یان ڤیتامین E، ماددەی لانۆلین Lanolin یان پێکهاتەی دیکە، کە نیشانەکانی بریتین لە سووربوونەوە و سووتانەوەی پێست لە بنکەوشەکاندا. ئاوێتەکانی دژەئارەقە جیاوازن لەگەڵ ئاوێتەکانی کەمکردنەوەی بۆنی ناخۆشی لەش Deodorants کە بەهۆی لەناوبردنی بەکتریای بنکەوشەکان لەجیاتی داخستنی کونەکانی پێست کاردەکەن.



تا پێش لێکۆڵینەوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ وا باو بوو کە بەکارهێنانی ئاوێتەکانی دژەئارەقە دەبێتە ئەگەری شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی مەمك لە ئافرەتدا، یان نەخۆشیی ئەلزهایمەر، بەڵام پاشان لە لایەن ئاژانسی خۆراك و دەرمانی ئەمەریکی FDA ئەمە سەلمێندرا کە بەکارهێنانی ئاوێتەکانی دژەئارەقە نابێتە هۆی شێرپەنجە، یان گرفتێکی دیکەی تەندروستی.



# ڕۆڵی دارچین بۆ دابەزاندنی کێشی لەش

دارچین Cinnamon بۆ ماوەی چەند هەزار ساڵێکە بووەتە بەشێکی خۆراکمان، چەند سەدەیەکیشە کە دارچین بۆ ڕێکخستنەوەی گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس بەکاردێت. دارچین ماددەی سینامالدیهاید Cinnamal-dehyde لەخۆدەگرێت، کە بۆن و چێژە تایبەتەکەی دارچینە، ئەم ماددەیە هانی خانەکانی لەش دەدات بۆ ئەوەی چەوریی زیاتر بسووتێنن. توێژینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە ماددەی سینامالدیهیاید ڕۆڵی هەیە بۆ زیادبوونی چالاکیی چەند ئەنزیم و پرۆتینێك لە ناو چەورەخانەکاندا، کە بەشدارن لە کرداری میتابۆلیزم، یان سووتاندنی چەوری. هەروەها لیکۆڵەرانی زانکۆی میشیگان لە ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ماددەی سینامالدیهاید ڕۆڵی هەیە بۆ ڕێگرتن لە زیادبوونی کێشی لەش و بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن. دارچین جگە لە هاندانی سووتاندنی چەوری، سیفەتیی دژەهەوکردن و دژەمیکرۆبیشی هەیە، هەروەها هاندەرە بۆ لەسەرخۆکردنەوەی بەتاڵبوونەوەی گەدە پاش ژەمی خواردن، ئەمەش هاندەرە بۆ جێگیرکردنی ئاستی شەکری خوێن و هەستکردن بە تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر، واتە ڕێگرتن لە زووتر خواردن و زیاد خواردن، کە دەرەنجام ڕێگە لە زیادبوونی کێشی لەش دەگرێت.



# زیاد دانیشتن زیان بە دڵ دەگەیەنێت

کەمجووڵانەوە، بەتایبەتی دانیشتن بۆ ماوەی زۆر ئەگەری نەخۆشی لە کۆئەندامی دڵ سووڕاندا زیاد دەکات. توێژەرانی زانکۆی کۆلۆمبیای بەریتانی لە کەنەدا جەختیان کردووەتەوە کە دانیشتن بۆ ماوەی زۆر، هاندەرە بۆ زوو مردن بە نەخۆشیی دڵ لەوکاتەی کە نەخۆشیی دڵ هۆکاری یەکەمی مردنە لە سەرتاسەری جیهاندا، هەروەها لە ئەکادیمیای چینی بۆ زانستە پزیشکییەکان لە پەکین هاتووە کە دانیشتن ڕۆژانە بە تێکڕایی بۆ ماوەی ٦-٨ کاتژمێر، ئەگەری تووشبوون و زوو مردن بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان تا ڕێژەی ١٣٪ زیاد دەکات، هەروەها ڕۆژانە دانیشتن بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت کاتژمێر ئەم ئەگەرە تا ڕێژەی ٢٠٪ بەرزدەکاتەوە، هەروەها لە توێژینەوەیەکی دیکەدا ئەمە ڕوون کراوەتەوە کە ئەو پیاوانەی هەفتانە بۆ ماوەی ٢٣ کاتژمێر بە دیار تەلەڤزیۆنەوە دادەنیشن، ئەوا ئەگەری مردنیان لەبەر تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان تا ٦٤٪ زیاد دەبێت. لە لایەکی دیکەوە زیاد دانیشتن هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش، کە بە دەوری خۆی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، هەروەها ئەگەری تووشیبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکات، ئەمەش ڕوونە کە نەخۆشیی شەکرە هۆکارە بۆ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا.





# کامێرای چاودێری لە شێوەی کوندە پەپۆ



# مۆبایلێک لە دەست دەکرێت

لە جیهانی مۆبایلدا هەر ڕۆژە مۆبایلێکی نوێ بەرهەم دێت، دونیا دونیای ڕکابەرییە. کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژی لەم دواییە مۆبایلێکی زیرەکی بەرهەم هێناوە کە دیزاین و جۆرەکەی زۆر سەرنج ڕاکێشە.

مۆبایلەکە لەدەست دەکرێت هەم دەکرێت وەك کاتژمێر سەیر بکرێت و هەم وەك مۆبایل، خۆی کاتژمێریشی لەگەڵدایە. دوو شاشەی هەیە، شاشەی دووەم لارە و لە ئاست شاشەی سەرەکی دایە. شاشەکە سەربەخۆیە و بەکارهێنەر دەکرێت هەر لەو شاشەی وەڵامی پەیامەکان بداتەوە. مۆبایلی ناوبراو لێدانی دڵ و چەند ئەرکێکی تایبەت بە تەندروستیش ئەنجام دەدات.

# کۆمپیوتەرێکی بچووک بەقەد جزدانێک

کۆمپیوتەرە مەزنەکانتان دێتەوە بیر، ئەوانەی تەنیا کەیسەکانیان هەڵگرتنی بە کەسێك دژوار بوو. کاتێکیش پێدەکران دەنگە دەنگێکی زۆریان لێدەهات! ئەو جۆرە کۆمپیوتەرانە بوون بە مێژوو!

کۆمپیوتەری بچووکی Zotac ZBOX PI336 Pico هەر بەقەد جزدانێکی پارە دەبێت، توانای لە هەموو کۆمپیوتەرە گەورەکانی رابردوو زیاترە. شوێنی دوو مۆنیتۆری 4K هەیە و سیستەمی ویندۆز ١١ دەخوێنێتەوە.

یەکەی ناوەندی لێکدەرەوەی CPU لە جۆری N6211 دوو ناوەکییە خێراییەکەی ٣ گیگاهێرتزە. کارتی گرافیکی جۆری UHD ی بەرەی دەیەمە. کۆمپیوتەرە بچووکەکە میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە و دەکرێ یەك ترابایتیشی بۆ دابندرێ. رامەکەی ٤ گیگابایتە و پشتیوانی لە رامی ٣٢ گیگابایتیش دەکا. سیستەمی وای-فای E6 و بلوتوسی ٥,٢ی لەسەرە.



کامێرای چاودێری بۆ پاراستنی ئەمنییەت و چاودێری گرنگی تایبەتی هەیە، شێواز و جۆر و کارکردی کامێرا چاودێرییەکان جیاوازن، بەڵام هەموویان ئەرکی پاراستن و چاودێریان هەیە. بەم دواییە کامێرایەکی چاودێری لەسەر شێوەی کوندە پەپۆ بەرهەم هاتووە کە لە هەموو هەلومەرجێکی دژواردا وەك باو و باران و لافاودا ئەرکی چاودێری خۆی ئەنجام دەدات.

کامێراکە بۆ ڕێڕەوەکان، مەلەوانگە و گەراج و باڵەخانەکان زۆر گونجاوە، لە هیچ وەرزێکدا کێشەی بۆ نایەتە پێش لە ٣٠ پلە ژێر سیفر هەتا ٥٠ پلە سەرووی سیفر کار دەکات.

مەودای دیاریکردنی جوڵە ١٥ مەترە و هەستەوەری جوڵەی کەسەکان یا ئۆتۆمبیلەکان لە ٧ مەترەوە هەتا ١٥ مەترە. جوڵەی گەڵا، گیانلەبەرەکان دەناسێت. کامێرایەکە زۆر بچووکە و بە باتری و کارەبا کار دەکات.



# پاوەربانکی جۆکەر


پاوەربانك بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ پڕکردنەوە وزەی ئامێرە دیجیتالییەکان، ئەگەر پاوەربانکێکت لەلابێ کە جگە لە ئەرکی وزە بەخشین چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام بدا ئەوە گرنگییەکەی چەند قات دەبێ.

پاوەربانکی NEBO جگە لەوەی پاوەربانکە، چەقۆیە، لایتە و هەروەها لەیزەرێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنەکان.

پاوەربانکەکە بچووکە ٢٢٠٠ میلی ئەمپێرە. بۆ مۆبایلی ئەندرۆید و ئەیفۆن دەبێت و بەگشتی هەرچی شوێنی USB هەبێت شەحنی دەکاتەوە. گلۆپەکەی سێ جۆرە رووناکی بەهێز و کز و ناوەندی هەیە. لەیزەرەکەی هەتا ١٧٠ مەتر دەڕوات.



# تەختە سپی دیجیتالی




سەردەمێك بۆ خوێندن و وانە وتنەوە لە قوتابخانەكان تەختەرەشە سوودی لێوەردەگیرا. لە سەردەمی دیجیتالیدا تەختەرەشەكان گۆڕاون و بوونەتە بە شاشەیەكی مەزن. شاشەی ViewSonic ID2456 تەختەیەكی تایبەت بە خوێندنە. مۆنیتۆرەكە لەمسیە و ٢٤ ئینجە. لە یەك كاتدا بە دە پەنجە دەتوانی لەسەری بنووسی.  بە سوود وەرگرتن لەو مۆنیتۆرە مامۆستایان و وانەبێژان دەتوانن راستەوخۆ لەسەر شاشەكە گشت كردارەكانی تایبەت بە خوێندن ئەنجام بدەن. دەكرێ شاشەكە وەك تابلۆیەكی نیگاركێشان بەكار بهێندرێت و هونەرمەندان تابلۆكانیان لەسەر شاشەكە بكێشنەوە.

# ئامێرێكی گەیم بە دوو شاشەی جیاوازەوە

زۆر ئامێر هەن بۆ یاری ئەلكترۆنی، وەك پلەی ستەیشن و نیتندۆ ISP و هی دیكە.. جگە لەوەش دەكرێ لەسەر مۆبایل و كۆمپیوتەریش یاری ئەلكترۆنی بكرێت. كۆمپانیای ئاسۆس ئامێرێكی نوێی تایبەت بە گەمەكردن بەرهەمهێناوە كە لە بواری دیزاین و كاركردەوە جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ ئامێرەكانی دیكە.. ئامێرەكە لە شێوەی لاپتۆپێكی بچووك دەچێت، بەڵام هەردوو بەشەكەی شاشەیە.

ئامێری TwinView Dock II خاوەنی شاشەیەكی جۆری OMLDیە، و نزیكەی حەوت ئینجە. فەنكێكی تایبەتی تێدایە كە ئامێرەكە فێنك دەكاتەوە. باترییەكی ٥٠٠٠ میلی ئەمپێری تێدایە. باترییەكەی دەكرێت وەك پاوەربانكێك بۆ شەحنكردنەوەی مۆبایل سوودی لێوەربگیردرێت.

شاشەی دووەم بۆ كۆنترۆڵ كردنی یارییەكەیە، جگە لەوەش دەكرێت لە كاتی یاریدا چەت بكەی. جگە لەوەش دەكرێت هەر جۆیستێك واتە دەسكی گەمەی بۆ دابندرێ جیاوازی ناكا هی چ ئامێرێك بێت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت نازانم هۆكاری چییە ماوەیەكە كۆمپیوتەرەكەم چەند چركەیەك دوای هەڵكردنی لە خۆوە دەكوژێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەگەری یەكجار زۆرە، كە CUPی كۆمپیوتەرەكەت كێشەی بۆ هاتبێتە پێش و نیوە سووتاو بێ. لە كاتێكی وادا نابێ بە هیچ جۆرێك كەسانی ناشارەزا ئەو كارە بكەن، ئەوە پێویستی بە شارەزا و كەسانی پسپۆر هەیە. ئەگەریشی هەیە یەكێك لە ڕێڕەوەكانی CPU شل بووبێتەوە. لەكاتی كێشەی CPU رەنگە ئەو كێشانەش بێنە پێش، وەك كاتێك دوگمەی پاوەر لێدەدەی، نەك دەنگێك و نە رەنگێك دێتە سەرشاشە. یان هەڵدەبێتەوەو دەكوژێتەوە. دەستكاری مەكە و بیبە لای كەسانی شارەزا.



# لاپتۆپێک دەبێتە تەبلێت

لاپتۆپ و تەبلێت لە راستیدا یەك ئامێرن و کیبۆردێك و جۆری دیزاینەکەیان لێکیان جیا دەکاتەوە. لاپتۆپی جۆری XPS 13 2-in-1 لە راستیدا تەبلێتێکی بەهێزە کە نەوەی دوازدەمی یەکەی لێکدانەوەی ئەنتەل واتە Core i7-1250U لەسەرە. یەکەمین بەرهەمیشە کە سیستەمی 5G لەسەرە و هەروەها پشتیوانی لە eSIM دەکات. ئەم لاپتۆپ تەبلێتە بەرهەمی کۆمپانیای Dellە. لاپتۆپی ناوبراو بە لوولەیەکی ٣٦٠ پلەیی بە کیبۆردی جۆری XPS 13 Folio دەبەسترێتەوە.

کیبۆردەکە لەسەر لێوی خوارەوەی دادەنرێ و دەکرێت تەبلێتەکە لە یەکێك لە سێ گۆشەی ١٠٠ دابندرێت. بەکارهێنەر دەتوانێت وەك تەبلێتێکی سەربەخۆ یا لاپتۆپێکی زۆر تەنك سوودی لێوەربگیردرێت. رامەکەی ١٦ گیگابایتە، میمۆرییەکەی یەك ترابایتە. شاشەکەی ١٣ ئینجە. کێشەکەی کەمتر لە کیلۆیەکە.



## لەم ماڵپەڕەدا بە رەڵم نیگار بکێشە

لە جیهانی ئینتەرنێتدا هەزاران ماڵپەڕ هەن کە تەنیا بەمەبەستی خۆخەریك کردن و کات بەسەربردن و سەرگەرمی داندراون. ماڵپەڕەکانی تایبەت بە یاری، ئاستی زیرەکی و زەین، حەسانەوەی مێشك و خەوی ئارام و...

ماڵپەڕەکانی تایبەت بە وێنە و نیگارکێشان شوێنێکی زۆریان گرتووە لە هەر بوارێکی نیگارکێشاندا مەبەستت بێ دەتوانی خۆت تاقی بکەیەوە. ماڵپەڕی thisissand.com/ یەکێکە لەو ماڵپەڕانەیە. لەو ماڵپەڕەدا دەتوانی بە رەڵم واتە زیخی رەنگاورەنگ تابلۆ بکێشیەوە. ماڵپەڕەکە ئاپی تایبەت بە سیستەمەکانی مۆبایلیشی تێدایە و دەکرێ لەسەر مۆبایل دایبەزینی.


# پرۆگرامێک بۆ نیگارکێشان بەشێوەی سروشتی

لەسەر کۆمپیوتەریش نیگار و وێنەی هونەری دەکێشرێتەوە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو وێنەیەی کە بەدەست دەکێشرێتەوەو لەگەڵ ئەو نیگارانەی بە هۆی پرۆگرام گەلێکی جۆراوجۆر دەکێشرێنەوە.

کۆمپانیای مەزنی corel بە بەرهەمهێنانی Corel painter بە کردەوەی ئەوەی سەلماند کە دەکرێ وێنەی کۆمپیوتەریش هاوشێوەی ئەو تابلۆ هونەریانە بێت کە بەدەست دەکێشرێنەوە. قەڵەم و فڵچەکان ئەوەندە نەرمن هەست بەوە دەکەی کە رێك قەڵەم و فڵچەیەکت بەدەستەوە گرتووە و تابلۆیەك دەنەخشێنی. نە تەنیا تابلۆی هونەری بەڵکو دەکرێت ئەنیمەیشنی پێ دروستبکرێت. بە ئاسانی هەر رەنگێك مەبەستە وەدەستی بێنی.

بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:

- بەکارهێنانی زۆر ئاسانە و لەگەڵ ئەوەشدا تواناکانی بەرچاو و خێران.
- بە ئاسانترین شێوە رەنگەکان تێکەڵ بەیەك دەکرێن و رەنگی مەبەست دەدۆزیەوە.
- لەگەڵ فۆتۆشۆپ دەگونجێت و دەکرێت لە کاتی تابلۆکێشاندا لەو پرۆگرامەش سوود وەربگیردرێت.
- سەدان ئێفکتی سەرنجراکێشی تێدایە





# نەرم و نیانیی لێو روخسارت دەگەشێنێتەوە

تیشکی خۆر و گەرمای وەرزی هاوین کاریگەری لەسەر زۆربەی پێستی خانمان دەبێت، بۆیە تا چەند وریای پێست و لەشولارت بیت هەوڵێکی ئەرێنییە بۆ جوانیی پێستت. لێو یەکێکە لە ناسکترین بەشەکانی جەستە، کە جگە لەوەی بەردەوام بەر تیشکی خۆر دەکەوێت، هەروەها بەهۆی ئاوی دەمەوە تەڕ و وشك دەبێت، وێڕای ئەوەی لە کاتی دەموچاو شووشتن و ئاو خواردنەوە، یان کاتێك لێوەکانت تەڕ دەبێ و دەچیتە بەر تیشکی هەتاو، بەم جۆرە لێوت تووشی قلێشان و شەق بوون و پێست هەڵدان دەبێ، ئەلیزابیت تانزی، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری سەنتەری کاپیتاڵ لێزەر ئەند سکین دەڵێت: «پێستی لێو ئەوەندە ناسکە، رەنگە بە هۆی گۆڕانکاریی کەشوهەوا، یان هەر کاریگەرییەکی دەرەکییەوە تووشی گەورەترین نەخۆشی و کارەسات ببێت، بۆیە هەمیشە دەبێت گرنگی بە لێوت بدەیت، لە ئاگاداربوون و پارێزگاریکردن لە نەخۆشییەکانی پێست و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تێکدانی جوانیی لێوت». گۆڤاری (ئەلۆر)ی جوانکاری ئاماژە بە گرنگیدان بە لێو دەدات کە بەکارهێنانی بەرهەمەکانی جوانکاری پاراستنی لێو، یەکێکە لە هەوڵە سەرکەوتووەکان بۆ جوانی و نەرمیی لێوەکانت، ئەو بەرهەمانەی خوارەوەش بە یەکێك لە چاکترین کرێم و دەرمانەکانی پاراستنی لێو دادەنێت: کرێمی دژە هەتاوی سوپەرگۆ، SPF ٣٠ Supergoo AcaiFusion و کول مینیراڵ - Coola Mineral Liplux و باڵم سەنسکرین- Mineral Lip Balm Sunscreen وسپێکترەم لیپ Aquaphor Lip Repair + Protect Broad Spectrum، هەوڵ بدە لە کاتی دەرچووندا کرێمی دژە هەتاو بەکاربهێنیت، ئەوەندە دەست لە لێوانت مەدە، هەروەها دوور بکەوە لە تەڕکردنی لێو بە لیکی دەمت.

# شێوازەکانی هەڵبژاردنی تەنوورە لە وەرزی گەرمادا



وەرزی گەرما جلوبەرگ بە خانمان دەگۆڕێت، کە پێویستە جلەکە لەگەڵ کەشی گەرمادا بگونجێت و، هەروەها مۆدێك بێت کە پۆشتە و ناوازە بێت بۆ هەموو کات و شوێنێك، شێوازی جلوبەرگی هاوینە جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ وەرزەکانی دیکەدا، ئەگەر تەنوورە بە نموونە وەربگرین، کە جلێکی خواست لەسەرە و لە نێو خانمانی ماڵ بە تایبەتی دەپۆشرێت، تەنوورە وەك جلێکی پڕ کەسایەتی بۆ ماڵ و شوێنی فەرمی و دەوام گونجاوە، ئەو تەنوورانەی بۆ ماڵ و شوێنی گشتی دەپۆشرێن، پێویستە لە ڕەنگە فەرمییەکان بن، وەك: ڕەش، سپی، قاوەیی، ئەو سێ ڕەنگە لەگەڵ زۆربەی جلەکانی دیکەدا دەگونجێن، هەروەها تەنوورەی زیاتر لە ڕەنگێك، وەك ڕەش و سپی، یان ڕەش و ڕەنگێکی دیکە، هەروەها تەنوورەی سپی و ڕەنگێکی دیکە، بۆ دەرچوون و سەردان شیکە، تەنوورەی ڕەنگاوڕەنگ یان ڕەنگە تۆخ و کاڵ، بۆ گەشت و بازاڕکردن دەگونجێت، باوترین مۆدی جلوبەرگ لەگەڵ تەنوورەدا، بریتییە لە قەمیس، کە مۆدێکی ناسك و سادە بە جەستەی خانمان دەدات، هەروەها شێوازێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، بۆ ئەوانەی باڵایان بەرزە، دەتوانن تەنوورەی بە نەخشی ئاسۆیی بپۆشن، تا لەگەڵ جەستیاندا بگونجێت و شێوەی جەستەیان بەرزتر نیشان نەدات، ئەوانەشی باڵایان کورتە و ناوەندە، دەکرێت تەنوورەی شێوەی نەخشی ستوونی بپۆشن، کە باڵایان بەرز نیشان دەدات.

## بلایز و تیشێرتی هاوینە

ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێت کە باس لە بلایزی هاوینە دەکرێت، مۆدەکانی بلووز و بلایز زیاتر لە وەرزی زستاندا لەبەر دەکرێت، بەڵام وەك ئەوەی لە مۆدەکاندا هاتووە کە تیشێریت و جلوبەرگی نیوقۆڵ هەندێ جار لە زستاندا دەپۆشرێت، کە خۆی مۆدێکی هاوینەیە، بلایز مۆدێکی شەنگ و ناسکی هەیە، لە ئێستادا لە وەرزی هاوینشدا لە شێوەی جلی تەنك و کراوەدا وەك مۆدێکی باو دادەنرێت، دیزاینەرانی جلوبەرگ چەندین جۆرە بلایزی جۆراوجۆریان بۆ هاوینە تەرخان کردووە، کە بریتیین لە: دیزاینەر ئیمانوێل ئەنگار، بلایزی ڕەش و سپی بە سەردەستی کراوەی درێژ ئامادەکردووە، بۆ کاتی دەرچوون و گەشت گونجاوە، دیزاینەر ئادەم لیبیس بلایزی کراوە و فراوانی بە سینگی گەورە و دوگمەی کراوە لەگەڵ یەخەیکی پان و درێژ بە دانتێل لە شێوەی وردە گوڵی بچووك، بەشی پێشەوەشی بە دووگمەیە، بۆ کاتی فەرمی گونجاوە، ئەکناڤاس، بلیزی ڕەنگی سەوز و زەردی ئامادە کردووە، کە لە شێوەی باڵۆن وایە، هەروەها ڕەنگی شین لە نێو نەخشەکانی جلەکەدا هەیە، بۆ بۆنە و یادەکان گونجاوە، دیزاینەر ئانا ماسۆن، بلایزی کورت و سەردەست کراوەی لە ڕەنگی بێجی ئامادەکردووە، بە وردە گوڵی بچووکی قاوەیی کاری ڕازاندنەوەی بۆ کردووە، لەگەڵ بەرۆکی کراوە بۆ گەشت و سەیران دەشێت.







# پێستە بۆ هەڵگرتنی خۆراک

کوردەواری جاران بیرۆکە و داهێنانی وایان هەبووە کە تا ئەمڕۆش جێگەی سەرسوڕمان و بایەخن، پێستە و مەشکە و کوندە هەبوون بۆ ئامادەکردنی خۆراك و خواردن و هەڵگرتنیان، پێستە یەکێك بووە لەو کەرەستە سەیرانەی کە تا ئێستا لە چەندین ناوچە کاری پێ دەکەرێت، لای خۆیەوە (خەسرۆ سیامەند مەنتەك) لە شوێنی ماستی مەدینە دەربارەی پێستە دەڵێت: «پێستە بۆ هەڵگرتنی ژاژی و پەنیر و، مەشکە بۆ هەژاندنی ماست و بۆ دۆ و دەرهێنانی کەرە و، کوندە بۆ ئا و بووە. بۆ ئامادەکردنیشیان پێستە مەڕی یان بزن، دوای ئەوەی گیاندارەکە کوڵ دەکرێت و گۆشتەکەی دەردەهێنن، ئەگەر بزن بێت ئەوا لە ملەوە دەست بە کەوڵکردنی دەکەن و مەڕیش لە دونگەوە، تەواوی گۆشتەکە دەردەهێنن، ئەو پێستە دوای ئەوەی پاك دەکرێتەوە بە جوانی و بە ساغی دەمێنێتەوە، دواتر بە ئارد و هەویر و پەلکە هەنار و مازی خۆش و نەرم دەکرێت و خاوێن دەکرێتەوە و دەغارێندرێت، پاش ئەوەی غارێنرا و ئامادە بوو، پەنیر و ژاژی تێ دەکرێت و دەرگەکەی بە جوانی دادەخرێت، هەرچەند ئەو کەرەستانە لە نێو پێستەکە بمێنێتەوە تێك ناچێت و بەسەر ناچێت، جاران پێستە وەك کۆگایەکی بچووك بۆ هەڵگرتنی خواردن و کەرەستەی خۆراك بەکار دەهێنرا، چونکە ئەوسا ئامێرەکانی سارد کەرەوە نەبوو، بۆیە کوردەواری بە زیرەکیی خۆی پەنای بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانە بردووە، تا خواردنەکەی

# پیاوی موگناتیس


موگناتیس ئەو کەرەستەیەی کە شتومەکی ئاسن یان ئەوەی بڕێکی ماددەی ئاسنی تێدابێت ڕادەکێشێت، جگە لە موگناتیس، ڕاکێشانی سرووشتیی زەوی هەیە کە هەموو کەرەستەیەك بۆ خۆی ڕادەکێشێت، ئەم پیاوەش ناوی (موهیبگا بولگوباسك)ـە و تەمەنی (٥٦) ساڵە و لە وڵاتی بۆسنا دەژی، هاوشێوەی زەوی





لە گێلکە و مێروو و خشۆك بپارێزێت بەبێ ئەوەی تێك بچێت، بەهۆی ئەوەی پێستە کە بە جۆرێکە ناهێڵێت هەوا گۆڕکێی بکات و بەمەش خواردنەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و تێك ناچێت.

و موگناتیس، کەرەستە ستیل و ئاسنەکان بە جەستەیەوە دەنووسێن، ئەو پیاوە وزەیەکی راکێشان لە جەستەیدا هەیە کە هەر کەرەستەیەکی لە نزیکەوە بێت، بەرەو جەستەی دێت، تەنانەت ئەگەر جلی لەبەر نەبێت، هێزی راکێشانی جەستەی زیاتر دەبێت، ئەو حاڵەتەی لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە بۆ دەرکەوتووە و تا ئێستا لە ژیانی رۆژانەیدا چەندین نمایشی بۆ راکێشانی جەستەی، بۆ کەرەستە و شتومەك کردووەتەوە.









## جۆ بایدن لەسەر پایسکل دەکەوێت

جووڵە و کارە سەیرەکانی سەرکردەکانی جیهان هەمیشە بە وردی چاودێری دەکرێن و، لە زۆربەی میدیا و سۆشیاڵ میدیادا بە زووترین کات بڵاو دەکرێنەوە، بە تایبەت کاتێك جووڵەیەکی لەناکاو و پێکەنیناوی و کەوتنیان بەسەردا دێت. جۆ بایدن یەکێکە لەو سەرۆکانەی تەنانەت پێشتریش کە جێگری سەرۆك بووە، لە زۆربەی جووڵەکانیدا دەبینرا کە دەکەوێت، چەندین ڤیدیۆی جۆراوجۆری هەیە کە لەسەر پەلیکانەی فرۆکە و شوێنی ئاسایی ساتمە دەکات و بەر لەوەی بکەوێت خۆی دەگرێتەوە، بەڵام دواجار بایدن ویستی پایسکل لێبخورێت، کەچی سێ جار لەسەر یەك کەوت، بایدن لەو کاتەی دەیەوێت پایسکل لێخوڕێت تا بڵێ وەکو جاران شینگ و هێزم ماوە، کەچی تا ئەو کاتەی پاسەوانانی یارمەتییاندا، چەند جارێك کەوت، دۆناڵد ترەمپیش بە کۆمێنت کە هەمیشە رەخنە لە بایدن دەگرێت، دەڵێ: «ئاگاداربە ئەمریکاش بە دەستی تۆوە نەکەوێت».

# (٣٧) ساڵە هەمان جلوبەرگ دەپۆشن





ئەو دوو هاوسەرە لە وڵاتی ژاپۆن، کە جگە لەوەی ڕۆژانەی ژیانیان بەیەکەوە بەسەر دەبەن، خۆشەویستی و هەستێکی گەورەش لە نێوانیان بەدی دەکرێت، تەنانەت جلەکانیشیان هاوشێوە و هاوڕەنگن، ئەو دوو هاوسەرە ناویان ( لیس بۆنپۆن و مایمی بۆنپۆن)ـە، هەردووانیان لە تەمەنی (٦٠)ساڵیدا دەژین، بە درێژایی ساڵانی هاوسەرێتیان کە (٣٧) ساڵە، هەموو ڕۆژێك هەمان شێوە و ڕەنگی جل دەپۆشن، ئەوەی سەیرە کاتێك یەکێکیان جلێك دەکڕێت، دەبێ ئەوەی دیکەش لەسەر هەمان ئەو جلە بکڕێت و لەبەری بکات، ئەگەر دەستیشی نەکەوێت، یەکێکیان دەچێتە کارگە، یان شوێنەکانی جلوبەرگ و لەوێوە داوای ئەو جلە دەکات کە هاوسەرەکەی هەڵیبژاردووە.

## فیلم

# Spiderhead — سەری جاڵجاڵۆکە




فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باسی دوو ئەندام دەکات کە کێشەیان لەگەڵ گەیشتن و گەیاندن لەگەڵ ڕابردوودا هەیە، دوای ئەوەی بە ڕێگەیەکی زیرەکانە چارەسەری کێشە دەکەن، دوچاری چەندین شەڕ و نەهامەتی و سەرکێشی دەبنەوە بۆ بەرەنگابوونەوەی ماددەی هۆشبەر و قەدەغەکراوەکان، فیلمەکە لە مانگی ٦ی ئەمساڵ تەواو بووە و، لە دەرهێنانی جۆزێف کۆسنسکییە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٦ خولەکە، لە نواندنی (کریس هۆمیسۆرت، مایلای تییلەر، تێسا هاوبرێك، جۆرنی سمۆلێت)ـە.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لەو هەنگاوانە دەکات، کە پێویستە سەرەتا بیریان لێ بکەیتەوە بەر لەوەی کۆتایی پێ بهێنیت، چونکە هەندێ جار کۆتایی هەنگاوەکان بە خراپە بەسەر کەسەکەدا دەشکێتەوە.



## میوزیک

**کۆکی دایت - Diet Coke**

یەکێکە لە تراکە تازەکانی کوڕە گۆرانیبێژی ڕاپەری ئەمریکی (پوشا تی)، کە لە ساڵی ١٩٩٤ـەوە کاری گۆرانیگوتنی ڕاپ دەکات، لە ئەلبوومی Its Almost Dry لە ساڵی تازە و لە مانگی ٦ی ئەمساڵدا بڵاوی کردۆتەوە، یەکێکە لە گۆرانییە خۆش و سەیرەکان کە لە جۆری هیپ هۆپ ڕاپە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پرۆژەیەکی گەورە دێتەپێشت و هەنگاوی نوێ دەنێیت، لەکاتێکدا ڕەنگە هەرگیز ئەم پرۆژەیەت بەلاوە ئاسان نەبوبێت، کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بایەخ بە خۆشەویستەکەت بدەیت و کاتێکی خۆش بەڕێ بکەن، لەلایەنی دەرونییەوە هەست بە ئارامی دەکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆش دەکەیت، ڕەنگە کات نزیك بووبێتەوە و هێندەی نەمابێت ئەو هیوایەت بێتەدی، لەرووی سۆزدارییەوە هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەیت، هەمیشە ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی تەندروستی دەروونی و جەستەییت فەرامۆش مەکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە، ڕەنگە ئەمڕۆ هەواڵێکی نوێ ببیستیت و ئاسوودە بیت، یان گۆڕانکاری روو بدات، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەهێز دەبێت و زیاتر نزیك دەبنەوە، لەپێناو پاراستنی تەندروستییەکی باش،خواردنەوەی ئاو فەرامۆش مەکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ هەموو هاوپیشەکانت بپارێزە و خۆت بەدوور بگرە لە مامەڵەی توندوتیژ، ڕەنگە ڕووبەڕووی هەندێك کێشەی خێزانی دەبیتەوە، بەڵام پێویستە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەیت و، لە شوێنێکی ئارام کەمێك پشووبدە باشترە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەرگیز لە بڕیارە چارەنوسسازەکاندا پەلەمەکە، بەتایبەتی لەلایەنی پیشەییەوە کەمێك پەیوەندییەکانت خراپە، لە رووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە هەست بە ئارامی دەکەیت، هەرچەندە کەمێك ماندوویت و پێویست بە هاوکاریی هاوڕێکانت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە کێبڕکێ دەکەیت و بەرپرسانت داوات لێ دەکەن تواناکانی خۆت زیاتر بسەلمێنیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئەم ماوەیە بە ئاسودەیی کاتەکانتان بەسەردەبەن، سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەوبکە لە پێناو تەندروستیت.

بۆ زانیاریت

# دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپەلە (کوڕ یان کچ)



دیاریکردن و دروستبونی ڕەگەزی کۆرپەلە هەر لە سەرەتای پیتاندنی هێلکەوە، دەکرێت ڕەگەزەی کۆرپەلە دیاری بکرێت لەلایەن تۆی پیاو نەك هێلکەی ئافرەت، ئەگەر کرۆمۆسۆمی ژمارە ٢٣ کە توخمە کرۆمۆسۆمە Sex chromosome ـە ئەگەر هاتوو ئەم کرۆمۆسۆمەی تۆو بریتی بوو لە (Y کرۆمۆسۆم) ئەوا کۆرپەلە دەبێت بەکوڕ، بەڵام ئەگەر هاتوو (X کرۆمۆسۆم) بوو کۆرپەلە دەبێتە کچ.

## یاسا



**تەبەننی کردن**

چۆن منالێك لەخانەی دەوڵەت بە دەست دەهێنیت

بۆ هەردوو هاوسەر هەیە داواکارییەکی هاوبەش پێشکەش بە دادگای نەوجەوانان بکەن و، داوای منالێکی بێ دایك و باوك یان ڕەچەڵەك نادیار بکەن، ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە هاوسەرەکان هەبێت

١ - پێویستە هاوڵاتی عێراقی بن.


٢ - رابردوویان باش بێت.

٣ - لە رووی عەقڵەوە پێویستە پێگەیشتوو بن.

٤- نەخۆشیی گوێزراوەیان نەبێت.

٥- سەنەدی خانووی خۆی ئەگەر هەبوو، یان گرێبەستی بەکرێگرتنی خانووی هەبێت.

٦- توانای دارییان بۆ بەخێوکردنی منالەکە هەبێت.



## پەند و وتە

هیلاری هینتۆن ناسراو بە زیگ زیگلەر، نووسەری ناوداری ئەمریکی لە ساڵی ١٩٢٦ لە ویلایەتی ئەلاباما لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٠١٢ لە تێکساس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پارە و خۆشییەکانی دەڵێت: «هەموو خەڵك وا هەست دەکەن کە پارە دڵخۆشیان دەکات، ئەگەرچی وانییە، بەڵام هەموو دەیانەوێت تاقیکردنەوەکە بە چاوی خۆیان و لە ژیانیاندا ببینن.»



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو گیاندار هەن، یەکێکیان بێ زیانە و نەرمونیانە، ئەوەی دیکە گۆشت خۆرە و دڕندەیە، هەوڵ بدە هەردوو گیاندارەکە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بدۆزیتەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنیت و بەرپرسانی کارەکەت ئەرکێکی دیکەت پێ دەدەن، هەندێك لە ناکۆکییەکانی رابردو لە نێوانی خۆت و خۆشەویستەکەت دووبارە سەر هەڵدەداتەوە، هەربۆیە باشترە بە ئارامی رەفتار بکەیت، تا چارەسەر ببێت، بە هۆی پیشەکەتەوە پەستانێکی زۆرت لەسەرە، دەبێت پشووبدەیت.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

خواست و هیوایەکی زۆرت هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بڕیاری خێرا و بوێرانە بدەیت لە پێناو داهاتوت، خۆشەویستەکەت پێویستی بە پشتیوانیی تۆ هەیە و لەگەڵ تۆدا هەست بە ئارامی دەکات، باشترە هەوڵ بدەیت زاڵبیت بەسەر تووڕەیی و باری دەرونیی خۆتدا.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتێك تەرخان بکە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر کێشە و بابەتەکانی کارەکەت بکەیت لەگەڵ هاوپیشەکانت، هەمیشە سود لەو کاتانە وەربگرە کە لەگەڵ خۆشەویستەکەت دادەنیشیت، ئەو قۆناغە قورسەی پێیدا تێپەڕیویت کۆتایی دێت، هەرچەندە توڕەیی کەمێك زاڵە بەسەرتدا بەڵام کاریگەری خراپی نابێت بۆ تەندروستیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

پرۆژەی نوێت لە بەردەمدایە و دەبێت ئامادەبیت ڕووبەڕوو بیتەوە و، ببیتە کەسی یەکەم، لە رووی سۆزدارییەوە هەنگاوی نوێ دەنێیت و پەیوەندیت زۆرباش دەبێت، لە رووی تەندروستییەوە وا باشترە کەمێك زیاتر بایەخ بە خۆت بدەیت و کاتی خەو رێك بخەیتەوە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

وا هەست دەکەیت پێویست بە مۆڵەت هەیە و پێویستە پشوویەکی باش بدەیت و هەنگاوی نوێ بنێیت، دانیشتن لەگەڵ خۆشەویستەکەت و گفتوگۆیەکی ئارام بۆ دەربڕینی بۆچونەکانتان، هەنگاوێکی دروستە، بۆ ئەوەی لەلایەنی دەروونییەوە ئارام بیتەوە، هەوڵ بدە خۆت لە کەسانی نەرێنی بەدوو ربگرە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەهۆی هێز و تواناکانی خۆتەوە، بەرپرسیارییەتییەکی نوێت پێ دەسپێردرێت و هەنگاوی نوێ دەنێیت لە کارەکەت، کەشێکی رۆمانسی بەسەردەبەیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت و ئاسوودە دەبیت، کەمێك پێویستە پشوو بدەیت، چونکە تەندروستیی دەرون و جەستە باش نییە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan July 4, 2022 Issue,No.1323


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626